IOM
UN MIGRATION

# مافەکانی خانوو، زەوی و موڵکداری لە عێراق دا

## هەڵسەنگاندنی بەرەوپێشچوونی گەیشتن بە چارەسەرە هەمیشەییەکان و هاوتەریب لەگەڵ بنەماکانی گێڕانەوەی مافەکان



## دەربارەی ڕێکخراوی نێودەوڵەتی کۆچ (IOM)

ڕێکخراوی نێودەوڵەتی کۆچ (IOM) پابەندە بە بنەمای کۆچکردنێکی مرۆڤانە و ڕێکخراو کە سوودی بۆ کۆچبەران و کۆمەڵگە هەیە. وەک ڕێکخراوێکی حکومی نێودەڵەتی، ڕێکخراوی نێودەوڵەتی کۆچ لەگەڵ هاوبەشانی لە کۆمەڵگەی نێودەوڵەتی کار بۆ: یارمەتیدانی چارەسەرکردنی ئاڵنگارییەکانی کۆچکردن، باشتر تێگەیشتنی گیروگرفتەکانی کۆچبەری، هاندانی گەشەسەندنی کۆمەڵایەتی و ئابوری لەڕێگەی کۆچبەریەوە و پاراستنی شکۆی مرۆڤ و خۆشگوزەرانی کۆچبەران دەکات.

ئەو دید و بۆچوونانەی لەم ڕاپۆرتەدا دەربڕدراوە تەنیا بۆ خودی نووسەرەکان دەگەڕێتەوە و لەبنەڕەتدا ڕەنگدانەوەی ڕێکخراوی نێودەوڵەتی کۆچ نین. زانیارییەکانی ناو ئەم ڕاپۆرتە، تەنها مەبەست لێی زانیاری گشتین. ئەو ناو و سنوورانەی کە لە ناو پەڕاوی تۆماری بەدواداچوون ئاوارەکان دایە بە واتای پەسندکردن یان ڕەزامەندبوون لە لایەن ڕێکخراوی نێودەوڵەتی کۆچ نایەن. تا بۆی بکرێت ڕێکخراوی (IOM) هەوڵدەدات کە زانیارییەکان ڕاست و دروست بن، بەڵام هیچ بانگەشەیەکیش نە بە دەربڕین نە بە واگەیاندن ناکات کە ئەو زانیاریانەی لەم ڕاپۆرتەدا بەردەستن تەواو و دروست و گونجاون.

وێنەکان: ئارام حەکیم- IOM عێراق

©٢٠٢١ڕێکخراوی نێودەوڵەتی کۆچ (IOM) لە عێراق

هەموو مافێک پارێزراوە. نابێت هیچ بەشێکی ئەم بڵاوکراوەیە دووبارە بەرهەمبهێنرێتەوە، لە نێو سیستەمێکی گەڕاندنەوەدا هەڵبگیرێت، یان بگوازرێتەوە بەهەرجۆرێک یان ڕێگە و هۆکارێکی ئەلیکترۆنی، میکانیکی، چاپکردن و تۆمارکردن،  بەبێ مۆڵەتپێدانی بەنووسراوی پێشوەختەی لایەنی بڵاوکەرەوە.

# پێرست


**پێشەکی** **٤**

چاودێری خانووبەرە، زەوی و موڵکداری بۆ چارەسەری هەمیشەیی: چوارچێوەی لیژنەی هەمیشەیی سەر بە ڕێکخراوەکانی نەتەوەیەکگرتووەکان(IASC) و بنەماکانی پینهێیرو ٤

دەرهاوێشتە و ئامانجەکانی توێژینەوە ٥

**ڕێبازی ڕاپۆرت (میتۆد)** **٧**

سەرچاوەی داتای سەرەکی ٧

بەشی دیارخەرەکان ٧

سنووردارکردنەکان ٨

**مێژووی خانووبەرە و زەوی و موڵکداری بەدرێژایی ماوەی جەنگ لە عێراق** **٩**

**هەڵسەنگاندنی بەرەوپێشچوونەکانی خانووبەرە، زەوی و مۆڵکداری و کەلێنەکان لە عێراق** **١٢**

پرەنسیپی پینهێیرۆ ١: مافی جیاکاری نەکردن ١٢

پرەنسیپی پینهێیرۆ ٢: مافی یەکسانی نێوان پیاو و ئافرەتان ١٢

پرەنسیپی پینهێیرۆ ٣:مافی پارێزگاریکردن لە ئاوارەبوون (بە ئاوارەبوونی لاوەکیشەوە) ١٣

خانوو پێچۆڵکردن و داخستنی کەمپەکان ١٥

پرەنسیپی پینهێیرۆ ٤: مافی تایبەتمەندی و ڕێزگرتن لە ماڵ ١٦

پرەنسیپی پینێیرۆ ٥: مافی چێژ وەرگرتنی ئاشتییانە لە موڵکی کەسی ١٧

پرەنسیپی ٦: مافی هەبوونی شوێنی نیشتەجێبوونی گونجاو ١٨

پڕەنسیپی پینهیرۆ ٧: مافی ئازادی هاتووچۆکردن ٢٥

پڕەنسیپی پینهێرۆ ٨: مافی گەڕانەوەی ئارەزوومەندانە بە سەلامەتی و کەرامەتەوە ٢٩

یەکەم پرەنسیپی زیادکراو: مافی تۆمار و بەڵگەنامەی خانووبەرە، زەوی و مۆڵکداری ٣١

دووەم ڕێسای زیادکراو: مافی دەستەبەری قەرەبووکردنەوە و گێڕانەوەی موڵک ٣٣

**کۆتایی** **٣٥**

پوختە: تا چ ڕادەیەک مافەکانی HLP خانوو، زەوی و موڵکداری ئاواران و گەڕاوەکان لە عێراق دەستەبەر کراوە؟ ٣٥

کۆتا وتە ٣٦

**پاشکۆی ١: ماتریکسی دەرخەری پرەنسیپەکانی پینهێرۆی تایبەت بە مافەکانی خانوو، زەوی و موڵکداری** **٣٧**

## پێشەکی

لە شەستەکانی سەدەی ڕابردووەوە، ئاڵنگارییەکانی خانووبەرە، زەوی و موڵکداری (HLP) کە ڕووبەڕووی خەڵکی عێراق دەبێتەوە بە درێژایی شەپۆلە جیاوازەکانی ململانێ و ئاوارەبوونەکانی پەیوەست پێیانەوە لە سەرانسەری وڵاتدا جیاواز بووە. کێشە بەردەوامەکانی خانووبەرە، زەوی و موڵکداری لە وڵات دا، دەگەڕێتەوە بۆ زیادبوونی بەرچاوی کەمیی خانووبەرە کە لە دوو دەیەی ململانێ لەگەڵ ئێران (١٩٨٠-١٩٨٨) و هەروەها جەنگی کەنداو لەگەڵ کوێت (١٩٩٠-٢٠٠٣) ڕوویدا.

ئەم کێشانە بەهاتنی (داعش) خراپتربوون[1] بەهۆی ئەوەی ڕووخاندن و و دزی و بە تاڵانبردن و دەستبەسەرداگرتنی نایاسایی ماڵ و موڵکی هاوڵاتیان یەکێك بوو لە ستراتیژیەتە سەرەکییەکانی داعش بۆ داگیرکردنی ناوچەکانی باکور و ناوەڕاستی عێراق. ئەم کێشانە بارگرانییەکی زۆری بەسەر ٦ ملیۆن هاوڵاتی، کە دەکاتە ١٦٪ی دانیشتووانی عێراق کە لە ماوەی جەنگی داعش لە ماوەی نێوان کانوونی دووەمی ٢٠١٤ تا کانوونی یەکەمی ٢٠١٧ ئاوارەبوون، دروستکرد.[2]

لەساڵی ٢٠٢١ کە دەکاتە چوارەم ساڵ دوای ئەوەی حکومەتی عێراق شکستپێهێنان و لەناوبردنی داعشی ڕاگەیاند،ق[3] تا ئێستا ئەو کۆمەڵگەیانەی کە بە هۆی ئاوارەبوونەوە زیانیان بەرکەوتووە بەردەوامن لە ڕووبەڕووبوونەوەی ئاڵنگاری گەورە کە پەیوەندییان بە وێرانکردنی بەربڵاوی خانووبەرەی پێش ئاوارەبوون و ئاڵنگاری دەستگەیشتن بە قەرەبووکردنەوە بۆ دووبارە ئاوەدانکردنەوە جێگیرکردنی خەڵکی لە شوێنی خراپ، ئەمە جگە لە ئاستەنگەکانی پەیوەست بە لەدەستچوون و لەناوبردنی بەڵگەنامەی موڵکداری ئەو هاوڵاتیانە کە خاوەندارێتی ئەم موڵکانە دەسەلمێنن. کاریگەرییە بەردەوامەکانی کێشەکانی خانووبەرە، زەوی و موڵکداری بوونەتە بەربەست بۆ دۆزینەوەی چارەسەری بەردەوام بۆ کۆمەڵگە ئاوارەکان لە سەرتاپای وڵات، لەوانە ١.٢ ملیۆن ئاوارە، ٤.٨ گەڕاوە و، هەروەها ئەو کۆمەڵگایانەی ئەم گرووپانە تێیاندا نیشتەجێبوون.[٤، ٥]

### چاودێری خانووبەرە، زەوی و موڵکداری بۆ چارەسەری هەمیشەیی: چوارچێوەی لیژنەی هەمیشەیی سەر بە ڕێکخراوەکانی نەتەوەیەکگرتووەکان(IASC) و بنەماکانی پینهێیرو

سەرچاوەی سەرەکی ڕێنوێنیکردنی ستراتیژی پەرەپێدان و چاودێریکردن لە شوێنی ئاوارەبوون دا، بریتییە لە چوارچێوەی لیژنەی هەمیشەیی سەر بە ڕێکخراوەکانی نەتەوەیەکگرتووەکان وە چوارچێوەیەک بۆ ئاوارە ناوخۆییەکان (چوارچێوەکە).ن[6]. ويرتكز هذا الإطار على ثمانية معايير لتحديد مدى تحقيق حل دائم، يتعلق أحدها بإعادة المساكن والأراضي والممتلكات.[7]

چوارچێوەی لیژنەی هەمیشەیی سەر بە ڕێکخراوەکانی نەتەوەیەکگرتووەکان و بنەماکانی پینهێرۆ نەتەوە یەکگرتووەکان لەسەر خانووبەرە، زەوی و موڵکداری بۆ پەنابەران و ئاوارەکان (پرەنسیپەکانی پینهێرۆ) وەك ئامرازی سەرەکی دەستنیشانکراون بۆ پشتگیریکردن لە چاودێری خانووبەرە وەك ستوونێکی چارەسەری هەمیشەیی.[٨،٩] ئەم چوارچێوەیە جەخت لە مافە تایبەتەکانی کۆمەڵگە زیانمەندەکانی ئاوارەبوون دەکاتەوە پەیوەست بە مەسەلەی خانووبەرە و موڵکداری لە نێو هەشت

١ ڕێکخراوی نێودەوڵەتی کۆچ لە عێراق و هیجرە ئامینە (٢٠١٥). هەڵسەنگاندنێکی سەرەتایی مافەکانی دەرکراوی خانووبەرە، زەوی و مۆڵکداری کە بە هۆی قەیرانەکانی ئاوارەبوونی هەنووکەیی لە عێراق دروست بوون. بڕوانە: https://www.iom.int/sites/default/files/our_work/DOE/LPR/A-Preliminary-Assessment-of-Housing-Land-and-Property-Right-Issues-Caused-by-the-Current-Displacement-Crisis-in-Iraq.pdf

٢ ڕێکخراوی نێودەوڵەتی کۆچ -عێراق (٢٠٢١). دووبارە سەردانیکردنەوەی جۆرەکانی بەربەستەکانی گەڕانەوە. بڕوانە: https://iraq.iom.int/publications/protracted-displacement-iraq-revisiting-categories-return-barriers

٣ حکومەتی عێراق شکستپێهێنانی داعشی لە کانونی یەکەمی ٢٠١٧ ڕاگەیاند.

٤ چارەسەری هەمیشەیی ئەو کاتە دێتە دی کە ئاوارە ناوخۆییەکان چیتر پێویستییان بە هاریکاری و پاراستنی تایبەت نییە کە پەیوەنددارن بە ئاوارەبوونییانەوە و ئەو کەسانە دەتوانن پراکتیزەی مافەکانی مرۆڤی خۆیان بکەن بەبێ جیاکاری کە بەهۆی ئاوارەبوونەوە ڕووبەڕوویان دەبێتەوە. جۆرەکانی چارەسەری هەمیشەیی دەشێت ئەمانە لە خۆ بگرن: دووبارە تێکەڵبوونەوە بۆ ناو کۆمەڵگا بەشێوەی هەمیشەیی لە شوێنی زێدیان، تێکەڵبوونی ناوخۆیی لەو شوێنانەی کەوا ئاوارەکان تێیاندا گیرساونەتەوە، یانیش تێکەڵبوون لە شوێنێکی تری نیشتەجێبوونی وڵات دا. بگەڕێنەوە بۆ : چوارچێوەی لیژنەی هەمیشەیی سەر بە ڕێکخراوەکانی نەتەوەیەکگرتووەکان و پەیمانگای برۆکینگس (٢٠١٠). چوارچێوەی لیژنەی هەمیشەیی سەر بە ڕێکخراوەکانی نەتەوەیەکگرتووەکان بۆ چارەسەری هەمیشەیی بۆ کۆمەڵگەی ئاوارەی نێوخۆیی. بڕوانە: https://www.brookings.edu/research/iasc-framework-on-durable-solutions-for-internally-displaced-persons

٥ تێکڕای ٦,٠٦٥,٩٩٠ئاوارەی ناوخۆیی بەهۆی شەڕی داعش لەماوەی نێوان ٢٠١٤ بۆ ٢٠١٧ ئاوارەبوون. لەناو ئەم ژمارەیەشدا٤,٨٦٧,٠٥٠ کەس گەڕاونەتەوە و ١,١٩٨,٩٤٠کەسیش تا ئێستا لە ئاوارەییدا دەژین. بگەڕێنەوە بۆ: ڕێکخراوی نێودەوڵەتی کۆچ -عێراق (٢٠٢١) داتاسێتی لیستی سەرەکی (١٢١-١):http://iraqdtm.iom.int/MasterList#Datasets

٦ چوارچێوەی لیژنەی هەمیشەیی سەر بە ڕێکخراوەکانی نەتەوەیەکگرتووەکان و پەیمانگای برۆکینگس (٢٠١٠). چوارچێوەی لیژنەی هەمیشەیی سەر بە ڕێکخراوەکانی نەتەوەیەکگرتووەکان بۆ چارەسەری هەمیشەیی بۆ کۆمەڵگەی ئاوارەناوخۆییەکان. بڕوانە: https://www.brookings.edu/research/iasc-framework-on-durable-solutions-for-internally-displaced-persons

٧ حەوت پێوانەکەی تر بریتین لە: سەلامەتی و ئاسایش، ستانداردی گونجاو بۆ ژیان، دەستگەیشتن بە گوزەران، دەستگەیشتن بەڵگەنامە، بەیەکگەیشتنی خێزان، بەشدار بوون لە کاروباری گشتی، دەستگەیشتن بە چارەسەری کاریگەر و دادوەری.

٨ هاوتەریب لەگەڵ یاسا و پراکتیکی نێودەوڵەتی سەدەی بیست و یەکەم، پسپۆڕانی بوارەکانی خانووبەرە، زەوی و موڵکداری و چارەسەرە هەمیشەییەکان بنەماکانیان وەک ئامرازێکی سیاسەت بۆ ئاگادارکردنەوەی چاودێریکردن و دەستێوەردانەکان، داڕشت.

٩ بنەماکانی پینهێرۆ فراوانتر دەکرێن، و نیشاندەری چاودێریکردنی چەندایەتی خانووبەرە، زەوی و موڵکداری پێشنیار دەکرێن، لە نامیلکەیەک کە لەلایەن ڕێکخراوەکانی نەتەوە یەکگرتووەکان و ناوەندی چاودێریکردنی ئاوارەیی ناوخۆیی (IDMC) داڕێژراوە. ئاماژە بە ڕێکخراوەکانی: FAO، IDMC، OCHA، UNHCR، OHCHR (٢٠٠٧). نامیلکە و ڕێبەرینامەی - خانووبەرە و گەڕاندنەوەی موڵکداری بۆ پەنابەران و ئاوارەکان: جێبەجێکردنی بنەماکانی پینهێیرۆ. بڕوانە: https://www.ohchr.org/Documents/Publications/pinheiro_principles.pdf

پێوانە ژمێردراوەکان دا. پرەنسیپەکانی پینهیێرۆ بریتیین لە:[10]

- پرەنسیپی ١: مافی جیاکاری نەکردن
- پرەنسیپی ٢: مافی یەکسانی نێوان پیاو و ئافرەتان
- پرەنسیپی ٣:مافی پارێزگاری لێکردن لە ئاوارەبوون
- پرەنسیپی ٤: مافی تایبەتمەندی و رێزگرتن لە ماڵ
- پرەنسیپی ٥: مافی چێژ وەرگرتن لە موڵکی کەسی
- پرەنسیپی ٦: مافی بوونی خانووی تەواو
- پرەنسیپی ٧: مافی ئازادی هاتووچۆ
- پرەنسیپی ٨: مافی قەرەبووکردنەوە و گێڕانەوە

جگە لەم ٩ پرەنسیپە، ٢ پرەنسیپی تریش لەم راپۆرتەدا باسکراون بە گوێرەی هەبوونی پەیوەندی بە بارودۆخی عێراق و بەردەست بوونی داتا کە دەتوانرێت کۆ بکرێتەوە بۆ تێگەیشتن لەوەی تا چ رادەیەک ئەم مافانە بەدیهێنراون. دوو پرەنسیپەکەی تر بەم شێوەیەی خوارەوەن:

- پرەنسیپی ١: مافی تۆمار و بەڵگەنامەی موڵکداری.
- پرەنسیپی ٢: مافی قەرەبووکردنەوە و نۆژەنکردنەوەی موڵکی زیانلێکەوتوو.

١٠ پرەنسیپەکە، چوارچێوەیەکی چەمکیی دادەنێت بۆ چاودێریکردنی بەرەو پێشچوون و، کەلێنەکان و ئەو بوارانەی کە دەکرێت گەشیان پێبدرێت بۆ دەستەبەرکردنی مافەکانی خانووبەرە، زەوی و موڵکداری لە نێو ئاوارە و گەڕاوەکان، هەروەها وەك پێکهاتەیەکی سەرەکین بۆ بەدەستهێنانی چارەسەری هەمیشەیی بۆ هەموو ئەوانەی کەوتوونەتە ژێر کاریگەری ئاوارەبوونەوە. لەگەڵ ئەوەی مەبەست لە پرەنسیپەکانی پینهیێرۆ ئەوە بووە، کە چەند ستانداردێکی خانووبەرە، زەوی و موڵکداری دابنێن کە لەگەڵ یاسای نێودەوڵەتی مافی مرۆڤ یەك بگرێتەوە، پێویستە بە شێوەیەك لێکبدرێتەوە کە بەپێی بار و دۆخ بێت و بەپێی گۆڕانکاری و ئاڵۆزییەکان بێت لەسەر ئاستی وڵات.[11] ئامانج لەم راپۆرتە لێکدانەوەی ٨ پرەنسیپەکانی پینهیێرۆ و لەگەڵ دوو پرەنسیپە زیادکراوەکانی ترە بەپێی بارودۆخی عێراق، بەو شێوەی لە تێهاوێشتەکانی شارەزایانی خانووبەرە، زەوی و موڵکداری و و چارەسەری هەمیشەیی دا هاتووە کە لە وەڵامدانەوەی قەیرانەکانی وڵات کار دەکەن.

## دەرهاوێشتە و ئامانجەکانی توێژینەوە

لەو کاتەوە کە قەیرانی ئاوارەبوون دەستی پێکردووە، لە سەرەتای شەڕی داعش لە ساڵی ٢٠١٤ ، داتایەکی زۆری پەیوەندیدار بە خانووبەرە، زەوی و موڵکداری لەو ناوچانەی ئاوارە ناوخۆییەکان و گەڕاوەکان تێیدا دەژین، کۆکراوەتەوە. ئەم راپۆرتە، ئەم داتایە لە دەوری چەند نیشاندەرێکی چەندایەتی، کۆ دەکاتەوە لەژێر هەر یەکێك لە ١٠ پرەنسیپە پێوانەکراوەکان بۆ جەخت کردنەوە لەسەر مافەکانی خانووبەرە، زەوی و موڵکداری بۆ ئاوارە ناوخۆییەکان و گەڕاوەکان. دوو دەرهاوێشتە کە کورتەی دەرەنجامەکانی پرۆژەی ئەم ترۆیژینەوەیە، بەم شێوەی خوارەوە دەخاتەڕوو

**دەرهاوێشتەی ١: خستنەڕوو و شیکارییەکی تێروتەسەلی خانووبەرە، زەوی و موڵکداری:**

ئامانجی ئەم دەرهاوێشتەیە بریتییە لە دابینکردنی بنەمایەکی پشت ئەستوور بە بەڵگە و داتایەی سەبارەت بە ڕەوشی هەنووکەیی خانووبەرە، زەوی و موڵکداری بۆ تێکڕای کەیسی ئاوارە ناوخۆییەکان و گەڕاوەکان بەپێی پرەنسیپەکانی پینهیێرۆ و دوو پرەنسیپەکانی تر. ئەمەش بۆ دانانی بناغەیەکە بۆ ستراتیژی پەرەپێدان و چاودێری کردنی خانووبەرە، زەوی و موڵکداری و چارەسەری هەمیشەیی.

**کۆکراوەی پەڕاوی زانیاری لەسەر ئاستی ١٨ قەزا:**

ئەم دەرهاوێشتەیە کە لە نزیکەی مانگی تشرینی یەکەمی ٢٠٢١ دەردەکرێت، ئامانجی بریتییە لە پێشکەشکردنی وێنەیەك لە بەرەوپێشچوونەکان لە بەجێگەیاندنی ١٠ پرەنسیپەکانی خانووبەرە، زەوی و موڵکداری لەو١٥ قەزا سەرەکییانەی کە زۆرترین گەڕانەوەیان بۆ ئەنجام دەدرێت و سێ قەزای تری گەڕانەوەش، کە چەقی بەرنامەسازی ناوچەیین کە لەلایەن گرووپی کاری تەکنیکی چارەسەری هەمیشەیی بۆ عێراق (DSTWG)، هەماهەنگی کراوە.

## داڕشتە – دەرهاوێشتەی ١: خستنەڕوو و شیکاری تێروتەسەلی خانووبەرە، زەوی و موڵکداری

بەشی یەکەم بەم شێوەیەی خوارەوە داڕێژراوە:

- یەکەم، پوختەیەك لە ڕێبازی ڕاپۆرت (میتۆد) دانراوە کە سەرچاوەی داتای دووانەیی گرنگ و بەهەمان شێوەش هۆکاری دەستنیشانکردنی نیشاندەرەکان لەژێر هەریەکێك لە پرەنسیپەکانی پینهێرۆ و دوو پرەنسیپهکانی تر، دیاری دەکات. ئەم بەشە هەروەها کورتەیەك لە سنوورداریەکانی راپۆرتەکە دەخاتەڕوو.

١٠ سەرنج بدەن کە لە نامیلکە و ڕێبەرینامەیەدا بە گشتی ٢٣ بنەما هاتووە، کە لە هەشت جۆردا ڕیزکراون: ١) مەودا و بەکارهێنان، ٢) مافی خانووبەرە و قەرەبووکردنەوەی موڵک و ماڵ، ٣) بنەما سەرەکییەکان، ٤) مافی گەڕانەوەی ئارەزوومەندانە بە سەلامەتی وٚ بە کەرامەت، ٥) میکانیزمەکانی جێبەجێکردنی یاسایی، سیاسەت، ڕێکار و دامەزراوەیی، ٦) ڕۆڵی کۆمەڵگەی نێودەوڵەتی، لەوانەش ڕێکخراوە نێودەوڵەتییەکان، و ٧) لێکدانەوە. هەشت بنەما سەرەکییەکە کە بنەمای چوارچێوەی شیکاریی ئەم ڕاپۆرتەن، لە بنەما سەرەکییەکان (بنەماکانی ٣-٩ی نامیلکەکە) و هەروەها مافی گەڕانەوەی ئارەزوومەندانە بە سەلامەتی و بە کەرامەت (بنەمای ١٠ لە نامیلکەکە) وەرگیراون.


١١ کۆمیساری نەتەوە یەکگرتووەکان بۆ مافی مرۆڤ، بەشداری لە پەرەپێدانی نامیلکەکەدا کردووە بۆ جێبەجێکردنی بنەماکانی پینهیێرۆ لە چوارچێوەی یاسای نێودەوڵەتی مافی مرۆڤ کە پەیوەندی بە مافی خانووبەرە و پرسە پەیوەندیدارەکانەوە هەیە، لەسەر بنەمای خستنەڕووی مافی خانووبەرەی ماقول لە جاڕنامەی جیهانی مافی مرۆڤ ساڵی ١٩٤٨ و دانپێدانان لە کۆمەڵێک ئامرازی یاسای نێودەوڵەتی مافی مرۆڤدا وەک پێکهاتەیەک لە مافی ستاندەرێکی گونجاوی ژیان.

- دووەم، پوختەیەکی کورت لەسەر مێژووی خانووبەرە، زەوی و موڵکداری بە درێژایی قۆناغە جیاوازەکانی ئاڵۆزییەکان و ئاوارەبوون، خراوەتەڕوو. ئەم ڕاپۆرتە پشت دەبەستێت بە زنجیرەیەك لە داتای نیشتمانی لەسەر خانووبەرە کە لەلایەن حکومەتی فیدراڵی و ئۆفیسەکانی پارێزگاکان کۆکراونەتەوە لەگەڵ ئەو زانیارییانەی پەیوەندی بە ڕادەی وێرانکاری و دەستبەسەرداگرتنی خانووی هاوڵاتیان هەیە لە سەرتاپای وولات، بەو پێیەی کە ئاوارەبوون بە هۆی لێکەوتەکانی شەڕی داعشەوە دروست بووە کە لە کانوونی دووەمی ٢٠١٤ەوە، دەستیپێکرد.

- سێیەم، پۆختەیەکی گشتی و شیکاری لەسەر بەرەوپێشچوون و کەلێنەکان لە بارودۆخی خانووبەرە، زەوی و موڵکداری لەنێو ئاوارە ناوخۆییەکان و گەڕاوەکان لە ئێستادا. ووردەکارییەکانی ئەو ڕێگایەی لەم ڕاپۆرتەدا گیراوەتە بەر بۆ هەڵسەنگاندنی بەرەوپێشچوون و کەلێنەکانی دۆخی خانووبەرە، زەوی و موڵکداری و بۆ هەردوو ئاوارە ناوخۆییەکان و گەڕاوەکان، بەو شێوەیەی لەهێڵکاری ١ پیشاندراوە.

- چوارەم و کۆتایی: کۆتایی ڕاپۆرتەکە باس لەو کێشانەی خانووبەرە، زەوی و موڵکداری دەکات کە بە درێژایی ڕاپۆرتەکە خراونەتە بەرباس.

هێڵکاری ١: ڕێگایەك بۆ هەڵسەنگاندنی بەرەوپێشچوون وەك کۆڵەگەی چارەسەری هەمیشەیی لە عێراق



# ڕێبازی ڕاپۆرت (میتۆد)

ئەم ڕاپۆرتە پێداچوونەوەیەکی لاوەکی گشتگیری لە داتاکانی پەیوەست بە خانووبەرە، زەوی و موڵکداری، بەکاربردووە. هەموو ئەو زانیاریانەی لەم ڕاپۆرتەدا خراونەتەڕوو بە بەکارهێنانی تەکنیکە چەندایەتییەکان کۆکراونەتەوە..

## سەرچاوەی داتای سەرەکی

داتای سەرەکی کە لەژێر هەر پرەنسیپێك هاتووە لەم سەرچاوانەی خوارەوە، وەرگیراون. گرتە لەسەر لینکەکان بکە بۆ دەستگەیشتن بە هەموو بەرهەمەکان و تێبینییەکانی شێوازی کارکردن بۆ هەر چالاکیەکی توێژینەوەکە. سەیری پاشکۆی ١ بکە بۆ پوختەیەکی تەواو لەسەر ئەو نیشاندەرانەی بەکارهاتوون بۆ پێوانە کردنی ئەو ڕادەیەی کە هەر یەک لە بنەماکانی خانووبەرە، زەوی و موڵکداری، بەدیهێنراوە.

- لیستی سەرەکی (خولەکانی ١-١٢١ تاکو نیسانی ٢٠٢١)[١٢]ی تۆماری بەدواداچوونی ئاوارەبوون عێراقی تایبەت بە ڕێکخراوی نێودەوڵەتی کۆچ.
- لیستی سەرەکی تۆماری بەدواداچوونی ئاوارەبوون عێراق-ڕێکخراوی نێودەوڵەتی کۆچ (١-١٢، تاکو نیسانی ٢٠٢١).[١٣]
- هەڵسەنگاندنی شوێنی یەکخراوی تۆماری بەدواداچوونی ئاوارەبوون ڕێکخراوی نێودەوڵەتی کۆچ -عێراق.[١٤]
- توێژینەوەی ئاوارەبوونی شارنشینی تۆماری بەدواداچوونی ئاوارەبوون ڕێکخراوی نێودەوڵەتی کۆچ - عێراق (ئابی ٢٠٢٠).[١٥]
- توێژینەوەی پانێلی چارەسەری هەمیشەیی ڕێکخراوی نێودەوڵەتی کۆچ-عێراق (خولی ١-٥ تاکو کانونی دووەمی ٢٠٢٠).[١٦]
- دامەزراوەی (REACH)/ هەڵسەنگاندنی پێداویستییەکانی فرەدەستەیی گرووپی کارکردن (خولی ٨، تەمووز-ئابی ٢٠٢٠).[١٧]
- گەیشتن بە بەڵگەنامەی مەدەنی و هەڵسەنگاندنی پێداویستییەکانی خانوو، زەوی و مۆڵکداری (کانوونی دووەمی ٢٠٢٠).[١٨]

## بەشی دیارخەرەکان

پێویستە سەرەنجی ئەوەش بدرێت کەوا پرەنسیپەکانی پینهیێرۆ بەتایبەتی بۆ باسی ئاوارە ناوخۆییەکان داهێنراون. بەڵام بەهۆی ئەو ئاستەنگە زۆر و جیاوازانەی تووشی گەڕاوە عێراقییەکان دەبن لە بابەتی خانووبەرە، زەوی و موڵکداری کە بەردەوامە لە ڕێگریکردن لە توانایان بۆ بەدەستهێنانی چارەسەری هەمیشەیی دوای گەڕانەوەیان بۆ سەر ماڵ و حاڵیان، پرەنسیپەکان بەپێی هەردوو کۆمەڵەی دانیشتوانی گەڕاوە و ئاوارە ناوخۆییەکان لێکدانەوەی بۆ کراوە لەسەر ئاستی وڵات دا.

هۆکاری هەڵبژاردنی ئەو دیارخەرانەی لەم ڕاپۆرتەدا خراونەتەڕوو بەم شێوەی خوارەوەیە: لەژێر هەر پرەنسیپێك، دیارخەری چەندایەتی لە چەند داتاسێتێکی بەردەست پێشکەش کراون کە ئەمەش وا دەکات ڕاددەی بەدیهێنانی پرەنسیپەکان لە سەر بنەمای ماف کە بۆ هەردوو ئاوارە ناوخۆییەکان و گەڕاوەکان بەدەستهاتووە، دیاری بکرێت. بۆ ئەوەی زیاتر تێگەیشتن هەبێت لەسەر ئەوەی چۆن کێشەکانی خانووبەرە، زەوی و موڵکداری جیاوازن لەنێوان گرووپی دانیشتوانی ئاوارە ناوخۆییەکان و گەڕاوەکان چارەسەر بکرێت، لەو شوێنەی کە بکرێت "جووت"ی دیارخەری لەژێر هەر پرەنسیپێك دانراون. ئەم جووتانە لەو حاڵەتانەدا جێگیرکراون کە داتای پەیوەست بە دیارخەرێکی هاوبەش لە نێوان هەردوو گروپی دانیشتوانی ئاوارەی ناوخۆیی و گەڕاوەکان کۆکراونەتەوە، وەک بەشێک لە پرۆسەی کۆکردنەوەی زانیارییەکانی هەمان دەزگا. بۆ نموونە، لە ژێر پرەنسیپی "مافی پاراستن لە ئاوارەبوون لەوانەش ئاوارەبوونی لاوەکی"، داتا بۆ ئەم نیشاندەرانەی خوارەوە وەک بەشێک لە هەڵسەنگاندنی شوێنی یەکخراوی (ILA) ٥ی ڕێکخراوی نێودەوڵەتی کۆچ لە ساڵی ٢٠٢٠، کۆکراوتەوە:

١٢ المنظمة الدولية للهجرة في العراق (٢٠١٥-٢٠٢١). مجموعة بيانات القائمة الرئيسية لمصفوفة تتبع النزوح (١-١٢١). أنظر: http://iraqdtm.iom.int/MasterList

١٣ داتاسێتی پێوەری گەڕانەوەی تۆماری بەدواداچوونی ئاوارەبوون (١-١٢). ڕێکخراوی نێودەوڵەتی کۆچ عێراق (٢٠١٨-٢٠٢١). بڕوانە: http://iraqdtm.iom.int/ReturnIndex#Datasets

١٤ ڕێکخراوی نێودەوڵەتی کۆچ- عێراق (هەڵسەنگاندنی شوێنی یەکخراوی تۆماری بەدواداچوونی (٥). بڕوانە: http://iraqdtm.iom.int/ILA5

١٥ ڕێکخراوی نێودەوڵەتی کۆچ - عێراق. ئاوارەیی شارنشینی تۆماری بەدواداچوونی ئاوارەبوون لە عێراق: پوختە. بڕوانە: http://iraqdtm.iom.int/DurableSolutions/ProtractedDisplacement

١٦ ڕێکخراوی نێودەوڵەتی کۆچ - عێراق (٢٠٢٠). توێژینەوەی پانێلی چارەسەری هەمیشەیی (١-٥). بڕوانە: https://iraq.iom.int/publications/access-durable-solutions-among-idps-iraq-five-years-displacement

١٧ دامەزراوەی (REACH) و گرووپی کاری هەڵسەنگاندن (٢٠٢٠). هەڵسەنگاندنی پێداویستییەکانی فرە دەستەیی (٨). بڕوانە: https://www.reachresourcecentre.info/country/iraq/cycle/28380/#cycle-28380

١٨ دامەزراوەی (REACH) ٢٠٢٠. بەڵگەنامەی مەدەنی و هەڵسەنگاندنی پێداویستییەکانی خانوو، زەوی و مۆڵکداری بۆ ئاوارە ناوخۆییەکان و گەڕاوەکان. بڕوانە: https://www.reachresourcecentre.info/country/iraq/cycle/28380/#cycle-28380

- ڕێژەی سەدی ئەو خێزانانەی ئاوارەی ناوخۆیی کە لەو شوێنانەدا دەژین کە کەیسی داگیرکردنی شوێنی نیشتەجێبوونی تایبەتی خەڵکی بە بێ ڕەزامەندی بوونی هەیە.
- ڕێژەی سەدی ئەو خێزانە گەڕاوانەی کە لەو شوێنانەدا دەژین کە کەیسی داگیرکردنی شوێنی نیشتەجێبوونی تایبەتی خەڵکی بە بێ ڕەزامەندی بوونی هەیە.

جگە لە دەرەنجامە گشتییەکانی هەر یەك لەو دەرخەرانە لە ژێر هەر پرەنسیپێ پێشکەش کراون، لەو شوێنانەی کە کراوە داتایەکە بەشێوەی هێڵکاری، یان خشتە، یان نەخشە نیشاندراوە بۆ جەختکردنەوە لەسەر ئەو شوێنانەی کە گرنگن هەروەها بەراوردکردنی جیاوازییەکان لەنێو پارێزگاکان و گروپەکانی دانیشتوان.

## سنووردارکردنەکان


سنووردارکردنی ئەم ڕاپۆرتە پەیوەندی بە ناکۆکی و نەگونجاوییەکانەوە هەیە لە شێوازی کۆکردنەوەی زانیارییە پێشکەشکراوەکان، بەهۆی ئەو شێوازە کارکردن و ڕێبازە جیاوازانەی کە لە تەواوی هەڵسەنگاندنەکاندا بەکارهێنراون. جیاوازییەکان پەیوەندییان بە گۆڕانکارییەکانی شێوازی کارکردن و ڕێبازەکانی ڕاپرسییەوە هەیە، لەوانەش دەستەواژەی دیارخەرەکان و پرسیارە پەیوەندیدارەکان، هەروەها جۆرەکانی داتا بەرهەم هێنراوەکان لەسەر بنەمای دیزاینی ئامرازەکان و ستراتیژییەکانی نمونەگرتن کە بەکارهێنراون: شوێن و ئاستی خێزان، ئاماژەی چەندایەتی، و نوێنەری چەندایەتی.

# مێژووی خانووبەرە و زەوی و موڵکداری بەدرێژایی ماوەی جەنگ لە عێراق[19]

مێژووی خانووبەرە و زەوی و موڵکداری بەدرێژایی ماوەی جەنگ لە عێراق:

- ١٩٦٨-١٩٨٠ (ماوەی بەر لە جەنگ): ئەم قۆناغە بەگەشەساندنی خانووبەرە لە سەرانسەری وڵات دا دەناسرێت. سەرەڕای ئاڵۆزی و سەرکوتکردنی چەند گرووپێك لە دانیشتووان لە لایەن ڕژێمی بەعسەوە لەم ماوەیەدا، بەڵام زیادبوونی ساڵانە لە کۆی خانووبەرە بەشێوەیەکی بەرفراوان هاوتەریب بوو لەگەڵ زیادبوونی ڕێژەی پێکهێنانی خێزانەکان. ئەمەش بەو واتایە دێت کە زۆرێک لە خێزانە نوێ و گەنجەکان لەژێر هەمان سەقف دەژیان.
- ١٩٨٠- ١٩٨٨ (جەنگی عێراق و ئێران)هەروەها ١٩٩٣-٢٠٠٣ (جەنگی کەنداو و ئابلوقەکانی نەتەوە یەکگرتووەکان)[20]: تێکڕای ژمارەی نوێی خانوو بەشێوەیەکی بەرچاو دابەزی لە ماوەی جەنگی کەنداو لەگەڵ ئێران، دواتر پاش جەنگی کەنداو لە ١٩٩١ بەرەو خراپتر ڕۆیشت تا ٢٠٠٣.
- ٢٠٠٣ (داگیرکردنی عێراق بە سەرکردایەتی ئەمریکا دەستپێکرد): دۆخی دروستکردنی خانوو زۆر خراپ بوو دوای هاتنی هاویەیمانی بە سەرکردایەتی ئەمریکا.
- ٢٠٠٣ - ٢٠١٣: دابینکردنی خانووبەرە بەشێوەیەکی بەرچاو زیادی کرد لەماوەی نێوان ٢٠٠٤-٢٠١٢. بەڵام ئەمە لەو ئاستە پێویستەدا نەبوو کە لە گەڵ زیادبوونی ڕێژەی خێزانە تازەکان بۆ ساڵی ٢٠٠٧ و ٢٠١٠ بگونجێت.[21]
  - وێنەی ١ لە خوارەوە کاریگەرییەکانی پێشکەوتنەکانی کەرتی خانوبەرە پیشان دەدات کە پەیوەندداره بە زیادبوونی ساڵانەی ژمارەی خێزانەکان بە درێژایی شەپۆلەکانی ناسەقامگیری.

شێوەی ١: ژمارەی خانووی نوێی دروستکراو و خێزانی نوێ کە ساڵانە پێکدەهێنرێن لە (١٩٥٦-٢٠١٥)




١٩ هەموو داتاکانی ئەم بەشە لە سەرەتادا لەم سەرچاوەیەی خوارەوەدا بڵاوکراونەتەوە. الحفیز، ئۆ.بک، ساتیش. و دی وایڵد، پیتەر (٢٠١٩). هەڵسەنگاندنی ڕێبازەکانی نیشتەجێبوون بۆ عێراق: فێربوون لە ئەزموونی جیهان. گۆڤاری نێودەوڵەتی هابیتات.


٢٠ الحفیز، ئۆ.بک، ساتیش. و دی وایڵد، پیتەر (٢٠١٩). هەڵسەنگاندنی ڕێبازەکانی نیشتەجێبوون بۆ عێراق: فێربوون لە ئەزموونی جیهان. گۆڤاری نێودەوڵەتی هابیتات.

٢١ الحفیز، ئۆ.بک، ساتیش. و دی وایڵد، پیتەر (٢٠١٩). هەڵسەنگاندنی ڕێبازەکانی نیشتەجێبوون بۆ عێراق: فێربوون لە ئەزموونی جیهان. گۆڤاری نێودەوڵەتی هابیتات.

• ٢٠١٤- ٢٠١٧ (جەنگی داعش): سەرەرای ئاڵۆزی و شەڕ لە باکور و ناوەڕاستی وڵات لەنێوان داعش و هێزەکانی حکومەت، دابینکردنی نیشتیمانی خانووبەرە بە جێگیری مایەوە لەم ماوەیەدا. بەڵام ٥.٨ ملیۆن کەس ماڵ و حاڵی خۆیان جێهێشت و ئاوارەبوون.


• ٢٠١٧- ٢٠٢١ (ماوەی دوای شەڕی داعش): تاکو نیسانی ٢٠٢١، ١.٢ ملیۆن خێزان گەڕانەوە بۆ ناوچە زێدی خۆیان، لەکاتێکدا کە تێکڕای ٢٠٦٠٠٠ خێزانی ئاوارە ناوخۆیی، لە ئاوارەییدا ماونەتەوە. لەنێو ئەم ئاوارە ناوخۆییانەدا، ١٦٩٢١٠ خێزان لە دەرەوەی کەمپەکان دا نیشتەجێن و ٣٧٧٣٦ خێزانیش لەناو کەمپەکان دا دەژین. ژمارەی ئاوارە ناوخۆییەکان بە بەردەوامی کەمی کردووە لەو کاتەی کە حکومەتی عێراق شکستی داعشی لەساڵی ٢٠١٧ ڕاگەیاند. کەمبوونەوەیەکی بەرچاو لە ژمارەی ئاوارە ناوخۆییەکان دەتوانرێت لەماوەی نێوان تشرینی یەکەمی ٢٠٢٠ و کانوونی دووەمی ٢٠٢١ ببینرێت دوای بڕیاری حکومەت بە داخستنی کەمپ و دووبارە پۆلێنکردنەوەی کەمپەکان و شوێنی نیشتەجێبوونی نافەرمی لەسەرانسەری وڵات. لەو ماوەیەدا تێکڕای ٨١١,١٧٥ خێزان گەڕانەوە شوێنی زێدیان.

شێوەی ٢: ژمارەی خێزانە ئاوارە ناوخۆییەکان (لە ناوەوە و دەرەوەی کەمپەکان) خێزانە گەڕاوەکان بەپێی کات





٢٠١٧- ٢٠٢١ (ماوەی دوای جەنگی داعش – بەردەوامبوو): لەگەڵ ئەوەشدا، لە نیسانی ٢٠٢١ەوە پۆلێنی خێزانە ئاوارەکان و گەڕاوەکان لەسەر ئاستی پارێزگاکان، لەگەڵ نەخشەی دابەشکردنی خێزانە ئاوارەکان و گەڕاوەکان، وەك خوارەوە دانراون.[٢٢]

شێوەی ٣: ژمارەی خێزانە ئاوارە ناوخۆییەکان لەسەر ئاستی پارێزگا (تاکو نیسانی ٢٠٢١)





٢٢ ڕێکخراوی نێودەوڵەتی کۆچ-عێراق (٢٠٢١) داتاسێتی لیستی سەرەکی تۆماری بەدواداچوونی ئاوارەبوون (١٢١). بڕوانە: http://iraqdtm.iom.int/MasterList

شێوەی ٤: ژمارەی خێزانە گەڕاوەکان لەسەر ئاستی پارێزگا (تاکو نیسانی ٢٠٢١)




نەخشەی ١: دابەشبوونی شوێنەکانی ئاوارە ناوخۆییەکان و گەڕاوەکان لە عێراق (تاکو نیسانی ٢٠٢١)



# هەڵسەنگاندنی بەرەوپێشچوونەکانی خانووبەرە، زەوی و مۆڵکداری و کەلێنەکان لە عێراق

## پرەنسیپی پینهێرۆ ١: مافی جیاکاری نەکردن

یەکەم پرەنسیپ باس لە مافی کۆمەڵگەی ئاوارە ناوخۆییەکان دەکات کە بەهیچ شێوەیەک جیاکاری نەکردنە لە بەرامبەر نەکرێت.[٢٣] ڕاپۆرتی هەڵسەنگاندنی شوێنی یەکخراوی ڕێکخراوی نێودەوڵەتی کۆچ ٢٠٢٠ (ILA IOM ٢٠٢٠) هەوڵیدا لەوە تێبگات کە تا چ ڕادەیەک نایەکسانی هەیە لە دەستگەیشتن بە خانووبەرە، لە ڕێگای چاودێریکردنی ئەوەی کە ئایا هەندێک لە ئاوارە ناوخۆییەکان یاخود هەموویان ڕێگەیان لێدەگیرێت کە خانوو بەکرێ بگرن.[٢٤] ئەمە کێشەیەکی گرنگە کە پێویستە لەبەر چاو بگیرێت، لەبەرئەوەی ژمارەیەکی زۆر لە ئاوارە ناوخۆییەکان ڕوو لە بەکرێگرتنی خانوو دەکەن ئەگەر باروودۆخی داراییان لەبار بێت، ئەمەش سەرەڕای ئەو کێشەیەی کە ئاوارە ناوخۆییەکان زۆرجار ناچارن لە کەمپەکان دا نیشتەجێبن دەبن بەهۆی نەبوونی پارەی پێویست بۆ دانی کرێی خانوو.


بەشێوەیەکی گشتی تەنها ٢٪ی ئە ئاوارە ناوخۆییانە لەو ناوچانە دەژین کە دەستگەیشتنی نایەکسان هەیە بۆ کرێگرتن. بەشێوەیەکی بەرچاو ئەم کێشەیە لە پارێزگای نەینەوا هەیە لە قەزاکانی حەمدانییە (٤٦٪) و شنگال (١٩٪).[٢٥] ئەم کێشەیە لە هیچ قەزایەکی دیکەی ئاوارەبوون ڕووبەڕووی ئاوارەکان نەبووتەوە، هەروەها لە هیچ قەزایەکدا کە گەڕاوەکان تێیدا نیشتەجێن، ئەمە ڕانەگەیەنراوە.

## پرەنسیپی پینهێرۆ ٢: مافی یەکسانی نێوان پیاو و ئافرەتان

پرەنسیپی دووەم باس لە یەکسانی نێوان پیاوان و ئافرەتان دەکات. داتای هەڵسەنگاندنی پێداویستییەکانی فرە دەستەیی ٢٠٢٠ (MCNA ٢٠٢٠) تێگەیشتنێکمان پێدەدات سەبارەت بەجیاوازییەکان لە ڕێژەی سەرخێزانی ئافرەت لە بەرانبەر سەرخێزانی پیاو لە خێزانە ئاوارەکان کە ئاستەنگیان بۆ دروست دەبێت بۆ گەڕانەوەیان بۆ شوێنی زێدیان بەهۆی کێشەکانی خانووبەرە، زەوی و مۆڵکداری.

لە هەردوو جۆری شوێنی ئاوارەبوون دا (ناوەوە و دەرەوەی کەمپ)، سەرخێزانە ئافرەتەکان کێشەی زیاتری خانووبەرە، زەوی و مۆڵکداریان تووش دەبێت وەک ئاستەنگ لەبەردەم گەڕانەوەیان بۆ سەر ماڵ و حاڵیان. جۆرەکانی ئەو کێشانە بریتین لە خاپوربوونی ماڵەکانیان، داگیرکردنی زەوی و کەلوپەل و دزینی سەروەت سامانییان لە شوێنی نیشتەجێبوونی پێشووتریان.[٢٦] لە کەمپەکان ٦١٪ی سەرخێزانی ئافرەت ووتوویانە کە ڕووبەڕووی ئەم کێشانە بوونەتەوە، بە بەراورد بە ٤٦٪ی سەرخێزانی پیاو.[٢٧] بەهەمان شێوە، لە دەرەوەی کەمپەکان، یەک لە دووی سەرخێزانی ئافرەت (٥٠٪) ووتوویانە کە ڕووبەڕووی ئەم کێشەیە بوونەتەوە بە بەراورد بە (٤٦٪)ی سەرخێزانی پیاو.[٢٩،٢٨] سەیری وێنەی خوارەوە بکە.

وێنەی ٥: ڕێژەی سەدی سەرخێزانی ئافرەت و پیاو لە خێزانە ئاوارەکان کە ڕووبەڕووی ئاستەنگی خانووبەرە، زەوی و مۆڵکداری دەبنەوە بۆ گەڕانەوە بۆ شوێنی زێدیان، بەپێی جۆری شوێنی ئاوارەبوون (لە دەرەوەی کەمپ یان ناو کەمپ)




٢٣ چوارچێوەکە تیشک دەخاتە سەر ئەم جۆرە هەڵاواردنانەی کە پێویستە ئاوارەکان لێیان بپارێزرێن: ڕەگەز، ڕەنگ، سێکس، زمان، ئایین، بۆچوون و لایەنگیری سیاسی یان بۆچوونی دیکە، بنەچەی نەتەوەیی یان کۆمەڵایەتی، موڵک، کەمئەندامی، لەدایکبوون، یان پێگەی دیکە. ئاماژە بە: OHCHR و FAO، IDMC، OCHA، UNHCR (٢٠٠٧). نامیلکە - خانووبەرە و گەڕاندنەوەی موڵک بۆ پەنابەران و ئاوارەکان: جێبەجێکردنی بنەماکانی پینهێرۆ. بڕوانە: https://www.ohchr.org/Documents/Publications/pinheiro_principles.pdf

٢٤ جگە لە پرسی نایەکسانی دەستگەیشتن بە خانووبەرە لە نێو ئاوارەکان، بە شێوەیەکی باو نایەکسانی دەستگەیشتن بە خانووبەرە لە نێوان ئاوارەکان و کۆمەڵگا خانەخوێکاندا هەیە. هەرچەندە داتا لەبەردەستدا نین کە یارمەتیدەر بن لە دیاریکردنی ڕادەی ئەم پرسە لە عێراقدا.

٢٥ لە قەزای حەمدانییە، نایەکسانی دەستگەیشتن بە خانووی کرێ کێشەیەکە کە لە کەمپەکانی ئاوارەکانی ناو ناحیەی نەمرود، بوونی هەیە. جگە لەوەش لە قەزای شنگال، نایەکسانی دەستگەیشتن بە خانووی کرێ لە کەمپەکانی ئاوارەکانی ناو ناحیەی شەماڵ، بوونی هەیە.

٢٦ هەروەها شوێنی پێش ئاوارەبوونی ئاوارە ناوخۆییەکان بە شێوەیەکی باو پێیان دەوترێت شوێنی زێد.

٢٧ گروپی کاری ریچ و هەڵسنەگاندن (٢٠٢٠). هەڵسەنگاندنی پێداویستییەکانی فرە دەستەیی (٨). بڕوانە: https://www.reachresourcecentre.info/country/iraq/cycle/28380/#cycle-28380

٢٨ گروپی کاری ریچ و هەڵسنەگاندن (٢٠٢٠). هەڵسەنگاندنی پێداویستییەکانی فرە دەستەیی (٨). بڕوانە: https://www.reachresourcecentre.info/country/iraq/cycle/28380/#cycle-28380

٢٩ ئەو ڕاستییەی کە ئەو ماڵانەی کە سەرخێزانی مێینەیان زیاترە ڕووبەڕووی ئەم بەربەستە دەبنەوە، پێویستە لە چوارچێوەی فراوانتردا لەبەرچاو بگیرێت کە ئەم خێزانانە زیاتر ڕووبەڕووی زۆربەی جۆرەکانی بەربەست دەبنەوە بۆ گەڕانەوە بۆ سەر ماڵ و حاڵیان کاتێک بەراورد دەکرێن لەگەڵ ئەو ماڵانەی کە سەرخێزانیان نێرن.

## پرەنسیپی پینهێرۆ ٣:مافی پارێزگاریکردن لە ئاوارەبوون (بە ئاوارەبوونی لاوەکیشەوە)

پرەنسیپی سێیەم باس لە مافی پارێزگاری کردن لە ئاوارەبوون دەکات. ئەم پرەنسیپە دەتوانرێت بە چەند شێوەیەك شی بۆ بارودۆخی عێراق، لێکدانەوەی بۆ بکرێت. وا دەردەکەوێت کە ٥.٨ ملیۆن کەس (١٦٪ی دانیشتووان) کە لە ماوەی شەڕی داعش ئاوارەبوون لەم مافە بێبەش بوون، وە ١.٢ ملیۆن کەسی تر لە ئاوارەبوون دا، تا ئێستا لەم مافە بێبەشن. ئەم پرەنسیپە دەتوانرێت لەسەر ئەو ئاوارە ناوخۆییانەی کە لە شوێنی زێدیان یاخود لە شوێنی سێیەم نیشتەجێبوون، بەکاربهێنرێ، بەڵام تا ئێستا چارەسەری هەمیشەییان بەدەستنەهێناوە بەهۆی ئەو ئاستەنگانەی دێتە پێشیان بۆ دەستگەیشتن بە بژاردەی خانووبەرەی سەلامەت و بەردەوام.[٣٠]

بەو پێیەی کە ئەو داتایەی لەژێر پرەنسیپەکانی تر پوختە کراوەتەوە، بە دیاریکراوی پەیوەندیان بە کێشەی لەدەستدانی خانوو و لەناوچوون یان وونبوونی بەڵگەنامە هەیە، ئەم بەشە کورتەیەکی لە داتای بەردەست کە پەیوەندییان بە داگیرکردنی نایاسایی شوێنی نیشتەجێبوونی تایبەتەوە هەیە، هەروەها ئەو حاڵەتانە دەخاتە ڕوو کە مەترسی دەرکردن لە ماڵەکانیان تێدایە. هەروەها تیشك دەخاتە سەر هەندێك پرسی سەرەکی کە پەیوەندییان بەوەوە هەیە کە خاوەن ماڵەکانی ئاوارە ناتوانن لە ماڵەکانیاندا بژین بەهۆی کۆمەڵێك هۆکارەوە.


### داگیرکردنی شوێنی نیشتەجێبوونی تایبەت

لەماوەی شەڕی داعش دا، ڕێژەی داگیرکاریی نایاسایی و لاوەکیی خانووبەرە لە زۆرێك لە ناوچەکانی ژێر دەستی داعشدا زۆر بوو. ئەو گرووپە سەرەکیانەی کە خانووەکانیان داگیر کردووە گرووپە چەکدارەکان بوون، لەوانەش چەند کەیسێك هەبوون کە لایەنگری داعش بوون یان سەر بە ئۆپۆزسیۆن بوون، و بەهەمان شێوەش ئاوارە ناوخۆیی و گەڕاوەکانی تر.[٣١]

هەڵسەنگاندنی شوێنی یەکخراوی ڕێکخراوی نێودەوڵەتی کۆچ ٢٠٢٠ (ILA IOM ٢٠٢٠) باس لە ڕادەی داگیرکردن لە هەردوو شوێنی ئاوارەبوون و گەڕانەوە دەکات. بە گشتی، تەنها لە ٢٪ی خێزانە ئاوارە ناوخۆییەکان لەو ناوچانە دەژین کە ڕووداوی داگیرکردنی شوێنی نیشتەجێبوونی تایبەت هەیە بە بێ مۆڵەتی خاوەن ماڵەکە یان خزم و هاوڕێیکانیان.[٣٢] ئەم کێشەیە لەشوێنەکانی ئاوارەبوون لە پارێزگای نەینەوا (٧٪) زیاترە، دواتر میسان (٦٪)، دواتر واست (١٪).

هیچ ڕاپۆرتێك نییە لەسەر ئەوەی ئەم کێشەیە لە ١٠ پارێزگایەکەی تر کە ئاوارە ناوخۆییەکان تێیاندا نیشتەجێن، ڕوودەدات.[٣٣]

وێنەی ١: ڕێژەی سەدی خێزانە ئاوارە ناوخۆییەکان و گەڕاوەکان کە لەو ناوچانە دەژین کە ڕووداوی داگیرکردنی شوێنی نیشتەجێبوونی تایبەت بە بێ مۆڵەت هەیە




هەرچەندە، دەکرێت گۆڕانکاری بەرچاوتر لە ڕێژەی داگیرکردنی نایاسایی خانووبەرەی لە ئاستی قەزاکاندا بەدی بکرێت. جێگای ئاماژەیە، هەموو ئاوارەکانی (١٠٠٪) لە قەزای بەعاج، لە پارێزگای نەینەوا و قەزای داعور لە پارێزگای سەڵاحەدین لەو شوێنانە دەژین کە داگیرکردنی شوێنی نیشتەجێبوونی تایبەت تێیدا ئەنجام دەدرێت.[٣٤]

سەرەڕای ئەوەش، نزیکەی یەك لە سەردووی ئاوارە ناوخۆییەکان (٥٢٪) لە قەزای حەویجە، لە پارێزگای کەرکوك لەو شوێنانەدا دەژین کە تێیدا، ڕوداوی داگیرکردنی خانوو ڕوودەدات، هاوکات بە ڕێژەیەکی بەرچاو لە قەزاکانی نەینەوا: شنگال (٣٨٪) و تەلەعفەر (٣٠٪) ئەمە ڕوو دەدات.[٣٥] هەروەها لە سەدا دەی ئاوارە ناوخۆییەکانی هەر یەکی لە ناحیەی بەلەد، لە سەڵاحەددین لەو ناوچانەدا دەژین کە ئەم پرسەی تێدا ڕوودەدات.

بە گشتی، گەڕاوەکان زیاتر لە ئاوارە ناوخۆییەکان لەو شوێنانە دەژین کە کە ڕووداوی داگیرکردنی نایاسایی خانوو ڕوودەدات (٥٪).[٣٦] ئەو ڕێژەیەی کە گەڕاوەکان ڕووبەڕووی دەبنەوە بەشێوەیەکی بەرز جیاوازی هەیە لەسەر ئاستی ئەو قەزایانەی کە بۆی گەڕاونەتەوە. زۆربەی ئەو قەزایانەی کە ژمارەیەکی بەرچاو لە گەڕاوەکان لەو ناوچانەدا دەژین کە ڕێژەیەکی بەرزی داگیرکردنی نایاسایی خانووبەرەیان تێدایە، لە پارێزگای سەڵاحەدینن، لەم پارێزگایە بوو

٣٠ پرسی ئەو ئاوارە ناوخۆییانەی کە ناتوانن بگەڕێنەوە ماڵەوە بەهۆی ئەوەی بەڵگەنامەیان دیار نییە کە خاوەندارێتی خانووەکانیان پێش ئاوارەبوونیان دەسەلمێنێت لە ژێر پرەنسیپی زیادەی ١ دا دەگرێتەوە، کە پەیوەندی بە مافی تۆمار و بەڵگەنامەکانی موڵك و ماڵیی خانووبەرە، زەوی و مۆڵکداری هەیە.

٣١ بەرزی ڕوودانی ئەم پرسە لە توێژینەوەیەکی ڕێکخراوی نێودەوڵەتی کۆچ دا ڕەنگ دەداتەوە کە لە لوتکەی قەیرانەکەدا (لە ساڵی ٢٠١٥) لە سێ پارێزگا سەرەکییەکان ئەنجامدراوە کە ئاوارەکان لێیان ئاوارە بوون: سەڵاحەدین، نەینەوا و دیاڵە. توێژینەوەکە مەزەندەی کردووە کە نزیکەی دوو لەسەر سێی گەڕاوەکان (٦٠٪) ڕووبەڕووی کێشە دەبنەوە کە پەیوەندییان بە داگیرکردنی خانووەکانیانەوە هەیە. ئاماژە بە: IOM (٢٠١٦). کێشەی خانووبەرە و زەوی و موڵکداری ڕووبەڕووی گەڕاوەکان دەبێتەوە لە ناوچە ئازادکراوەکانی عێراق.

٣٢ ڕێکخراوی نێودەوڵەتی کۆچ-عێراق (٢٠٢٠). داتا سێتی هەڵسەنگاندنی شوێنی یەکخراو ٥. بڕوانە: http://iraqdtm.iom.int/ILA5#Datasets

٣٣ ڕێکخراوی نێودەوڵەتی کۆچ-عێراق (٢٠٢٠). داتا سێتی هەڵسەنگاندنی شوێنی یەکخراو ٥. بڕوانە: http://iraqdtm.iom.int/ILA5#Datasets


٣٤ ڕێکخراوی نێودەوڵەتی کۆچ-عێراق (٢٠٢٠). داتا سێتی هەڵسەنگاندنی شوێنی یەکخراو ٥. بڕوانە: http://iraqdtm.iom.int/ILA5#Datasets

٣٥ ڕێکخراوی نێودەوڵەتی کۆچ-عێراق (٢٠٢٠). داتا سێتی هەڵسەنگاندنی شوێنی یەکخراو ٥. بڕوانە: http://iraqdtm.iom.int/ILA5#Datasets

٣٦ڕێکخراوی نێودەوڵەتی کۆچ-عێراق (٢٠٢٠). داتا سێتی هەڵسەنگاندنی شوێنی یەکخراو ٥. بڕوانە: http://iraqdtm.iom.int/ILA5#Datasets

کە زۆرینەی ئەم حاڵەتانە پێش ئەوەی شکستی داعش لە کانوونی دووەمی ٢٠١٧ ڕابگەیەنرێت.[٣٧]

نەخشەی شوێنی گەرم ٢: ڕێژەی سەدی خێزانە گەڕاوەکان کە لەو شوێنانەدا دەژین کە ڕێژەی جیاوازی داگیرکردنی خانوو هەیە لە پارێزگای سەڵاحەددین





نەخشەی شوێنی گەرم ٢: ڕێژەی سەدی خێزانە گەڕاوەکان کە لەو شوێنانەدا دەژین کە ڕێژەی جیاوازی داگیرکردنی خانوو هەیە لە پارێزگای سەڵاحەددین.[٣٨] سەیری نەخشەی شوێنی گەرمی ٢ بکە لە خوارەوە.

٣٧ ڕێکخراوی نێودەوڵەتی کۆچ-عێراق (٢٠٢٠). داتا سێتی هەڵسەنگاندنی شوێنی یەکخراو ٥. بڕوانە: http://iraqdtm.iom.int/ILA5#Datasets

٣٨ ئەم ژمارانە بە شێوەیەکی بەرفراوان لەگەڵ ئەو داتایە دەگونجێت کە لەلایەن ڕێکخراوی نێودەوڵەتی کۆچ وەک بەشێک لە پێوەرەکانی گەڕانەوە ١٢ (ئازار-نیسانی ٢٠٢١) کۆکراونەتەوە. لەم هەڵسەنگاندنەدا، لەسەدا ٨ی هەموو گەڕاوەکان لە سەرانسەری وڵاتدا لەو شوێنانە دەژین کە "هەندێک" یان "زۆرێک" لە شوێنی نیشتەجێبوونی تایبەتیان تێدا داگیرکراوە. لە سەدا بیست و سێی گەڕاوەکانی سەڵاحەددین لەم جۆرە بارودۆخانەدا دەژین، بە تایبەت لە قەزاکانی توز خورماتوو (٧٦٪ی گەڕاوەکان)، بەلەد (٦٥٪)، سامەرا (٢٤٪) و تکریت (٢٢٪). سەرەڕای ئەوەش، لەسەدا نۆی گەڕاوەکانی نەینەوا لە شوێنگەلێک دەژین کە بارودۆخی لەو جۆرەیان هەیە، بە تایبەت لە تەلەعفەر (٣٣٪ی گەڕاوەکان)، شنگال (٢٥٪)، بەعاج (٢٣٪). جێگای ئاماژەیە، لە هەر پێنج کەسی گەڕاوە لە قەزای شنگال یەکێکیان (٥٪) لەو شوێنانە دەژین کە "زۆر" داگیرکردنی تێدا ئەنجام دەدرێت.

نەخشەی شوێنی گەرمی ٣: ڕێژەی سەدی خێزانە گەڕاوەکان لەو شوێنانەی کە ڕێژەی جیاوازی داگیرکردنی خانووبەرە ڕوودەدات لە پارێزگای نەینەوا




بە سەرنجدان بەوەی کە پرسی خانووبەرەی داگیرکراو پرسێکی زەقترە لە شوێنەکانی گەڕانەوەدا، کێشە بۆ ئەو کەسانە دروست دەکات کە گەڕاونەتەوە و ئەوانەی دەیانەوێت بگەڕێنەوە، دەتوانرێت بڵێین کە ئەو قەزایە گەرمانەی کە لە نەخشەکانی سەرەوەدا پیشان دراون پێویستیان بە گرنگیدانی زیاترە لەلایەن هاوبەشەکانی خانووبەرە، زەوی و موڵکداری کە هەوڵی چارەسەرکردنی ئەم پرسە دەدەن

## خانوو پێچوڵکردن و داخستنی کەمپەکان

هەروەها دەرکردنی زۆرەملێ لە ماڵەکانیان ڕاستەوخۆ دەبێتە هۆی ئاوارەبوونی خێزانەکان. هەڵسەنگاندنی شوێنی یەکخراوی ڕێکخراوی نێودەوڵەتی کۆچ ٢٠٢٠ (ILA) دەریخست کە پرسی دەرکردنی زۆرەملێ، نوێنەرایەتی ئالنگارییەکی گەورە ناکات لە کۆمەڵگەی ئاوارەکان یان گەڕاوەکان: کەمتر لە سەدا یەک لە هەریەکێ لە ئاوارەکان و گەڕاوەکان لەو شوێنانە دەژین کە دەرکردنەکان وەک کێشەیەکی سەرەکی پەیوەست بە شوێنی حەوانەوە سەیر دەکرێن. تا ئێستا، ئەم کێشەیە لە قەزای شنگال لە پارێزگای نەینەوا دیارترینە، کە لە هەر ٢٠ ماڵی ئاوارەیەک یەکێکیان (٥٪) لەو ناوچانەدا دەژین کە تێیدا ڕوودەدات.

هەروەها هەڵسەنگاندنی شوێنی یەکخراوی ٢٠٢٠، (ILA) بەدواداچوونی بۆ ئەو هۆکارە جیاوازانە کرد کە بۆچی گەڕاوەکان بۆ ماڵەوە گەڕاونەتەوە. تەنها لەسەدا یەک لە هەموو گەڕاوەکان لەو شوێنانەدا دەژین کە خێزانەکان دوای دەرکردنیان لە شوێنی ئاوارەبوونیان گەڕاونەتەوە ماڵەوە.[39] بەڵام لەسەدا شەشی گەڕاوەکانی پارێزگای هەولێر و لەسەدا سێی پارێزگای دیالە لەو کۆمەڵگایانە دەژین کە ئەم پرسە بووەتە هۆی گەڕانەوە.


جگە لە دەرکردن و پێچوڵکردنی خانوو، داخستنی لەناکاوی کەمپەکان لەلایەن حکومەتی عێراقەوە بووەتە هۆکاری گەڕانەوە و دووبارە ئاوارەبوونەوەی خەڵکێ بە شێوەیەکی بەرچاو. وەک ئەوەی لە وێنەی ٧ لە خوارەوە نیشان دراوە، تێکڕای ٢٢,٣٨٩ خێزانی ئاوارەی ناوخۆیی لە ماوەی نێوان تشرینی یەکەمی ٢٠١٩ بۆ نیسانی ٢٠٢١ لە کەمپەکانەوە، گەڕاونەتەوە.[40] گەورەترین زیادبوونی خێزانە

٣٩ ڕێکخراوی نێودەوڵەتی کۆچ- عێراق (٢٠٢٠). داتا سێتی هەڵسەنگاندنی شوێنی یەکخراوی ٥، تۆماری بەدواداچوونی ئاوارەبوون. بڕوانە: http://iraqdtm.iom.int/ILA5#Datasets

٤٠ ڕێکخراوی نێودەوڵەتی کۆچ -عێراق (٢٠٢٠). داتاسێتی لیستی سەرەکی تۆماری بەدواداچوونی ئاوارەبوون (١٢١)، بڕوانە: http://iraqdtm.iom.int/MasterList

گەڕاوەکان کە لە کەمپەکانەوە هاتوون لە نێوان مانگی ئەیلول و تشرینی یەکەمی ٢٠١٩ بووە (٦٠٤٩)، لەگەڵ ژمارەیەکی بەرچاو لە ماوەی تشرینی دووەم تا کانوونی دووەمی ٢٠٢٠ تۆمارکراوە (٥٢٣٧).[٤١] بۆ زانیاری زیاتر سەبارەت بە دابەشکردنی کەمپەکانی ئاوارەکان لە سەرانسەری وڵاتدا سەردانی ئەو بەشەی خوارەوە بکەن کە پرەنسیپی شەشەم دەگرێتەوە.

وێنەی ٧: ژمارەی خێزانە گەڕاوەکان کە لە کەمپەکانەوە دەگەنەوە شوێنی زێدیان، تشرینی یەکەمی ٢٠١٩ بۆ نیسانی ٢٠٢١ (ژمارەی گشتی)




## پرەنسیپی پینهیێرۆ ٤: مافی تایبەتمەندی و ڕێزگرتن لە ماڵ

نامیلکە و ڕێبەری پینهیێرۆ، مافی تایبەتمەندی و و ڕێزگرتن لە ماڵ وەک مافێکی سەرەکی مرۆڤ دیاری دەکات کە پێویستە پشتگیری بکرێت بۆ ڕێگریکردن لە ئاوارەبوون لە قۆناغی یەکەم دا.[٤٢,٤٣] ئەم پرەنسیپەی چوارەم دەتوانرێت بەو شێوەیەش لێکبدرێتەوە کە پەیوەندی بە مافی خێزانێکەوە هەیە کە ماڵێکیان هەبێت بەشێوەیەك بنیاتنراوە کە ئاستێکی پێویستی تایبەتمەندی و کەرامەت بۆ ئەندامانی فەراهەمکراوە. هەڵسەنگاندنی پێداویستییەکانی فرە دەستەیی ٢٠٢٠ (MCNA ٢٠٢٠) ئەوەی نیشانداوە کەوا تا ڕادەیەك کەرامەت و تایبەتمەندی باشتر یەکێکن لە پێویستییە سەرەکییەکانی شوێنی حەوانەوە، لە نێو کۆمەڵگەکانی ئاوارە ناوخۆییەکان و گەڕاوەکان لە سەرانسەری وڵات دا.

وەك ئەوەی لە خوارەوە نیشان دراوە، هەموو گروپەکان دەڵێن کە باشتر کردنی تایبەتمەندی خێزانی و کەرامەت یەکێکن لە پێویستییە سەرەکییەکانی شوێنی حەوانەوە. ئاوارە ناوخۆییەکانی نێو کەمپەکان (١٢٪)، لە دەرەوەی کەمپەکان (١٠٪) و گەڕاوەکان (٩٪). لە کاتێکدا جیاوازییەکی بەرچاو لە نێوان ئەو ماڵانەی کە ژن و پیاو سەرۆکایەتی دەکەن، نییە،[٤٤] بەڵام جیاوازییەکی گەورە هەیە لەو ڕێژانەی کە سێ گروپی دانیشتوان ئاماژەیان بەم جۆرە پێویستییە داوە.

لەنێو ئاوارە ناوخۆییەکانی ناو کەمپەکان، بەرزترین ڕێژەی ئەو خێزانانەی ئاماژەیان بە باشتر کردنی تایبەتمەندی خێزانی و کەرامەت وەك پێویستییەکی سەرەکی شوێنی حەوانەوە ، داوە لە قەزای کەرکوك (٥٥٪) لە پارێزگای کەرکوک، دواتر لە تکریت (٢٨٪) لە پارێزگای سەڵاحەددین، وە لە قەزای هیندیە (٢٨٪) لە پارێزگای کەربەلا.[٤٥] هەروەها لەنێو ئاوارە ناوخۆییەکانی دەرەوەی

٤١ بەپێی ئامارەکانی دەستەی هەماهەنگی و بەرێوەبردنی کەمپەکانی عێراق (CCCM)، لە نێوان مانگی تشرینی یەکەمی ٢٠٢٠ تا شوباتی ٢٠٢١، ١٦ کەمپ و شوێنی نافەرمی داخران یان دووبارە پۆلێنکرانەوە (١٢ کەمپی فەرمی داخران، دوو شوێنی نافەرمی داخران، دوو کەمپی فەرمی وەک شوێنی نافەرمی پۆلێنکرانەوە). بۆ زانیاری زیاتر سەردانی ڕاپۆرتی بەدواداچوونی فریاگوزاری تۆماری بەدواداچوونی ئاوارەبوون DTM بکە. IOM (٢٠٢١). بەدواداچوونی باری لە ناکاو DTM: جووڵەی ئاوارەکانی کەمپ.

٤٢ UNHCR، OCHA، IDMC ، FAO و OHCHR (٢٠٠٧). نامیلکە - خانووبەرە و گەڕاندنەوەی موڵک بۆ پەنابەران و ئاوارەکان: جێبەجێکردنی پرەنسیپەکانی پینهێیرۆ. بڕوانە: https://www.ohchr.org/Documents/Publications/pinheiro_principles.pdf


٤٣ هەروەها چوارچێوەکە تیشک دەخاتە سەر مافی تایبەتمەندی و ڕێزگرتن لە ماڵ وەک بناغەیەکی گرنگ لە ڕووی گەڕاندنەوەی مافەکانەوە ئەگەر پێشێل بکرێت. مادەی هەشتەمی ڕێککەوتننامەی ئەوروپی بۆ مافەکانی مرۆڤ زۆرجار لەلایەن داواکارانەوە لە کەیسەکانی مافی مرۆڤدا بەکارهاتووە کە داوای گەڕاندنەوەی خانووبەرە و موڵکداری دەکەن. مادەی هەشتەم تیشک دەخاتە سەر مافی ڕێزگرتن لە ژیانی تایبەت و خێزان. بۆ زانیاری زیاتر بڕوانە: دادگای ئەوروپا بۆ مافەکانی مرۆڤ (٢٠٢٠). ڕێنمایی سەبارەت بە مادەی هەشتەمی ڕێککەوتننامەی ئەوروپی بۆ مافەکانی مرۆڤ: مافی ڕێزگرتن لە ژیانی خێزان و ماڵ و هاوشێوەکانی. بڕوانە: https://www.echr.coe.int/documents/guide_art_8_eng.pdf

٤٤ لە نێو ئاوارە ناوخۆییەکان، ١١٪ی ئەو خێزانانەی کە مێینە سەرخێزانن و ١٠٪ی ئەو ماڵانەی کە نێرینە سەرخێزانن، باشتربوونی تایبەتمەندی و کەرامەتیان وەک پێویستییەکی سەرەکی شوێنی حەوانەوە ، ڕاگەیاندووە. سەرەڕای ئەوە، لە نێوان گەڕاوەکاندا، ١٣٪ی ئەو خێزانانەی کە ژن سەرخێزانن و ١٥٪ی ئەو خێزانانەی کە نێرینە سەر خێزانن، ئەم پێویستییەیان ڕاگەیاندووە. ئاماژە بە: دامەزراوەی REACH ٢٠٢٠. داتاسێتی MCNA ٢٠٢٠ ، بڕوانە: https://www.reachresourcecentre.info/country/iraq/cycle/28380/#cycle-28380

٤٥ دامەزراوەی REACH ٢٠٢٠. داتاسێتی (MCNA) هەڵسەنگاندنی پێداویستییەکانی فرە دەستەیی ٨ : https://www.reachresourcecentre.info/country/iraq/cycle/28380/#cycle-28380

کەمپ، بەرزتری ڕێژەی ئەم جۆرە پێویستییەی شوێنی حەوانەوە تۆمارکراوە لە قەزای نەجەف (٢٥٪) لە پارێزگای نەجەف، قەزای موسیب (٢٢٪) لە پارێزگای بابل، هەروەها قەزای ڕەمادی (٢٠٪) لە پارێزگای ئەنبار. سەبارەت بە گەڕاوەکان، شوێنی گەرم لە قەزای بەلەدی (٢٦٪) و سامەڕا (٢١٪) لە پارێزگای سەڵاحەددین، بە هەمان شێوەش لە قەزای هیت (٢٨٪).[41] لە پارێزگای ئەنبار، تۆمارکراوە. هیچ جیاوازییەکی گەورە تۆمارنەکراوە لە نێوان ئەو ئاوارە ناوخۆییانەی لە ناوەوە یان دەرەوەی کەمپەکان دەژین لەسەر ئاستی گشتی کۆکردنەوەکە.

وێنەی ٨: ڕێژەی سەدی ئاواران و خێزانە گەڕاوەکان کە پێویستییەکانیان وە بوونی تایبەتمەندی و کەرامەت وەك پێویستی سەرەکی لەقەڵەم دەدەن[47]




## پرەنسیپی پینێیرۆ ٥: مافی چێژ وەرگرتنی ئاشتیانە لە موڵکی کەسی

پێنجەم پرەنسیپ پەیوەندی هەیە بە مافی گشت کۆمەڵگا زیانلێکەوتووەکانی ئاوارەبوون بۆ چێژوەرگرتن لە بەهرەمەندبوونی ئاشتیانە لە موڵکەکانیان – لەوانەش خانووەکانیان و سەروەت و سامانەکانی تر.[48] لێکدانەوەی ئەم پرەنسیپە لە نێوان ئاوارە ناوخۆییەکان و گەڕاوەکاندا جیاوازە و ئەمەش لەم پێوەرانەی خوارەوەدا ڕەنگ دەداتەوە. لە کاتێکدا کە ڕەنگە هەردوو ئاوارە ناوخۆییەکان و گەڕاوەکان ناچار ببن کە سەروەت و سامانی خێزانەکانییان وەک سەرچاوەیەکی سەرەکی داهات بفرۆشن، ئاوارە ناوخۆییەکان بە شێوەیەکی باو ڕووبەڕووی کێشەی گروپەکانی دیکە دەبنەوە کە لە شوێنی پێشوویان لە ماڵەکەیاندا دەژین.

هەڵسەنگاندنی پێداویستییەکانی فرە دەستەیی (MCNA ٢٠٢٠) سەرچاوە جیاوازەکانی داهاتی سەرەتایی کە خێزانە ئاوارەکان و گەڕاوەکان پشتیان پێدەبەستن، تاقیکردەوە. بەگشتی، خێزانە ئاوارەکان کەمێک زیاتر پشت بە داهاتی فرۆشتنی سەروەت و سامانی خێزانەکانییان دەبەستن بە بەراورد لەگەڵ گەڕاوەکان، لەسەدا دوو بۆ خێزانە ئاوارەکان و کەمتر لە سەدا یەک بۆ خێزانە گەڕاوەکان. هەرچەندە، دەکرێت گۆڕانکارییەکی زیاتر لە سەرانسەری قەزاکان لە نێو ئاوارە ناوخۆییەکان دا بە بەراورد لەگەڵ گەڕاوەکان بەدی بکرێت. ڕێژەی ئەو گەڕاوانەی کە ئەم بابەتەیان ڕاپۆرت کردووە لە هیچ قەزایەکدا لە سەدا دوو تێپەڕی نەکردووە. بەڵام ڕێژەی ئاوارەکانی دەرەوەی کەمپ کە ڕاپۆرتیان کردووە بەوەی کە پەنایان بردووە بۆ فرۆشتنی سەروەت و سامانی خێزانەکانییان زیاتر بووە لە قەزای شەقڵاوەی پارێزگای هەولێر (١٠٪) و قەزای ئاکرێ لە پارێزگای نەینەوا (٧٪).[49] هاوکات، بەرزترین ڕێژەی ئاوارە ناوخۆییەکانی ناو کەمپ کە پەنا بۆ ئەم جۆرە لە بەدەستهێنانی داهات دەبەن لە قەزاکانی ئامێدی لە پارێزگای دهۆک (٥٪) و زاخۆ (٥٪) ڕاپۆرت کراوە.

دەرخەرێکی دیکە کە بە دیاریکراوی پەیوەندی بەو ئاوارانە هەیە کە لە شوێنەکانی دەرەوەی کەمپەکاندا نیشتەجێن، پەیوەندی بەو ڕێژانە هەیە کە خانووەکانی پێش ئاوارەبوونیان گروپە جیاوازەکان تێیدا دەژین (یان بە شێوەیەکی یاسایی یان نایاسایی).[50,51,52] لە هەندێک حاڵەتدا خێزانە ئاوارەکان لە ژێر ڕێککەوتنێک لە نێوان ئەوان و کرێچیەکاندا

٤٦ دامەزراوەی REACH ٢٠٢٠. داتاسێتی (MCNA) هەڵسەنگاندنی پێداویستییەکانی فرە دەستەیی ٨ : https://www.reachresourcecentre.info/country/iraq/cycle/28380/#cycle-28380

٤٧ لە هەڵسەنگاندنی پێداویستییەکانی فرە دەستەیی ٢٠٢٠ (MCNA ٢٠٢٠) دا ، پرسیار لە خێزانەکان کرا کە پێداویستییە لە پێشینەکانی پەنگەیان چییە بۆ ئەوەی ببێتە شوێنێکی باشتر بۆ ژیان. ژمێردەرەکان ئەم نموونانەی خوارەوەیان پێشکەش کرد سەبارەت بەو ڕێگایانەی کە ڕەنگە شوێنی حەوانەوە لە ڕووی باشترکردنی تایبەتمەندی و کەرامەتەوە باشتر بکرێن: نەبوونی ژوورێکی جیا، نەبوونی شوێنی پێویست، بەکارهێنانی شوێنەکان بە هاوبەشی وەک ئاودەست و گەرماو، سەقفی نزم/بەرز، کەمی هەواگۆڕکێ، نەبوونی ڕووناکی سروشتی. ئاماژە بە: گروپی کاری هەڵسەنگاندنی عێراق و دامەزراوەی REACH ٢٠٢٠. داتا سێتی هەڵسەنگاندنی پێداویستییەکانی فرە دەستەیی (MCNA). بڕوانە: https://www.reachresourcecentre.info/country/iraq/cycle/28380/#cycle-28380

٤٨ نامیلکەی پرەنسیپەکانی پینهیێرۆ ئاماژە بە پرەنسیپی ٢١ی پرەنسیپی ڕێنوێنی ئاوارە ناوخۆییەکان دەکات، کە پێش چوارچێوەی لیژنەی هەمیشەیی ڕێکخراوەکانی سەر بە نەتەوەیەکگرتووەکان (IASC)هاتووە، کە دان بەم خاڵانەی خوارەوەدا دەنێت. نابێت کەس بە ئارەزووی خۆی لە موڵک و ماڵی خۆی بێبەش بکرێت، لە ڕێگەی هەریەکێک لەمانەی خوارەوە: تاڵانکردن، ڕاستەوخۆ لە هێرشی بێ جیاوازی یان کردەوەی توندوتیژی دیکە کە بەکاردەهێنرێت بۆ پارێزگاریکردن لە ئۆپەراسیۆنە سەربازییەکان یان ئامانجەکان، بکرێتە بابەتی تۆڵەسەندنەوە، و لەناوچوون یان خۆبەدەستەوەدان وەک جۆرێک لە سزای بەکۆمەڵ. ئاماژە بە: OCHA (١٩٩٨). پرەنسیپەکانی ڕێنوێنیکردن سەبارەت بە ئاوارەیی ناوخۆیی. بڕوانە: https://www.internal displacement.org/sites/default/files/publications/documents/199808-training-OCHA-guiding-principles-Eng2.pdf

٤٩ ئاوارەبوونی شارنشینی لە عێراق. خستنەڕوویەکی گشتی. بڕوانە: http://iraqdtm.iom.int/DurableSolutions/ProtractedDisplacement

٥٠ ئاوارەبوونی شارنشینی لە عێراق. خستنەڕوویەکی گشتی. بڕوانە: http://iraqdtm.iom.int/DurableSolutions/ProtractedDisplacement

٥١ وەک هەموو داتای کۆکراوە وەک بەشێک لە توێژینەوەی ئاوارەبوونی شارنشینی ڕێکخراوی نێودەوڵەتی کۆچ لە ساڵی ٢٠٢٠، داتا بۆ ئەم نیشاندەر لە شوێنەکانی ئاوارەبوون کۆکرانەوە. لەو حاڵەتانەی کە ژمارەیەکی پێویست لە خێزانە ئاوارە ناوخۆییەکان کە خەڵکی زێدی قەزایەکی دیاریکراون، لە کاتی کۆکردنەوەی داتاکان ڕاپرسییان لە گەڵ کراوە، دەکرێت داتاکە لەسەر بنەمای قەزای زێدی ئاوارە ناوخۆییەکان، ڕاپۆرت بکرێت.بەڵام لەو حاڵەتانەی کە ژمارەیەکی کەم لە ڕاپرسی بۆ قەزایەکی زێد دیاریکراوی ئەنجامدراوە، ناتوانرێت داتاکان لەسەریان ڕاپۆرت بکرێت. بە گشتی ٥٤ قەزای زێد هەن، ٢١ لەو قەزایانە توانای ئەوەیان هەیە ڕاپۆرتییان لە سەر بکرێت. جێگای ئاماژەیە، سێ قەزای سەرەکی کە ژمارەیەکی بەرچاو لە ئاوارە ناوخۆییەکان خەڵکی زێد ناکرێت ڕاپۆرتیان لەسەر بکرێت، کە بریتین لە قەزاکانی بەعاج و هەترا لە پارێزگای نەینەوا و قەزای ڕەسافەی پارێزگای بەغدا. ئەم سێ قەزایە هەموویان لە ٢٠ قەزای سەکین کە زۆرترین ژمارەی خێزانی ئاوارە ناوخۆییەکان لێیانەوە، سەرچاوە دەگرن.

٥٢ گرنگە ئاماژە بەوە بکەین کە لە خێزانە ئاوارە ناوخۆییەکان پرسیاریان لێکرا کە ئایا خاوەنی خانوون یان خانوویان بەکرێ گرتووە لە ناوچەی زێدی خۆیان، و هەروەها پرسیارێکی جیاواز لەسەر بارودۆخی ئێستای خانووەکە (وێرانکراوە یان دەکرێت تێیدا بژین)، ئاراستەیان کرا. لەو حاڵەتانەی خێزانەکان ڕایانگەیاند کە خاوەنی خانوویەکن کە دەکرێت تێیدا بژین، دواتر پرسیاریان لێکرا کە ئایا کەسێکی دیکە لەو خانووەدا دەژیت؟ ئەو داتایەی لێرەدا خراوەتەڕوو کە پەیوەندییان بە ڕێژەی ئەو ئاوارانەی کە ماڵەکانیان لەلایەن کەسێکی دیکەوە داگیرکراوە، پەیوەندییان بە ژێرکۆمەڵەی ئەو کەسانەوە هەیە کە ڕاپرسییان لەسەر کراوە کە خاوەنی خانوویەک بوون کە دەکرێت تێیدا بژین.

تێیاندا دەژین. لە حاڵەتە. کانی تردا ڕەنگە خانووەکان بە شێوەیەکی نایاسایی یان بەبێ ڕەزامەندی خاوەنەکەی داگیر بکرێن.

بەگشتی، لە نێو ئەو خێزانە ئاوارە ناوخۆییانەی کە خاوەنی خانوون لە ناوچەی زێدی خۆیان، نزیکەی نیوەی (٥١٪) ڕایانگەیاندووە کە کەسێکی دیکە تێیدا دەژیت. جێگای ئاماژەیە، هەموو خێزانە ئاوارە ناوخۆییەکان (١٠٠٪) لە قەزای ڕوبتەی پارێزگای ئەنبار و هەروەها قەزای بەسرە لە پارێزگای بەسرە ڕایانگەیاند کە ئەمە حاڵەتەکەیە.[٥٣] سەرەڕای ئەوەش، ڕێژەیەکی زۆری خێزانەکان لە قەزای تارمیەی پارێزگای سەلاحەدین (٧٣٪)، قەزای کفری لە پارێزگای دیالە (٦٥٪)، قەزای موسڵ لە پارێزگای نەینەوا (٥٩٪) و قەزای قائیم لە پارێزگای ئەنبار (٥٧٪). ڕاپۆرتیان دا کە کەسێکی تر لە نێو خانووەکانی پێش ئاوارەبوونیان دا دەژین.[٥٤]

## پرەنسیپی ٦: مافی هەبوونی شوێنی نیشتەجێبوونی گونجاو

پرینسیپی شەشەم پەیوەندی بە مافی هەموو کۆمەڵگە زیانمەندەکانی ئاوارەبوونەوە هەیە بۆ هەبوونی شوێنی نیشتەجێبوونی گونجاو.[٥٥] ئەو نیشاندەرانەی لە خوارەوە خراوەتەڕوو، باس لە ڕەهەندە جیاوازەکانی خانووبەرەی گونجاو دەکەن لە سەرانسەری وڵاتدا. ئەم نیشاندەرانە دۆخی نیشتەجێبوون لە نێوان کۆمەڵگەی ئاوارە ناوخۆییەکان و گەڕاوەکان دەگرێتەوە، بە گرنگیدانێکی تایبەت بەو شوێنانەی کە ژمارەیەکی زیاتری خێزانەکان لە شوێنی حەوانەوە دا دەژین کە لە دۆخێکی خراپدان. پێوەرە سەرەکییەکانی دیکە پەیوەندییان بە پرسی ئەوە خێزانە ئاوارە ناوخۆییانەوە هەیە کە ناتوانن بگەڕێنەوە ماڵەوە بەهۆی زیانەکانی خانووبەرە، جۆرە جیاوازەکانی باشترکردنی شوێنی نیشتەجێبوون کە پێویستن، هەروەها وێرانکاریی بەربڵاوی شوێنی نیشتەجێبوون و ئاوەدانکردنەوە لە شوێنەکانی گەڕانەوەدا.

سەرچاوەی سەرەکی زانیاری بۆ تێگەیشتن لە بارودۆخی نیشتەجێبوونی ئاوارە ناوخۆییەکان و گەڕاوەکان، بریتییە لە لیستی سەرەکی ڕێکخراوی نێودەوڵەتی کۆچ (IOM's Master List)[٥٦] ئەو نیشاندەرانەی لە خوارەوە خراوەتەڕوو، باس لە ڕەهەندە جیاوازەکانی خانووبەرەی گونجاو دەکەن لە سەرانسەری وڵاتدا. ئەم نیشاندەرانە دۆخی نیشتەجێبوون لە نێوان کۆمەڵگەی ئاوارە ناوخۆییەکان و گەڕاوەکان دەگرێتەوە، بە گرنگیدانێکی تایبەت بەو شوێنانەی کە ژمارەیەکی زیاتری خێزانەکان لە شوێنی حەوانەوە دا دەژین کە لە دۆخێکی خراپدان. پێوەرە سەرەکییەکانی دیکە پەیوەندییان بە پرسی ئەوە خێزانە ئاوارە ناوخۆییانەوە هەیە کە ناتوانن بگەڕێنەوە ماڵەوە بەهۆی زیانەکانی خانووبەرە، جۆرە جیاوازەکانی باشترکردنی شوێنی نیشتەجێبوون کە پێویستن، هەروەها وێرانکاریی بەربڵاوی شوێنی نیشتەجێبوون و ئاوەدانکردنەوە لە شوێنەکانی گەڕانەوەدا.

سەرچاوەی سەرەکی زانیاری بۆ تێگەیشتن لە بارودۆخی نیشتەجێبوونی ئاوارە ناوخۆییەکان و گەڕاوەکان، بریتییە لە لیستی سەرەکی ڕێکخراوی نێودەوڵەتی کۆچ (IOM's Master List).[٥٧] هەروەها ژمارەیەکی بەرچاو لەو خێزانە ئاوارە ناوخۆییانەی کە لە شوێنی حەوانەوە نەگونجاوەکان لە قەزای فەلوجە دەژین (٢و٥٥٠، ٧٩٪)، کە زۆربەیان لە شوێنی نیشتەجێبوونی نافەرمی (١،٦٠١) و ناوەندە بەکۆمەڵەکانی تر لە سەرانسەری قەزاکەدا نیشتەجێن.[٥٨]

٥٣ ڕێکخراوی نێودەوڵەتی کۆچ- عێراق (٢٠٢١) ئاوارەبوونی شارنشینی لە عێراق. خستنەڕوویەکی گشتی. بڕوانە: http://iraqdtm.iom.int/DurableSolutions/ProtractedDisplacement

٥٤ ڕێکخراوی نێودەوڵەتی کۆچ- عێراق (٢٠٢١) ئاوارەبوونی شارنشینی لە عێراق. خستنەڕوویەکی گشتی. بڕوانە: http://iraqdtm.iom.int/DurableSolutions/ProtractedDisplacement

٥٥ چەمکی 'گونجاو' مەبەست لێی ئەو خانووبەرەیە کە ئەمانەی خوارەوە لەخۆدەگرێت: ئاسایشی خاوەندارێتی، بەردەستبوونی خزمەتگوزارییەکان، کەرەستە، ئاسانکاری و ژێرخانی، توانای کڕین، دەستگەیشتن بە توانای نیشتەجێبوون و گونجاوی کولتووری. ئاماژە بە: OHCHR و FAO، IDMC، OCHA، UNHCR (٢٠٠٧). نامیلکە - خانووبەرە و گەڕاندنەوەی موڵک بۆ پەنابەران و ئاوارەکان: جێبەجێکردنی پرەنسیپەکانی پینهێیرۆ. بڕوانە: https://www.ohchr.org/Documents/Publications/pinheiro_principles.pdf

٥٦ لیستی سەرەکی تۆماری بەدواداچوونی ئاوارەبوونی ڕێکخراوی نێودەوڵەتی کۆچ-عێراق لەسەر بنەمای دوو مانگ، یەکجار جێبەجێدەکرێت. لیستی سەرەکی لە ئاستی شوێن (لەوانەش کەمپ/شوێن/گوند/گەڕەک) لەگەڵ دانیشتوانی ئاوارەیان/و گەڕاوە ئەنجام دەدرێت. ئەمە زانیاری لەسەر ئاوارە ناوخۆییەکان لە نزیکەی ٣,٠٠٠ شوێن لە نێو ١٠٤ قەزا لە ١٨ پارێزگا و زانیاری لەسەر گەڕاوەکان لە نزیکەی ١,٩٠٠ شوێن لە نێو ٣٨ قەزا لە ٨ پارێزگا کۆدەکاتەوە. ڕێکخراوی نێودەوڵەتی کۆچ (٢٠٢١). شێوازی کارکردنی لیستی سەرەکی. بڕوانە: http://iraqdtm.iom.int/MasterList#Methodology

٥٧ ڕێکخراوی نێودەوڵەتی کۆچ عێراق (٢٠٢٠). داتاسێتی لیستی سەرەکی تۆماری بەدواداچوونی ئاوارەبوون (١٢١)، بڕوانە: http://iraqdtm.iom.int/MasterList


٥٨ بۆ خستنەڕوویەکی گشتی تەواو لە ژمارەی ئەو ئاواراە ناوخۆییانەی کە لە هەموو جۆرەکانی شوێنی حەوانەوە دادەژین، سەردانی داتسێتی لیستی سەرەکی بکەن. جگە لەو جۆرە شوێنی حەوانەوە نەگونجاوانەی کە لە خشتەی ئەم لاپەڕەیەدا هاتووە، جۆرەکانی تری شوێنی حەوانەوە کە ئاوارە انوخۆییەکان تێیدا نیشتەجێن بریتین لە: کەمپەکان، خێزانە خانەخوێیەکان، هۆتێل/مۆتێل یان کرێی کورتخایەن؛ موڵکی خۆی؛ کرێ (جێگەی نیشتەجێبوون)، و جۆرەکانی شوێنی حەوانەوەی نەناسراو. بڕوانە: ڕێکخراوی نێودەوڵەتی کۆچ عێراق ٢٠٢١. داتاسێتی لیستی سەرەکی. بڕوانە: http://iraqdtm.iom.int/MasterList#Datasets

خشتەی ١: ٢٠ لە قەزا هەرە لە پێشەکانی ئاوارەبوون، بەگوێرەی جۆری شوێنی حەوانەوەی نەگونجاو

| پارێزگا | قەزا | تێکرای خێزانە ئاوارە ناوخۆییەکان | تێکرای شوێنی حەوانەوەی نەگونجاو (بەپێی ڕێژەی ئاوارە ناوخۆییەکان لە قەزاکە) | | شوێنی حەوانەوەی نافەرمی | | سەنتەرە بە کۆمەڵەکانی تر | | باڵەخانەی ئایینی | | بینای قوتابخانە | | باڵەخانەی تەواو نەکراو | | شوێنی کرێی نەگونجاو | | هەیکەلی نەگونجاو بۆ نیشتەجێبوون | |
|---|---|---|---|---|---|---|---|---|---|---|---|---|---|---|---|---|---|---|
| | | # | # | ٪ | # | ٪ | # | ٪ | # | ٪ | # | ٪ | # | ٪ | # | ٪ | # | ٪ |
| ئەنبار | فەلوجە | ٣,٤٢٦ | ٢,٥٥٠ | ٪٧٩ | ١,٦٠١ | ٪٤٩ | ٥٣٦ | ٪١٧ | ٢٧ | ٪١ | ٠ | ٪٠ | ٣٧٩ | ٪١٢ | ٧ | ٪٠ | ٠ | ٪٠ |
| بابلیۆن | موسەیب | ٢,٥٢٧ | ١٠٠ | ٪٤ | ٠ | ٪٠ | ٠ | ٪٠ | ٠ | ٪٠ | ٠ | ٪٠ | ٠ | ٪٠ | ٤ | ٪٠ | ٩٦ | ٪٤ |
| دهۆک | سومێل | ٢٥,٥٣٣ | ٣,٥٠٨ | ٪١٤ | ١,٤٣٨ | ٪٦ | ٠ | ٪٠ | ٠ | ٪٠ | ٠ | ٪٠ | ٢,٠٧٠ | ٪٨ | ٠ | ٪٠ | ٠ | ٪٠ |
| دهۆک | زاخۆ | ١٤,٨٩٧ | ٦٢٢ | ٪٤ | ٢٤٩ | ٪٢ | ٠ | ٪٠ | ٢ | ٪٠ | ٠ | ٪٠ | ٣٧١ | ٪٢ | ٠ | ٪٠ | ٠ | ٪٠ |
| دهۆک | دهۆک | ٤,٦٦٧ | ١٩٤ | ٪٤ | ١٥ | ٪٠ | ٠ | ٪٠ | ٠ | ٪٠ | ٠ | ٪٠ | ١٧٩ | ٪٤ | ٠ | ٪٠ | ٠ | ٪٠ |
| دیالە | بەعقوبە | ٣,٢٣٥ | ١٩٨ | ٪٦ | ٠ | ٪٠ | ٠ | ٪٠ | ٠ | ٪٠ | ٠ | ٪٠ | ٤٥ | ٪١ | ١٥٣ | ٪٥ | ٠ | ٪٠ |
| دیالە | خانەقین | ٢,١١٩ | ٧١ | ٪٣ | ٠ | ٪٠ | ٠ | ٪٠ | ٠ | ٪٠ | ٠ | ٪٠ | ٥ | ٪٠ | ٦٦ | ٪٣ | ٠ | ٪٠ |
| هەولێر | هەولێر | ٣٦,١٠٥ | ١٤٦ | ٪٠ | ٧٢ | ٪٠ | ٠ | ٪٠ | ٠ | ٪٠ | ٠ | ٪٠ | ٧٤ | ٪٠ | ٠ | ٪٠ | ٠ | ٪٠ |
| کەربەلا | کەربەلا | ١,٨٨٣ | ٤ | ٪٠ | ٠ | ٪٠ | ٠ | ٪٠ | ٤ | ٪٠ | ٠ | ٪٠ | ٠ | ٪٠ | ٠ | ٪٠ | ٠ | ٪٠ |
| کەرکوک | کەرکوک | ١٣,٧٠٥ | ١,٢٢٤ | ٪٩ | ١,٠٢١ | ٪٧ | ٠ | ٪٠ | ٠ | ٪٠ | ١ | ٪٠ | ٢٥ | ٪٠ | ١٧٧ | ٪١ | ٠ | ٪٠ |
| نەینەوا | موسڵ | ١٧,٦٥٢ | ١,٢٠٢ | ٪٧ | ١٧٨ | ٪١ | ٠ | ٪٠ | ٢٦ | ٪٠ | ٤٨ | ٪٠ | ٦٤٩ | ٪٤ | ٢٨٥ | ٪٢ | ١٦ | ٪٠ |
| نەینەوا | شێخان | ٧,٩١٥ | ٣٨٨ | ٪٥ | ٠ | ٪٠ | ٠ | ٪٠ | ١٠ | ٪٠ | ٠ | ٪٠ | ٣٧٨ | ٪٥ | ٠ | ٪٠ | ٠ | ٪٠ |
| نەینەوا | شنگال | ٦,٠٣٦ | ٦٨٨ | ٪١١ | ٤٣٢ | ٪٧ | ٠ | ٪٠ | ٠ | ٪٠ | ٠ | ٪٠ | ١٣٦ | ٪٢ | ١٢٠ | ٪٢ | ٠ | ٪٠ |
| نەینەوا | ئاکرێ | ٤,٧٧٥ | ٥٧ | ٪١ | ٠ | ٪٠ | ٠ | ٪٠ | ٠ | ٪٠ | ٠ | ٪٠ | ٥٧ | ٪١ | ٠ | ٪٠ | ٠ | ٪٠ |
| نەینەوا | تەلعەفەر | ١,٥٨٨ | ١٥٣ | ٪١٠ | ٦٤ | ٪٤ | ٠ | ٪٠ | ٠ | ٪٠ | ٠ | ٪٠ | ١٣ | ٪١ | ٧٦ | ٪٥ | ٠ | ٪٠ |
| سەڵاحەددین | توز خورماتوو | ٣,٦١١ | ٤٧٧ | ٪١٣ | ٢٤١ | ٪٧ | ٠ | ٪٠ | ٠ | ٪٠ | ٠ | ٪٠ | ١٣ | ٪٠ | ٢٢٣ | ٪٦ | ٠ | ٪٠ |
| سەڵاحەددین | سامەڕا | ٢,٧١٨ | ١,٣٤٣ | ٪٤٩ | ٦٩٥ | ٪٢٦ | ٢١ | ٪١ | ١٠ | ٪٠ | ١٩١ | ٪٧ | ٢٠٩ | ٪٨ | ٢١٧ | ٪٨ | ٠ | ٪٠ |
| سەڵاحەددین | تکریت | ٢,٥١٢ | ٧٦٦ | ٪٣٠ | ١٣٢ | ٪٥ | ٠ | ٪٠ | ٠ | ٪٠ | ١٥ | ٪١ | ٤٨٠ | ٪١٩ | ١٣٩ | ٪٦ | ٠ | ٪٠ |
| سلێمانی | سلێمانی | ١٥,١١١ | ٢٥ | ٪٠ | ١ | ٪٠ | ٠ | ٪٠ | ٩ | ٪٠ | ٠ | ٪٠ | ١٥ | ٪٠ | ٠ | ٪٠ | ٠ | ٪٠ |
| سلێمانی | کەلار | ٣,٣٦٤ | ٣ | ٪٠ | ٠ | ٪٠ | ٠ | ٪٠ | ٠ | ٪٠ | ٠ | ٪٠ | ٣ | ٪٠ | ٠ | ٪٠ | ٠ | ٪٠ |

هەروەها دابەشکردنی ئەو خێزانە ئاوارە ناوخۆییانەی کە لە شوێنی حەوانەوە ی نەگونجاو دا دەژین لە نێو هەموو قەزاکانی ئاوارەبوون لە نەخشەی ٣ی خوارەوەدا نیشان دراوە.[٥٩]

نەخشەی ٤: دابەشبوونی ئەو خێزانە ئاوارە ناوخۆییانەی کە لە شوێنی حەوانەوە نەگونجاوەکان دا دەژین




جگە لەو جۆرە شوێنی حەوانەوە نەگونجاوانەی کە لە سەرەوە ئاماژەیان پێکراوە، کەمپەکان بەهۆی سروشتی کاتییان و زۆرجار بارودۆخی خراپیانەوە، لە ئاستێکی بەرزدا نین. سەرەڕای کەمبوونەوەی بەرچاو لە ژمارەی ئەو خێزانە ئاوارانەی کە لە کەمپەکاندا دەژین لە نێوان تشرینی یەکەمی ٢٠٢٠ و شوباتی ٢٠٢١ دوای داخستن و دووبارە پۆلێنکردنەوەی کەمپەکان لەلایەن حکومەتی عێراقەوە، بەڵام بە گشتی ٣٦،٦٢٠ خێزانی ئاوارە ماونەتەوە،[٦٠] دەکاتە لە سەدا ١٥ی تێکڕای حاڵەتەکانی وڵات – کە لە سەرانسەری وڵات دا لە کەمپەکاندا دەژین.[٦١] تا ئێستا زۆرترین ژمارەی خێزانە ئاوارەکان لە کەمپی چەمیشکو لە قەزای زاخۆ (٤٣٢٤)، لە دوای ئەویش کەمپی خانکێ (٢٦٩٠) و روانگە (٢٤٥٢) لە قەزای سومێل و هەروەها کەمپی ئیسیان لە قەزای شێخان دەژین.[٦٢]

٥٩ ڕێکخراوی نێودەوڵەتی کۆچ- عێراق (٢٠٢٠). داتاسێتی لیستی سەرەکی تۆماری بەدواداچوونی ئاوارەبوون (١٢١)، بڕوانە: http://iraqdtm.iom.int/MasterList

٦٠ ڕێکخراوی نێودەوڵەتی کۆچ- عێراق (٢٠٢٠-٢٠٢١). ڕاپۆرتەکانی بەدواداچوونی فریاگوزاری جوولەکانی کەمپ، سەر بە تۆماری بەدواداچوونی ئاوارەبوون. بڕوانە: http://iraqdtm.iom.int/IdpMovements#Camp

٦١ ڕێکخراوی نێودەوڵەتی کۆچ- عێراق (٢٠٢١). داتاسێتی لیستی سەرەکی تۆماری بەدواداچوونی ئاوارەبوون (١٢١)، بڕوانە: http://iraqdtm.iom.int/MasterList

٦٢ دەستەی هەماهەنگی و بەڕێوەبردنی کەمپەکان لە عێراق (٢٠٢١). لیستی سەرەکی کەمپ و ڕەوتی دانیشتوان: ئابی ٢٠٢١. بۆ دەستگەیشتن و پەیوەندیکردن بە دەستەکە و داواکردنی ئەم داتاسێتە. بگەڕێنەوە بۆ: https://www.humanitarianresponse.info/en/operations/iraq/camp-coordination-management-cccm


خشتەی ٢: لیستی ئەو کەمپانەی ئاوارە ناوخۆییەکان کە ماون (تاکو نیسانی ٢٠٢١)

| پارێزگا | قەزا | ناحیە | ناوی کەمپ | ژمارەی خێزانەکان |
|---|---|---|---|---|
| ئەنبار | فەلوجە | عامرییە | AAF | ٥٤٩ |
| دهۆک | زاخۆ | دەرکار | بێرسڤ ١ | ١,٠٢٧ |
| دهۆک | زاخۆ | دەرکار | بێرسڤ ٢ | ١,٤١٥ |
| دهۆک | زاخۆ | دەرکار | چەمیشکو | ٤,٣٢٤ |
| دهۆک | زاخۆ | دەرکار | دەرکار | ٦٣٢ |
| دهۆک | ئامێدی | سەرسنگ | داودییە | ٥٠٣ |
| نەینەوا | ئاکرێ | گەردەسین | مەمیلیان | ١٧٢ |
| دهۆک | سومێل | سندی | کەبەرتو ٢ | ٢,٢٦٢ |
| دهۆک | سومێل | سندی | خانکێ | ٢,٦٩٠ |
| دهۆک | سومێل | سلێڤانی | باجد کەندالا | ١,٦٨٢ |
| دهۆک | سومێل | سلێڤانی | کۆمەڵگای روانگە | ٢,٤٥٢ |
| دهۆک | سومێل | سندی | شاریا | ٢,٣٠٦ |
| دهۆک | سومێل | سندی | کەبەرتو ١ | ٢,٣٢٤ |
| دیالە | خانەقین | قەرەتوو | قورەتو | ١٠٩ |
| هەولێر | هەولێر | سەنتەری هەولێر | بەحرکە | ٩٢٠ |
| هەولێر | هەولێر | سەنتەری هەولێر | هەرشم | ٢٨٣ |
| هەولێر | مەخموور | دیبەگە | دیبەگە ١ | ١,٤٢١ |
| نەینەوا | شێخان | سەنتەری شێخان | ئێسیان | ٢,٥١١ |
| نەینەوا | شێخان | سەنتەری شێخان | مامڕەشان | ١,٥٠٨ |
| نەینەوا | شێخان | سەنتەری شێخان | شێخان | ٦٣٢ |
| نەینەوا | حەمدانییە | سەنتەری حەمدانییە | حەسەنشام U٢ | ٨٩٢ |
| نەینەوا | حەمدانییە | سەنتەری حەمدانییە | حەسەنشام U٣ | ١,٢٧٧ |
| نەینەوا | حەمدانییە | سەنتەری حەمدانییە | خازر M١ | ١,٠٧٣ |
| نەینەوا | موسڵ | قەیارە | قەیارە جەدە ٥ | ١,٣٥٣ |
| سلێمانی | کەلار | سەنتەری کەلار | تازادە | ١٩٣ |
| سلێمانی | سلێمانی | قەرەداغ | IDP عەربەت | ٢٩١ |
| سلێمانی | سلێمانی | قەرەداغ | IDP ئاشتی | ١,٨١٩ |
| **گشتی** | | | | **٣٦,٦٢٠** |

هەروەها دابەشبوونی هەموو کەمپەکان لە سەرانسەری وڵات لە نەخشەی ٤ی خوارەوەدا نیشان دراوە.[١٣]


١٣ ڕێکخراوی نێودەوڵەتی کۆچ- عێراق (٢٠٢٠). داتاسێتی لیستی سەرەکی تۆماری بەدواداچوونی ئاوارەبوون (١٢١)، بڕوانە: http://iraqdtm.iom.int/MasterList

نەخشەی ٤: دابەشبوونی خێزانە ئاوارە ناوخۆییەکان لە کەمپەکان دا (تاکو نیسانی ٢٠٢١)




هەبوونی ژمارەیەکی پێویستی خانووبەرە لە شوێنەکانی گەڕانەوەدا، بەربەستێکی بەرچاو دروست دەکات بۆ بەدەستهێنانی چارەسەری بەردەوام لە نێو ئەو خێزانانەی کە لە ئاوارەییدا دەژین. بۆ نموونە، ئەو ئاوارانەی کە بەنیازن بگەڕێنەوە بۆ شوێنی زێدی خۆیان زۆرجار ڕێگرییان لێدەکرێت کە ئەو کارە بکەن بەهۆی بەرکەوتنی زیانێکی گەورە بە خانووەکانی پێش ئاوارەبوونیان. ئەمە لە هەڵسەنگانی شوێنی یەکخراوی نێودەوڵەتی کۆچ ٢٠٢٠ دا ڕەنگی داوەتەوە، لەگەڵ زیانەکانی/وێرانکردنی خانووبەرە کە وەک ئالنگارییەکی بۆ گەڕانەوەی ئاوارەکان لەلایەن ٧١٪ی خێزانەکانی ئاوارە ناوخۆییەکانەوە ڕاگەیەنراوە، ئەمەش وایکردووە کە باوترین بەربەست بێت کە لە ساڵی ٢٠٢٠دا ڕاگەیەنرا بێت.[١٤] وەک لە وێنەی ٨دا خوارەوەدا نیشان دراوە، ئەم پرسە بووەتە بەربەستێکی بەرچاوی گەڕانەوە لە نێوان ئاوارە ناوخۆییەکان لە ساڵی ٢٠١٦وە.[١٥]

وێنەی ٩: ڕێژەی سەدی ئەو ئاوارە ناوخۆییانەی کە ناتوانن بگەڕێنەوە ماڵەکانیان بەهۆی زیانگەیشتن/وێرانبوونی خانووبەرەیان لە ناوچەی زێدیان دا، ٢٠١٦ بۆ ٢٠٢٠




١٤ هەروەها زیانپێگەیشتن و وێرانبوونی خانووبەرە یەکێک بووە لە باوترین بەربەستەکانی گەڕانەوە کە لە ساڵی ٢٠١٦وە ڕووبەڕووی ئاوارە ناوخۆییەکان بووەتەوە. ئەم ڕێژانەی خوارەوەی ئاوارە ناوخۆییەکان لەو شوێنانەدا ژیاون کە زانیاریدەرانی سەرەکی ئەم بابەتیان وەک یەکێک لە بەربەستە سەرەکییەکانی گەڕانەوە بۆ سەر ماڵ و حاڵیان، ڕاگەیاندووە: ٢٠١٦ (٥٤٪)، ٢٠١٧ (٥١٪)، ٢٠١٨ (٧١٪)، ٢٠١٩ (٦٢٪) و ٢٠٢٠(٧١٪).

١٥ بۆ خستنەڕوویەکی گشتی تەواو لەبارەی ئەو ڕێژە جیاوازانەی کە ئاوارەکان ڕووبەڕووی بەربەستی گەڕانەوە دەبنەوە، بگەڕێنەوە بۆ: IOM Iraq (٢٠٢٠). داتاسێتی هەڵسەنگاندنی شوێنی یەکخراوی ٥ تۆمار بەدواداچوونی ئاوارەبوو. بڕوانە: http://iraqdtm.iom.int/ILA5#.

جگە لەوەی کە ئاوارە ناوخۆییەکان بە هۆی پرسەکانی پەیوەندیدار بە خانووبەرە، زەوی و مۆڵکداری ڕووبەڕووی بەربەستی گەڕانەوە دەبنەوە، خێزانەکان بە شێوەیەکی بەربڵاو ڕووبەڕووی کێشەی کەمی خانووبەرە دەبنەوە، لە کاتی گەڕانەوەیان بۆ ناوچەی زێدی خۆیان. پێوەرەکانی گەڕانەوەی ڕێکخراوی نێودەوڵەتی کۆچ، زانیاری لەسەر دوو نیشاندەری سەرەکی پەیوەست بە خانووبەرە لە شوێنەکانی گەڕانەوە، بەرهەم دەهێنێت: ڕادەی وێرانکارییەکانی شوێنی نیشتەجێبوون و، لەو حاڵەتانەی کە ئەو جۆرە وێرانکارییە بەربڵاوە، ڕادەی ئاوەدانکردنەوەی شوێنی نیشتەجێبوون.[٦٦]

خشتەی ٣ی خوارەوە ژمارە و ڕێژەی ئەو خێزانە گەڕاوانە نیشان دەدات کە لەو ناوچانەدا دەژین کە وێرانکاری نیشتەجێبوونیان تێدا ڕوویداوە.[٦٧] هەروەها ژمارە و ڕێژەی ئەو خێزانە گەڕاوانە نیشان دەدات کە لەو شوێنانەدا دەژین کە وێرانکاری نیشتەجێبوونیان تێدا ڕوویداوە، بەڵام هیچ ئاوەدانکردنەوەیەکی نیشتەجێبوونیان تێدا ئەنجام نەدراوە. بەگشتی لەسەدا ٨٠ی خێزانە گەڕاوەکان لەو شوێنانەدا دەژین کە وێرانکاری شوێنی نیشتەجێبوون تێیدا ڕوودەدات.[٦٨] بەرزترین ڕێژەی وێرانکاری شوێنی نیشتەجێبوون لە پارێزگای ئەنبار بەدی دەکرێت، کە نزیکەی هەموو خێزانە گەڕاوەکان لەو شوێنانەدا دەژین کە وێرانکاریی نیشتەجێبوونیان زۆرە (٪٩٧)، دواتر نەینەوا (٪٨٢) و دیالە (٪٧٧).[٦٩] معبەڵام زۆرترین ژمارەی ڕاستەقینەی خێزانە گەڕاوەکان کە لەو ناوچانەدا دەژین کە وێرانکاری نیشتەجێبوونیان تێدا ڕوویداوە لە پارێزگای نەینەوا (٢٦٠,٤٠٠) – لەگەڵ زۆرینەی ئەم گروپە کە لە قەزای موسڵ نیشتەجێن (١٥١,٦٤٢)، کە بەرزترین ئاستی وێرانکارییان لە سەردەمی شەڕی داعشدا هەبووە نێوان ساڵانی ٢٠١٤ و ٢٠١٧.[٧٠]

لە نێو ئەو خێزانانەی کە وێرانکاری نیشتەجێبوونیان تێدا ڕوودەدات، ڕێژەی جیاواز لە ئەم گروپەدا هەیە کە خانووەکان ئاوەدان نەکراونەتەوە. کەرکوک زۆرترین ڕێژەی ئەو خێزانە گەڕاوانەی تێدایە کە لەو شوێنانەدا دەژین کە خانووە زیانلێکەوتووەکان ئاوەدان نەکراونەتەوە (٪٦٨)، لە کاتێکدا ڕێژەیەکی بەرچاو لە دیالە (٪٤٧) و نەینەوا (٪٢٨) تۆمارکراوە.[٧١] پوختەیەکی تەواو لەو ڕێژانەی کە خێزانە گەڕاوەکان لەو شوێنانە دەژین کە وێرانکاری و ئاوەدانکردنەوەی نیشتەجێبوونیان تێدا ڕوویداوە لە خشتەی ٣ی خوارەوەدا نیشان دراوە. پێویستە ئاماژە بەوە بکرێت کە ئەو خێزانانەی لەو قەزایانەی کە ڕێژەی وێرانکاری نیشتەجێبوونیان بەرزە، ئاوارەبوون بەڵام ئێستا ڕێژەی نزمی ئاوەدانکردنەوەی نیشتەجێبوون، ئەگەری زۆرە ڕووبەڕووی ئاستەنگ ببێتەوە لەگەڵ بەدەستهێنانی بژاردەی نیشتەجێبوونی سەلامەت و بەردەوام.

خشتەی ٣: ئەو خێزانە گەڕاوانەی لەو ناوچانەدا دەژین کە وێرانکاری شوێنی نیشتەجێبوونیان تێیدا ڕوویداوە و ئاوەدانکردنەوەیان تێیدا ئەنجام نادرێت

| | ئەو خێزانە گەڕاوانەی لەو ناوچانە دەژین کە ئاوەدانکردنەوەیان تێیدا هەبووە | | ئەو خێزانە گەڕاوانەی لەو ناوچانە دەژین کە ئاوەدانکردنەوەیان تێیدا نەبووە[٧٢] | |
|---|---|---|---|---|
| | ٪ | # | ٪ | # |
| **ئەنبار** | ٢٤٢,٦٤١ | ٪٩٧ | ٢٢,٧٤٤ | ٪٩ |
| کەعیم | ١٦,٩١٦ | ٪١٠٠ | ٣,١٤٧ | ٪١٩ |
| ڕوتبە | ٤,٥٩٨ | ٪١٠٠ | ٣,٤٨١ | ٪٧٦ |
| ئانە | ٢,٤٧٤ | ٪١٠٠ | ١,٤٢٤ | ٪٥٨ |
| فەلوجە | ٨٧,٩٠٨ | ٪٩٧ | ٢٠ | ٪٠ |
| حەدیسە | ٢,٠٢٠ | ٪٤٤ | ١,٢١٠ | ٪٦٠ |
| هیت | ٢٥,٩٤٠ | ٪٨٨ | ١٣,٤٦٢ | ٪٥٢ |

٦٦ لە پێوەرەکانی گەڕانەوەی تۆماری بەدواداچوونی ئاوارەبوون-ی ڕێکخراوی نێودەوڵەتی کۆچ- عێراق، پرسیار لە زانیاریدەرانی سەرەکی دەکرێت کە ئایا خانووەکان لە شوێنەکەدا وێرانبوون/زیانیان بەرکەتووە و تواناى هەڵبژاردنی ئەم ڕێژانەیان هەیە کە وێرانبوون لە خانووبەرە ڕوویانداوە: زیاتر لە نیوە، نزیکەی نیوەی، کەمتر لە نیوە، هیچ وێران بەبووە (هەرگیز وێران نەبووە)، و هیچ وێرانبوونێک نیە (هەموویان بنیات نراونەتەوە). لەو حاڵەتانەی کە هەریەکێک لە سێ هەڵبژاردەی یەکەم هەڵبژێردرابوون، دواتر پرسیار لە زانیاریدەرانی سەرەکی کرا کە ئایا هیچ کام لە خانووە وێرانکراوەکان ئاوەدان کراوەتەوە یان نۆژەن کراوەتەوە و دەتوانن لەمانەی خوارەوە هەڵبژێرن: بەڵێ، زۆر؛ بەڵێ، کەمێک، و هیچیان. بۆ زانیاری زیاتر، بگەڕێنەوە بۆ: IOM (٢٠٢١). شێوازی کارکردنی پێوەری گەڕانەوە. بڕوانە: http://iraqdtm.iom.int/ReturnIndex#Methodology

٦٧ ئەو شوێنانەی کە لە پێوەرەکانی گەڕانەوەدا بە ڕێژەی بەرز یان مامناوەند پۆلێن کراون، ئەو شوێنانەن کە زۆر یان هەندێک وێرانکاری نیشتەجێبوونیان تێدا ڕوویداوە.

Iraq (٢٠٢١) داتاسێتی پێوەری گەڕانەوەی تۆماری بەدواداچوونی ئاوارەبوونی ١٢. بڕوانە: http://iraqdtm.iom.int/ReturnIndex#Datasets

٦٩ Iraq (٢٠٢١) داتاسێتی پێوەری گەڕانەوەی تۆماری بەدواداچوونی ئاوارەبوونی ١٢. بڕوانە:http://iraqdtm.iom.int/ReturnIndex#Datasets

٧٠ Iraq (٢٠٢١) داتاسێتی پێوەری گەڕانەوەی تۆماری بەدواداچوونی ئاوارەبوونی ١٢. بڕوانە:http://iraqdtm.iom.int/ReturnIndex#Datasets


٧١ Iraq (٢٠٢١) داتاسێتی پێوەری گەڕانەوەی تۆماری بەدواداچوونی ئاوارەبوونی ١٢. بڕوانە:http://iraqdtm.iom.int/ReturnIndex#Datasets

٧٢ ئەم دوو ستوونە پەیوەندییان بە ژێرکۆمەڵەی ئەو گەڕانەوانەوە هەیە کە لەو شوێنانەدا دەژین کە وێرانکاری شوێنی نیشتەجێبوونیان تێدا ڕوویداوە.

| | | | | |
|---|---|---|---|---|
| رەمادی | ١٠٠,١٠٠ | ٪١٠٠ | - | ٪٠ |
| رەعوە | ٢,٦٨٥ | ٪١٠٠ | - | ٪٠ |
| **بەغداد** | ٨,٩٢٦ | ٪٥٩ | ٧٩٠ | ٪٩ |
| ئەبو غرێب | ٣,٩٠١ | ٪١٠٠ | - | ٪٠ |
| کازمییە | ٥٥٢ | ٪٤٣ | - | ٪٠ |
| مەحمودییە | ٣,٣٧٧ | ٪٤١ | ٧٩٠ | ٪٢٣ |
| تەرمیە | ١,٠٩٦ | ٪٦١ | - | ٪٠ |
| **دیالە** | ٣٠,٥٧٦ | ٪٧٧ | ١٤,٤٥٣ | ٪٤٧ |
| خالس | ٥,١٢٢ | ٪٤٥ | ٣٧٨ | ٪٧ |
| مقدادییە | ٨,٠٤٠ | ٪٨١ | ٤,٨٣٥ | ٪٦٠ |
| خانەقین | ١٦,٦٩٤ | ٪٩٩ | ٩,٢٤٠ | ٪٥٥ |
| کفری | ٢٢٠ | ٪١٠٠ | - | ٪٠ |
| **هەولێر** | ٣,٢٥٨ | ٪٣٦ | - | ٪٠ |
| مەخموور | ٣,٢٥٨ | ٪٣٦ | - | ٪٠ |
| **کەرکوك** | ٢١,٩٨٩ | ٪٣٨ | ١٥,٠١٠ | ٪٦٨ |
| حەویجە | ٢٠,٨٤٢ | ٪٧٤ | ١٤,٢٤٤ | ٪٦٨ |
| دبس | ٨٠ | ٪٧ | - | ٪٠ |
| داقوق | ٧٤١ | ٪٢٥ | ٦١٦ | ٪٨٣ |
| کەرکوك | ٣٢٦ | ٪١ | ١٥٠ | ٪٤٦ |
| **نەینەوا** | ٢٦٠,٤٠٠ | ٪٨٢ | ٧٢,٩٣٦ | ٪٢٨ |
| بەعاج | ٨,٥٤٨ | ٪٩١ | ٢,٥٥٣ | ٪٣٠ |
| حەمدانییە | ١٦,٦٠٦ | ٪٥٩ | ٧٣٥ | ٪٤ |
| هەترا | ٥,٩٠١ | ٪٠ | ٢٢٢ | ٪٤ |
| موسڵ | ١٥١,٦٤٢ | ٪٧٢ | ٥٠,٠١٠ | ٪٣٣ |
| سنجار | ١٩,٠٤٣ | ٪٨٦ | ١٣,٥٦٥ | ٪٧١ |
| تەلەعفەر | ٤٨,٦٠٦ | ٪٩٧ | ٢,٥٨٤ | ٪٥ |
| تلکێف | ١٠,٠٥٤ | ٪٨٢ | ٣,٢٦٧ | ٪٣٢ |
| **سەلاحەددین** | ٨٠,٨٨٠ | ٪٦٨ | ١٠,٤٧٨ | ٪١٣ |
| دەوز | ٢,٨٢٦ | ٪٢٨ | ٢,٨٢٦ | ٪١٠٠ |
| فارس | ١,٠٠٥ | ٪٤٨ | ٤٨٧ | ٪٤٨ |
| شرقات | ٢٧,٠٨٦ | ٪١٠٠ | - | ٪٠ |
| باجی | ١٥,٥٦٣ | ٪٧٨ | ١,٧٢٨ | ٪١١ |
| بەلەد | ٩,٠٧٤ | ٪٧٩ | ٥٦٦ | ٪٦ |
| تکریت | ٢٠,٦٨٧ | ٪٧١ | ٤,٠٠٨ | ٪١٩ |
| تووز خورماتوو | ٤,٦٣٩ | ٪٥٣ | ٨٦٣ | ٪١٩ |

نەخشەی ٥ خوارەوە ئەو ڕێژە جیاوازانە نیشان دەدات کە خێزانە گەڕاوەکان لەو شوێنانە دەژین کە وێرانبوونی شوێنی نیشتەجێبوونیان تێدا ڕوویداوە لە نێو هەموو قەزاکانی گەڕانەوەدا.[٧٣]

نەخشەی ٦: ژمارەی ئەو خێزانە گەڕاوانەی لەو ناوچانە دەژین کە وێرانکاری شوێنی نیشتەجێبوونیان تێدا ڕوویداوە





## پرەنسیپی پینهیرۆ ٧: مافی ئازادی هاتووچۆکردن

حەوتەمین پرەنسیپی گشتگیر، پەیوەندی بە مافی هەمووکەسێکەوە هەیە کە ئازادی هاتووچۆیان هەبێت. نامیلکەی پینهیرۆ دووڕەهەندی سەرەکی ئەم بنەمایە دەخاتە ڕوو: مافی مانەوە لە ناو ناوچەیەک، و مافی ئازادبوون لە ناچارکردن لە ڕۆیشتن لە ناوچەیەکەوە. پرسێکی دیکە کە بە تایبەتی لە عێراقدا پەیوەندیدارە پرسی گەڕانەوەیە کە لەلایەن دەسەڵاتە ئەمنییەکانەوە ڕێگری لێدەکرێت، کە دەتوانێت لە هەر خاڵێکدا لە هەوڵەکانی خێزانەکان بۆ گەڕانەوە بۆ ماڵەوە ڕووبدات. ئەم ڕەهەندانە لە خوارەوە بە نیشاندەری جیاواز ڕوومالکراون.

هەڵسەنگاندنی شوێنی یەکخراوی ڕێکخراوی نێودەوڵەتی کۆچ ٢٠٢٠ ئەو ڕادەیەی دیاریکردووە کە ئاوارە ناوخۆییەکان و گەڕاوەکان، ئازادی هاتووچۆیان نییە. لە سەرانسەری وڵاتدا، ڕێژەی ئەو شوێنانەی کە ئاوارە ناوخۆییەکان و خێزانە گەڕاوەکان ڕووبەڕووی سنوورداکردنی هاتووچۆ دەبنەوە هاوشێوەن، بە ڕێژەی لەسەدا ١٤ و ١٧.[٧٤]

وێنەی ١٠: ڕێژەی سەدی شوێنەکانی ئاوارە ناوخۆییەکان و گەڕاوەکان کە خێزانەکان ڕووبەڕووی سنورداکردنی هاتووچۆ دەبنەوە





٧٣ IOM Iraq (٢٠٢١) داتاسێتی پێوەری گەڕانەوەی تۆماری بەدواداچوونی ئاوارەبوونی ١٢. بڕوانە: http://iraqdtm.iom.int/ReturnIndex#Datasets

٧٤ IOM Iraq (٢٠٢٠). داتاسێتی هەڵسەنگاندنی شوێنی یەکخراوی ٥ی تۆماری بەدواداچوونی ئاوارەبوون بڕوانە: http://iraqdtm.iom.int/ILA5#Datasets

هەرچەندە جیاوازییەکی بەرچاو لە نێو ئەو قەزایانەدا هەیە کە ئاوارە ناوخۆییەکان و گەڕاوەکان تێیدا نیشتەجێن. سەبارەت بە ئاوارە ناوخۆییەکان، لە ٦٨ قەزا لە کۆی ٩٤ قەزا کە خێزانەکان تێیدا ئاوارەن، هیچ شوێنێک نییە کە خێزانەکان لە هاتووچۆدا سنووردار بکرێن. لە بەرامبەردا لە نێو ١٥ لەو قەزایانەی کە سنووردارکردنی هاتووچۆیان هەیە، لانیکەم لە سەدا ٩٠ی شوێنەکان سنووردارکردنیان بەسەردا دەسەپێنرێت.[٧٥] ئەم شوێنە گەرمانە لە نەخشەی ٦ی خوارەوەدا نیشان دراون.

نەخشەی ٧: ڕێژەی سەدای شوێنی ئاوارە ناوخۆییەکان کە سنووردارکردنی هاتووچۆ تێیاندا سەپێنراوە





دەکرێت دۆخێکی هاوشێوە لەو شوێنانەدا بەدی بکرێت کە گەڕاوەکان تێیدا نیشتەجێن. لە ١٦ شوێنی وڵات لە کۆی ٣٨ شوێن کە گەڕاوەکان گەیشتوونەتە ئەوێ، هیچ سنووردارکردنێک بۆ هاتووچۆ نەسەپێنراوە.[٧٦] بەڵام لە ١٣ لەو قەزایانەی کە سنووردارکردنی هاتووچۆیان هەیە، لانیکەم لە سەدا ٦٠ی لەو شوێنانەدا سەپێنراوە کە خێزانە گەڕاوەکان تێیدا دەژین، و هاوکات ئەو سنووردارکردنانە لە هەموو شوێنەکانی ناو سێ قەزا: عەنە، ڕەعوە و داعور[٧٧] سەپێنراوە. بەگەڕێوە بۆ نەخشەی ژمارە ٧ لە خوارەوە.

٧٥ بۆ خستنەڕوویەکی گشتی تەواو سەبارەت بە ڕێژەی ئەو شوێنانەی لە هەر قەزایەکدا کە سنووردارکردنی هاتووچۆیان تێدا سەپێنراوە، بگەڕێوە بۆ: IOM Iraq (٢٠٢٠). داتاسێتی هەڵسەنگاندنی شوێنی یەکخراوی ٥ی تۆماری بەدواداچوونی ئاوارەبوون. بڕوانە: http://iraqdtm.iom.int/ILA5#Datasets

٧٦ IOM Iraq (٢٠٢٠). داتاسێتی هەڵسەنگاندنی شوێنی یەکخراوی ٥ی تۆماری بەدواداچوونی ئاوارەبوون. بڕوانە: http://iraqdtm.iom.int/ILA5#Datasets

٧٧ IOM Iraq (٢٠٢٠). داتاسێتی هەڵسەنگاندنی شوێنی یەکخراوی ٥ی تۆماری بەدواداچوونی ئاوارەبوون. بڕوانە: http://iraqdtm.iom.int/ILA5#Datasets

نەخشەی ٨: ڕێژەی سەدی شوێنەکانی گەڕانەوە کە سنووردارکردنی هاتووچۆیان بە سەر دا سەپێنراوە




ئالنگارییەکی تر کە ڕووبەڕووی ئاوارە ناوخۆییەکان دەبێتەوە لە شوێنەکانی ئاوارەبوون دا، پەیوەندی بە ترسی گواستنەوەی زۆرەملێ یان دەرکردنیان لە شوێنی ئاوارەبوونیان هەیە. لە کاتێکدا ئەمە کێشەیەکی بچووکە کە لە شوێنەکانی ئاوارەبوون لە سەرانسەری وڵاتدا ڕاگەیەنراوە (١٪ی هەموو شوێنەکان)، ترس لە گواستنەوە یان دەرکردن بە زۆر لە نزیکەی یەک لە سەر دەی شوێنەکان (١١٪) لە قەزای شنگال لە پارێزگای نەینەوا، ڕاگەیەنراوە. ئەمە تاکە قەزایە کە ئەم کێشەیە تێیدا ڕاگەیەنراوە.

## گەڕانەوەی ڕێگریلێکراو

لە سەرانسەری وڵاتدا، خێزانەکان بە شێوەیەکی بەربڵاو ڕێگریان لێکراوە لە گەڕانەوە بۆ ناوچەی زێدی خۆیان. زۆرجار گەڕانەوەکان لەلایەن هێزە سەربازییەکان یان هێزە ئەمنییەکانەوە ڕێگریان لێدەکرێت، ئەمەش بە شێوەیەکی باو بە پاساوی ئەوەی کە ئاوارەکان خاوەنی بەڵگەنامەی پێویست نین بۆ ئەوەی ئەو شوێنە بەجێبهێڵن کە تێیدا ئاوارەبوون، یان دووبارە بچنەوە ناو ناوچەی زێدی خۆیان.[٧٨] سەرەڕای ئەوەش، گەڕانەوەی ڕێگریلێکراو هەندێک جار لەلایەن سەرکردەکانی هۆزەکانەوە دەسەپێندرێت لەو حاڵەتانەی کە خێزانە ئاوارەکان گومانی دەستتێکەڵکردن لە گەڵ داعشیان لێدەکرێت لەلایەن ئەو کەسانەی لە ناوچەی زێدی خۆیان. هەروەها لە هەندێک حاڵەتدا، هەندێک گروپ ڕێگری لێدەکرێت لە گەڕانەوە بۆ شوێنەکانیان لە کاتێکدا هەندێکی تر لە یەک کاتدا ڕێگەیان پێدەدرێت بگەڕێنەوە.[٧٩]

تێگەیشتن تا ئەو ڕادەیەی کە گەڕانەوەی ڕێگریلێکراو کاریگەری لەسەر مافەکانی ئاوارەکان هەیە بۆ سوودوەرگرتن لە ئازادی هاتووچۆ لە ڕێگەی چاودێریکردنی ئەو داتایەی کە لە شوێنەکانی


٧٨ توێژینەوەیەک کە لەلایەن ڕێکخراوی نێودەوڵەتی مۆچ-ەوە ئەنجامدراوە لەسەر جۆرە جیاوازەکانی بەربەستی گەڕانەوە ڕێگە دەدات بە تێگەیشتن تا ئەو ڕادەیەی کە گەڕانەوەی ڕێگریلێکراو، پێش لە خێزانەکان دەگرێت بۆ بەدەستهێنانی چارەسەرێکی بەردەوام، لەگەڵ خستنەڕوویەکی گشتی لە جۆرە سەرەکییەکانی تری بەربەست کە ڕووبەڕوویان دەبێتەوە. ئاماژە بە: ڕێکخراوی نێودەوڵەتی کۆچ لە عێراق (٢٠٢١). ئاوارەبوونی درێژخایەن لە عێراق: سەرلەنوێ سەردانی جۆرەکانی بەربەستەکانی گەڕانەوە. بڕوانە: https://iraq.iom.int/publications/protracted-displacement-iraq-revisiting-categories-return-barriers

٧٩ ڕێکخراوی چاودێریکردنی مافەکانی مرۆڤە (٢٠٢٠). هەرێمی کوردستانی عێراق. ڕێگری لە گەڕانەوەی عەرەبەکان کراوە. بڕوانە: https://www.hrw.org/news/2020/07/19/kurdistan-region-iraq-arabs-blocked-returning

ئاوارەبوون و هەروەها گەڕانەوەدا کۆکراونەتەوە، دەکرێت. لە هەڵسەنگاندنی شوێنی یەکخراوی ڕێکخراوی نێودەوڵەتی کۆچ ٢٠٢٠ (IOM's ILA ٢٠٢٠)، لەسەدا حەوتی ئاوارە ناوخۆییەکان لەو شوێنانە دەژین کە گەڕانەوەی ڕێگریلێکراو یەکێکە لە بەربەستە سەرەکییەکانی گەڕانەوە بۆ ماڵەوە.[٨٠] ئەو ڕێژەیەی کە ئاوارە ناوخۆییەکان ڕووبەڕووی ئەم بەربەستە دەبنەوە لە پارێزگای بابل دایە، کە ١٣٩٩ خێزان (٩٩٪) ڕووبەڕووی گەڕانەوەی ڕێگریلێکراو دەبنەوە. هاوکات، زۆرترین ژمارەی خێزانە ئاوارە ناوخۆییەکان کە ڕووبەڕووی ئەم بەربەستە دەبنەوە لە سلێمانییە (٣،٣٨٣، ١٥٪ی کۆی حاڵەتەکانی پارێزگاکە)، دواتر نەینەوا (٢،٠١٠، ٧٪).

هەروەها ئەو داتایە لە شوێنەکانی گەڕانەوەدا کۆکراونەتەوە تیشک دەخەنە سەر ڕادەی گەڕانەوەی ڕێگریلێکراو لە سەرانسەری وڵاتدا. پێوەری گەڕانەوەی ڕێکخراوی نێودەوڵەتی کۆچ زانیاری لەسەر ڕێژەی ئەو خێزانە ئاوارانە کۆدەکاتەوە کە ڕێگرییان لێدەکرێت لە گەڕانەوە.[٨١] لە سەرانسەری وڵاتدا، ڕێژەی بەرزی گەڕانەوەی ڕێگریلێکراو لە ٢٣ شوێنی گەڕانەوەدا ڕاپۆرت کراوە (١٪)، کە زۆربەیان لە نەینەوا (١٣)، بە تایبەت لە قەزاکانی بەعاج (٥)، حەمدانییە (٣) و موسڵ (٣). شوێنەکانی تری گەڕانەوە کە ڕێگریکردن لە گەڕانەوەیان تێدا ئەنجام دراوە بریتیین لە پارێزگای سەڵاحەدین (١٠٪)، بە شێوەیەکی سەرەکی لە بێجی (٣)، فارس (٢)، تکریت (٢) و توزخورماتوو (٢). نەخشەی ٨ لە خوارەوە ژمارەی ئەو شوێنانە لە ناو هەشت پارێزگاکانی گەڕاوەکاندا نیشان دەدات کە 'زۆرێک' یان 'هەندێک' خێزان ڕێگری کراون لە گەڕانەوەیان بۆ ئەو پارێزگایانە. ئەو قەزایانەی زۆرترین ژمارەی ئەو شوێنانەیان هەیە کە ڕێگریکردن لە گەڕانەوەیان تێدا ڕوودەدات بریتین لە موسڵ (٩٣، ٢٥٪)، حەوێجە (٧٢، ٤٩٪) و هیت (٦٥، ٩٨٪).[٨٢]

نەخشەی ٩ : ژمارەی شوێنەکانی گەڕانەوە لەناو ئەو قەزایانەی کە خێزانەکان ڕێگرییان لێدەکرێت لە گەڕانەوە




٨٠ IOM Iraq (٢٠٢٠). داتاسێتی هەڵسەنگاندنی شوێنی یەکخراوی ٥ی تۆماری بەدواداچوونی ئاوارەبوون. بڕوانە: http://iraqdtm.iom.int/ILA5#Datasets

٨١ لە پێوەرەکانی گەڕانەوەدا، پرسیار لە زانیاریدەرانی سەرەکی دەکرێت کە ئایا خێزانە ئاوارەکان لە شوێنەکانی گەڕانەوە هەن کە ڕێگەیان پێنادرێت بگەڕێنەوە (بەهۆی یاسا یان کردارەکانی سەپێنراو لەلایەن هێزە ئەمنییەکان، کۆمەڵگا، یان دەسەڵاتە خۆجێیەکانی ترەوە)، و دەتوانن لەم بژاردانەی خوارەوە هەڵبژێرن : بەڵێ، زۆر؛ بەڵێ، کەمێک، نەخێر، نیە. بگەڕێوە بۆ: IOM (٢٠٢١): شێوازی کارکردنی پێوەرەکانی گەڕانەوە. بڕوانە: http://iraqdtm.iom.int/ReturnIndex#Methodology


٨٢ ڕێکخراوی نێودەوڵەتی کۆچ- عێراق (٢٠٢١). داتاسێتی پێوەری گەڕانەوەی تۆماری بەدواداچوونی ئاوارەبوون ١٢. بڕوانە: http://iraqdtm.iom.int/ReturnIndex

## پرەنسیپی پینهێرۆ ٨: مافی گەڕانەوەی ئارەزوومەندانە بە سەلامەتی و کەرامەتەوە

پرەنسیپی هەشتەمی پینهێرۆ پەیوەندی بە مافی گەڕانەوەی هەموو ئاوارە ناوخۆییەکانەوە بە سەلامەتی و کەرامەتەوە، هەیە. نامیلکەکە، ئەوە دیاری دەکات کە بۆ ئەوەی ئاوارەکان بگەڕێنەوە ماڵەوە و دووبارە نیشتەجێ ببنەوە بە شێوەیەک کە سەلامەت و شکۆمەندانە بێت، گەڕانەوە دەبێت ئارەزوومەندانە بێت و لەسەر بنەمای هەڵبژاردنێکی ئازاد و ئاگادارانە بێت. ئەمەش بەو مانایەیە کە پێویستە زانیاری نوێ و ورد بخرێتە بەردەستی ئاوارە ناوخۆییەکان سەبارەت بە پرسە تەنی و یاسایی و سەلامەتییەکان لە ناوچەی زێدی خۆیان. چاودێریکردنی داتای کۆکراوە لە نێو ئەو ئاوارە ناوخۆییانەی کە بیر لە گەڕانەوە دەکەنەوە بۆ ماڵەوە دەتوانێت یارمەتیدەر بێت لە تێگەیشتن لەوەی کە تا چەند پشتگیری لەم مافە گرنگە لە سەرانسەری وڵاتدا، دەکرێت.[٨٣]

داتای توێژینەوەی ئاوارەبوونی شارنشینی ڕێکخراوی نێودەوڵەتی کۆچ لە ساڵی ٢٠٢٠دا، ئەو ڕێژەیە جیاوازانە باس دەکات کە خێزانانی ئاوارە ناوخۆییەکانی دەرەوەی کەمپەکان – کە لە سەدا ٨٥ی تێکرای حاڵەتەکانی ئاوارە ناوخۆییەکانی وڵات پێکدەهێنن – ڕاپانگەیاندووە کەوا زانیاری تەواویان هەیە سەبارەت بە دۆخی ناوچەی زێدی خۆیان بۆ دەرکردنی بڕیارێکی ئاگادارانە سەربارەت بە گەڕانەوە. وەک لە وێنەی ١٠ی خوارەوەدا نیشان دراوە، ئەو ڕێژانەی کە ئاوارە ناوخۆییەکانی شارنشینی ئاستێکی پێویستی زانیارییان نییە، لە سەرانسەری ئەو شارە سەرەکییانەی کە تێیدا ئاوارەن، جیاوازییەکی بەرچاویان هەیە.[٨٤] بەرزترین ڕێژەی ئاوارە ناوخۆییەکان کە ڕووبەڕووی ئەم کێشەیە دەبنەوە لە بەغدا/ئەبوغرێب (٦٠٪)، لە دوای ئەویش بەعقوبە (٤٧٪) و زاخۆ (٤٣٪) دێن.

وێنەی ١١: ڕێژەی سەدی ئەو ئاوارە ناوخۆییانەی شارنشین کە ئاستێکی پێویستی زانیارییان نییە سەبارەت بە شوێنی زێدی خۆیان بۆ ئەوەی بڕیار بدەن بگەڕێنەوە




سەرەڕای ئەوە، لە هەمان توێژینەوەی ئاوارەبوونی شارنشینی دا، ئەو خێزانەئاوارە ناوخۆییانەی کە ئاستی زانیارییان پێوسیتییان نییە بۆ ئەوەی بڕیارێکی ئاگادارانە سەبارەت بە گەڕانەوە بۆ ماڵەوە بدەن، و ئاماژەشیان بەوە کرد کە بۆچی ئەمە حاڵەتەکەیە. بەگشتی، باوترین کێشە لە سەرانسەری شارەکاندا پەیوەندی بە ئاڵنگارییەکانی دەستگەیشتن بە زانیارییەکانەوە هەیە، بە تایبەت لە کەرکوک (٧٤٪)، دواتر متمانە نەکردن بەو زانیاریانەی کە وەریدەگرن کە بە ڕێژەیەکی بەرچاو لە تکریت (٦١٪) و موسڵ (٥٦٪) ڕاگەیەنراوە.[٨٥،٨٦] بۆ خستنەڕوویەکی گشتی تەواو لەو ڕێژانەی کە خێزانە ئاوارە ناوخۆییەکان ڕووبەڕووی کێشەی جیاواز دەبنەوە کە پەیوەندییان بە دەستگەیشتن بە زانیاری سەبارەت بە شوێنی زێدیانەوە هەیە، بڕوانە وێنەی ١١ی خوارەوە بکە.


٨٣ لە هەڵسەنگاندنی پێداویستییەکانی فرە دەستەیی ریچ (REACH) ٢٠٢٠ دا ، تەنها لەسەدا شەشی هەموو خێزانە ئاوارە ناوخۆییەکان ڕاپانگەیاندووە کە بەنیازن بگەڕێنەوە ماڵەوە لە ١٢ مانگی داهاتوودا، دوای ئابی ٢٠٢٠. ئاوارەکانی دیکە ڕاپانگەیاندووە کە بەنیازن لە شوێنی ئێستایان بمێننەوە (٥٧٪) یان بچنە شوێنێکی جیاواز لە نێو ناوچەی ئێستایاندا (١٧٪)، لەگەڵ کەمترین ژمارە بەنیازی ڕۆیشتن بۆ دەرەوەی وڵات (١٪) یان بۆ شوێنێکی دیکە لە ناوخۆی عێراق (<١٪). بگەڕێوە بۆ: داتا سێتی هەڵسەنگاندنی پێداویستییەکانی فرە دەستەیی دەمەزراوەب (REACH) ٢٠٢٠. بڕوانە: https://www.reachresourcecentre.info/country/iraq/cycle/28380/#cycle-28380

٨٤ ڕێکخراوی نێودەوڵەتی کۆچ-عێراق (٢٠٢١). ئاوارەبوونی شارنشینی لە عێراق: خستنەڕووی گشتی. بڕوانە: http://iraqdtm.iom.int/DurableSolutions/ProtractedDisplacement

٨٥ سەرنج بدەنە ئەو ژمارانەی لێرە و لە وێنەی ١٢ادا نیشان دراون پەیوەندییان بە ژێر کۆمەڵەی ئاوارە ناوخۆییەکانەوە هەیە کە ڕاپانگەیاندووە ئاستێکی کەمی زانیارییان نییە سەبارەت بە ناوچەی زێدی خۆیان

٨٦ ڕێکخراوی نێودەوڵەتی کۆچ عێراق (٢٠٢١). ئاوارەبوونی شارنشینی لە عێراق: خستنەڕووی گشتی. بڕوانە: http://iraqdtm.iom.int/DurableSolutions/ProtractedDisplacement

وێنەی ١٢: ڕێژەی سەدی ئەو خێزانە ئاوارە ناوخۆییانەی کە هۆکاری جیاوازیان بۆ نەبوونی زانیاریی تەواو سەبارەت بە شوێنی زێدیان، ڕاگەیاندووە




هەروەها هەمان توێژینەوەی ئاوارەبوونی شارنشینی ڕێکخراوی نێودەوڵەتی کۆچ زانیاری لەسەر ڕێژەی ئاوارە ناوخۆییەکانی هەر شارێک کۆکردەوە کە لە قەزا جیاوازەکانەوە هاتوون. چاودێریکردنی شوێنە شارنشینەکان کە دانیشتووانێکی هاوچەشنییان هەیە – واتە ئەو شارانەی کە دانیشتوانی ئاوارە ناوخۆییەکان تەنیا لە ژمارەیەکی کەمی قەزاکانەوە هاتوون – دەتوانێت یارمەتیدەر بێت لە تێگەیشتن لەوەی کە لە کوێدا کێشەکانی پەیوەست بە دەستگەیشتن بە زانیارییەکان کە لە سەرەوە ئاماژەیان پێکراوە ئەگەری زیاتریان هەیە کە ڕووبەڕوویان بێتەوە.

وەک لە خشتەی ٥ی خوارەوەدا نیشان دراوە، تەنیا ژمارەیەکی کەم لە شوێنە شارییەکان هاوچەشنن. هاوچەشنترین شوێنی شاری ئاوارەبوون بریتییە لە توز لە پارێزگای سەڵاحەددین (کە ٩٤٪ی لە ناو بەشی تری قەزاکەوە هاتوون)، تکریت لە سەلاحەددین (کە ٧٤٪ی لە بێجییەوە هاتوون)، هەروەها زاخۆ لە پارێزگای دهۆک (کە ٥٥٪ یان لە شنگالەوە هاتوون).[٨٧]

بەم پێیە، لەو حاڵەتانەی کە ئاوارە ناوخۆییەکان لە ژمارەیەکی کەم لە قەزاکانەوە هاتوون، هۆکارەکانی ئەوەی کە بۆچی ناتوانن دەستیان بە زانیارییەکان بگات (وەک لە وێنەی ١١ی سەرەوەدا ئاماژەی پێکراوە) بە ئەگەرێکی زۆرەوە تایبەتن بەم قەزایانە. بۆ نموونە ئاوارە ناوخۆییەکانی توز هۆکارە سەرەکییەکانی نەبوونی زانیاریی تەواویان وەک نەتوانینی دەستپێگەیشتن یان نەزانینی ئەوەی لە کوێ بەدوایدا بگەڕێن، ڕاگەیاند. بەو پێیەی نزیکەی هەموو ئاوارە ناوخۆییەکانی توز خورماتوو لە ناو هەمان قەزاوە هاتوون، ئەگەری زۆرە ئەو کێشانەی کە ئاوارەکانی ئەم شارە ڕووبەڕوویان دەبێتەوە لە پەیوەندی بە دەستگەیشتن بە زانیارییەوە، بە تایبەتی پەیوەندی بەو قەزایە سەرەکییەوە هەبێت کە لێیەوە هاتوون (توز). هەمان بنەما بۆ هەموو قەزا هاوچەشنەکانی تریش دەگونجێت کە لە خشتەی ٥ی خوارەوەدا هاتووە.

٨٧ ڕێکخراوی نێودەوڵەتی کۆچ- عێراق (٢٠٢١). ئاوارەبوونی شارنشینی لە عێراق: خستنەڕوویەکی گشتی. بڕوانە: http://iraqdtm.iom.int/DurableSolutions/ProtractedDisplacement

خشتەی ٥: قەزا سەرەکییەکانی زێد لە نێو ئاوارە ناوخۆییەکانی شوێنە شارنشینەکان دا

| شوێنی شارنشینی ئاوارەبوون | بەغداد، ئەبوغرێب | بەعقوبە | دهۆک | هەولێر | کەرکوک | موسڵ | سلێمانی | تکریت |
|---|---|---|---|---|---|---|---|---|
| ٣ لە قەزا زێدە هەرە سەرەکییەکان بۆ هەر شوێنێکی شارنشینی ئاوارەبوون | فەلوجە (٪٣٨) | مقدادییە (٪٣٢) | موسڵ (٪٤٥) | موسڵ (٪٢٥) | حەویجە (٪٤٣) | موسڵ (٣٩) | ڕەمادی (٪١١) | بێجی (٪٧٤) |
| | ڕەمادی (٪١٤) | خانەقین (٪٣١) | سنجار (٤٥) | حەمدانییە (٪١٣) | توز (٪١٥) | سنجار (٪٢٦) | بەعقوبە (٪٨) | تکریت (٪٤) |
| | ئەلکەعیم (٪٨) | خاڵس (٪١٥) | تەلەعفەر (٪٤) | بێجی (٪٨) | بێجی (٪٧) | تەلەعفەر (٢٤) | موسەیب و بەلەد (٪٧) | بەلەد (٪٣) |

## یەکەم پڕەنسیپی زیادکراو: مافی تۆمار و بەڵگەنامەی خانووبەرە، زەوی و مۆڵکداری

یەکەم پرەنسیپی زیادکراو پەیوەندی بە مافی هەموو ئاوارە ناوخۆییەکانەوە هەیە بۆ تۆمار و بەڵگەنامەکانی موڵکداری. ئەم پرەنسیپە لە پەیوەندی بە بارودۆخی عێراقەوە هەیە، لەگەڵ نەبوونی بەڵگەنامەی یاسایی گونجاو بە شێوەیەکی بەربڵاو کە ئالنگاری بۆ ئەو خێزانانە دروست دەکات کە بەنیازن بگەڕێنەوە بۆ ماڵەکەیان لە پێش ئاوارەبوون. ژمارەیەکی زۆر لە خێزانەکان خاوەنی بەڵگەنامە نین بەهۆی ئەوەی لە کاتی ئاوارەبوونیاندا ون بوون یان لەناوچوون، لە کاتێکدا لە حاڵەتەکانی تردا خێزانەکان خاوەنی بەڵگەنامەی نادروستن کە لە ناوچەکانی داگیرکراوی داعش لە نێوان ساڵانی ٢٠١٤ بۆ ٢٠١٧ بەرهەم هێنراون.[٨٨] ئەو خێزانانەی کە ئەم بەڵگەنامە گرنگانەیان نییە یان هەرگیز نەیانبووە، بەگشتی ڕووبەڕووی کێشە دەبنەوە لە سەلماندنی خاوەندارێتی خانووەکانیان لە شوێنی پێش ئاوارەبوون، کە دەتوانێت کاریگەری هەبێت لەسەر زاڵبوون بەسەر کەیسەکانی داگیرکردنە لاوەکییە نایاساییەکان و دووبارە داواکردنەوەی ماڵەکانیان. هەروەها دەتوانێت ئالنگاری بۆ خێزانەکان دروست بکات لەکاتی داوای قەرەبووکردنەوە لە ڕێگەی پلانی قەرەبووکردنەوەی حکومەتەوە.[٨٩]

چەندین سەرچاوەی داتا دەتوانن یارمەتیدەر بن لە تێگەیشتن لە جۆرەکانی ئەو ئالنگارییانەی کە ڕووبەڕووی ئاوارەکان و گەڕاوەکان دەبنەوە سەبارەت بە بەڵگەنامەکانی خانووبەرە، زەوی و مۆڵکداری. نیشاندەرەکان پەیوەندییان بە ڕێژەی دەستگەیشتن و خاوەندارێتی بەڵگەنامەکانەوە هەیە، و چۆن ئەمە بەپێی ڕێکخستنی ژیانی ئاوارە ناوخۆییەکان پێش ئاوارەبوون دەگۆڕێت. لە هەڵسەنگانی پێداویستییەکانی فرە دەستەیی (MCNA)٢٠٢٠، کەمێک زیاتر لە نیوەی هەموو ئەو خێزانە ئاوارە ناوخۆییانەی کە ڕاپرسییان پێکراوە، ڕایانگەیاندووە کە خاوەنی بەڵگەنامەی خانووبەرە، زەوی و مۆڵکداری نین (٪٥٤).[٩٠] ڕێژەیەکی بەرچاو لە سەرووی تێکڕای ماڵەکان ئەم کێشەیەیان لە ناحیەی شێخانی پارێزگای نەینەوا (٪٩٤)، قەزاکانی دهۆک (٪٩٢) و زاخۆ (٪٩٠) لە پارێزگای دهۆک، هەروەها قەزاکانی (٪٩٢) وهەڵەبجە (٪٨٧) دۆکان لە سلێمانی، ڕاگەیاندووە.[٩١]

سەرەڕای ئەوە، توێژینەوەی ئاوارەبوونی شارنشینی ڕێکخراوی نێودەوڵەتی کۆچ، بنکۆڵی لەوە کرد کە ئایا خێزانە ئاوارە ناوخۆییەکان خاوەنی خانوون لە ناوچەی زێدی خۆیان، هەروەها چۆن ڕێژەی خاوەندارێتی بەڵگەنامەکانی خانووبەرە، زەوی مۆڵکداری بەپێی دۆخی نیشتەجێبوونیان دەگۆڕێت. وەک لە وێنەی ١٢ی خوارەوەدا نیشان دراوە، ڕێژەی خاوەندارێتی خانوو لە نێوان ئاوارەکان بە شێوەیەکی بەرچاو جیاوازە لە سەرانسەری ئەو شارانەی کە تێیدا ئاوارەن. خێزانە ئاوارە ناوخۆییەکانی زاخۆ پێدەچێت زیاتر خاوەنی خانوو بن لە ناوچەی زێدی خۆیان، لە کاتێکدا نزیکەی سێ لە چواری خێزانەکان لە کەرکوک (٪٧٥) و دهۆکیش (٪٧٤) ڕایانگەیاندووی کە دۆخەکایان بەم شێوەیە.


٨٨ دامەزراوەی (REACH) ٢٠٢٠ ڕاپۆرتی پێداویستییەکانی بەڵگەنامەی مەدەنی و خانووبەرە و مۆڵکداری لە عێراق. بڕوانە: https://www.impact-repository.org/document/reach/55c300b3/REACH_IRQ_Protection_factsheet_combined_01062020.pdf

٨٩ ناوی پلانی قەرەبووکردنەوەکە بریتییە لە لیژنەی ناوەندی عێراق بۆ قەرەبووکردنەوەی زیانلێکەوتووان بەهۆی ئۆپەراسیۆنەکانی جەنگ و هەڵەی سەربازی و ئۆپەراسیۆنە تیرۆریستییەکان کە بە لیژنەی قەرەبووکردنەوەی ناوەندی (CCA) ناسراوە. بۆ زانیاری زیاتر، بگەڕێوە بۆ: دەستەی لاوەکی تایبەت بە خانووبەرە، زەوی و مۆڵکداری لە عێراق (ئازار ٢٠٢٠). ڕێنماییەکانی قەرەبووکردنەوەی موڵکداری. بە پشت بەستن بە یاسای عێراقی ٢٠ی ساڵی ٢٠٠٩ و یاسای ٥٧ی ساڵی ٢٠١٥ (هەمواری یەکەم) و یاسای ٢ی ساڵی ٢٠٢٠ (هەمواری دووەم). بڕوانە: https://reliefweb.int/sites/reliefweb.int/files/resources/property_compensation_guidelines_amended.pdf

٩٠ دامەزراوەی (REACH) ٢٠٢٠. داتاسێتی هەڵسەنگاندنی پێداویستییەکانی فرە دەستەیی (MCNA) ٨. بڕوانە: https://www.reachresourcecentre.info/country/iraq/cycle/28380/#cycle-28380


٩١ دامەزراوەی (REACH) ٢٠٢٠. داتاسێتی هەڵسەنگاندنی پێداویستییەکانی فرە دەستەیی (MCNA) ٨. بڕوانە: https://www.reachresourcecentre.info/country/iraq/cycle/28380/#cycle-28380

وێنەی ١٣: ڕێژەی سەدی ئەو خێزانە ئاوارە ناوخۆییانەی کە لە شارەکان دا ئاوارەبوون و خاوەنی خانوویەکن لە شوێنی زێدی خۆیان دا




هەروەها ئەو خێزانە ئاوارە ناوخۆییانەی کە خاوەنی خانوون لە ناوچەی زێدی خۆیان ئاماژەیان بەوە کردووە کە ئایا خاوەنی بەڵگەنامەی خانووبەرە یان نا. ڕێژەی خاوەندارێتی کردنی بەڵگەنامەی گونجاو لە هەولێر (٧١٪) و تکریت (٧١٪) بەرزترین بووە، ئەمەش بە پێچەوانەی ڕێژەی نزمی خاوەندارێتی لە زاخۆ (٢٢٪) و توز خورماتوو (٢٢٪) بووە.[92] بە شێوەیەکی بەرچاو ڕێژەیەکی زیادی خێزانە ئاوارە ناوخۆییەکان ڕایانگەیاندووە کە هەرگیز هیچ بەڵگەنامەیەکی نیشتەجێبوونیان نەبووە، لە کەرکوک (٦٦٪)، توز خورماتوو (٦٤٪) و زاخۆ (٥٥٪). هاوکات، نزیکەی یەک لە سەر پێنجی خێزانە ئاوارە ناوخۆییەکان لە بەغدا/ئەبوغرێب (١٩٪)، سلێمانی (١٩٪) و بەعقوبە (١٧٪) ڕایانگەیاندووە کە بەڵگەنامەکانیان ون بوون یان لەناوچوون.

وێنەی ١٤: ڕێژەی سەدی ئەو خێزانە ئاوارە ناوخۆییانەی کە لە ناو شارەکان دا ئاوارەبوون کە دۆخی جیاوازی خاوەندارێتی بەڵگەنامەی خانووبەرەیان هەیە




٩٢ سەرنج بدەن کە ئەو زانیاریانەی لێرەدا خراوەتەڕوو پەیوەندییان بە ژێرکۆمەڵەی خێزانە ئاوارە ناوخۆییەکانەوە هەیە لە هەر شارێکەوە هەیە کە وایانڕاگەیاندووە خاوەنی خانوون. بۆ بینینی ڕێژەی ئەو خێزانانەی لە هەر شارێکدا کە خاوەنی خانوون، بگەڕێوە بۆ وێنەی ١٣ی سەرەوە.

## دووەم ڕێسای زیادکراو: مافی دەستەبەری قەرەبووکردنەوە و گێڕانەوەی موڵک

لەساڵی ٢٠١٨ەوە، هاوڵاتییانی عێراق توانیویانە داواکاری پێشکەش بکەن بۆ قەرەبووی زیانی پەیوەنددار بە داعش، ئەمەش زیانلێکەوتووانی راگوێزراویش دەگرێتەوە بۆ خانووە کۆنەکانیان. لەکاتی دامەزراندنی سکیمی حکومەت لە ڕێگای پێکهێنانی کۆمیتەی ناوەندی قەرەبووکردنەوە، داواکاری بە ڕێژەیەکی کەم پێشکەش کراوە، بەهۆی نەبوونی هۆشیاریی لەسەر سکیمەکان لەنێوان زیانلێکەوتووان.[٩٣] دواکەوتی دوور و درێژیش بوونەتە هۆکاری دابەشکردنی هێواشی پارەی قەرەبووەکان.[٩٤]


ئەمانجی یەکێک لە پانێلەکان لە لایەن ڕێکخراوی IOM و زانکۆی جۆرجتاون لەنێوان ٢٠١٦ و ٢٠٢٠ تێگەیشتن بوو لە ئەزموونی ئاوارەبوون و گەڕاوەکان بوو لەگەڵ داواکاری بۆ قەرەبووکردنەوە لەرێگای پلانەکانی حکومەت. هەندێك لە دەرخەرە گرنگەکانی پانێلەکە باس لە جۆری ئەو ئاستەنگانە دەکەن کە خێزانەکان لەم بارەیەوە ڕووبەڕووی بوونەوە. یەکەمیان پەیوەندی هەیە بە پەیوەندی نێوان هۆشیاری خێزانەکان بۆ کۆمیتەکانی قەرەبووکردنەوە کە پلانەکە بەڕێوەدەبەن، هەروەها ڕێژەکانی داواکاری بۆ قەرەبووکردنەوە. وەك لە خشتەی ٦ لە خوارەوە هاتووە، وا دەردەکەوێت کە پەیوەندییەك هەیە لەنێوان هۆشیاری زیاد بوون لەسەر پلانەکان قەرەبووکردنەوە و زیادبوونی ژمارەی داواکارییەکان، لەنێوان هەردوو خێزانی ئاوارە و گەڕاوەکان. لەنێوان مایسی ٢٠١٦ و کانوونی دووەمی ٢٠٢٠، ئاستی زانین دەربارەی هەبوونی پلانەکانی قەرەبووکردنەوە بەشێوەیەکی بەرچاو زیادی کرد بۆ راگوێزراوان (لە ٩٪ بۆ ٧٠٪) وە گەڕاوەکان (لە ١١٪ و ٨١٪).

خشتەی ٦: ڕێژەی سەدی ئەو خێزانانەی باس لەوە دەکەن کە هۆشیاریان هەیە لەسەر قەرەبوو وە ڕێژەکانی پێشکەش کردن

| | گروپی دانیشتووان | مایسی ٢٠١٦ | ئەیلولی ٢٠١٧ | تشرینی دووەمی ٢٠١٨ | کانوونی دووەمی ٢٠٢٠ |
|---|---|---|---|---|---|
| زانیاری دەربارەی سکیم/ لیژنەکانی قەرەبووکردنەوە | ڕاگوێزراوان | ٪٩ | - | - | ٪٧٠ |
| | گەڕاوەکان | ٪١١ | - | - | ٪٨١ |
| پێشکەشکردنی داواکاری قەرەبووکردنەوە[٩٥] | ڕاگوێزراوان | - | ٪٢٧ | ٪٤٩ | ٪٥٩ |
| | گەڕاوەکان | - | ٪٢٣ | ٪٥٤ | ٪٦٤ |

هەروەها پانێلی ڕێکخراوی IOM جۆرجتاون زانیاری خستە بەردەست دەربارەی سەرکەوتنی پرۆسەی پێشکەشکردنی داواکاری بۆ قەرەبووکردنەوەی ئاواران و گەڕاوەکان. سەرەڕای بەرز بوونەوەیەکی زۆر لە داواکارییەکان بۆ سکیمی قەرەبووکردنەوە، زۆربەی داواکارەکان ئاگادار نەکرابوونەوە کە ئایا داواکارییەکەیان سەرکەوتوو بووە یان نا. سەرکەوتنی داواکاری ڕاگوێزراوان لەماوەی نێوان ٢٠١٨ بۆ ٢٠٢٠ بەرز بووەوە لە ١٪ بۆ ٩٪. هەمان ڕێژەی گەڕاوەکان کە باسیان لەوە دەکرد کە داواکارییەکانیان سەرکەوتوو بووە وەك خۆی مایەوە لەم ماوەیەدا (٦٪).

وێنەی ١٤: ڕێژەی سەددی ئاواران و گەڕاوەکان کە باسی باری هەژمارەکانیان دەکەن بۆ قەرەبوو ماڵە زیانلێکەوتووەکانیان




٩٣ بۆ زانیاری زیاتر دەربارەی لیژنە ناوەندییەکانی قەرەبووکردنەوە، ئاماژە بە ڕێنماییەکانی قەربووکردنەوەی موڵك بکە. ئاماژە بکە بە خانوو، زەوی و موڵکداری-گروپی لاوەکی لە عێراق. ڕێنماییەکانی قەرەبووکردنەوەی موڵک. لەسەر بنەمای یاسای عێراقی ژمارە ٢٠ی ساڵی ٢٠٠٩. بڕوانە:
https://reliefweb.int/sites/reliefweb.int/files/resources/property_compensation_guidelines_amended.pdf

٩٤ ڕێکخراوی (IOM) و زانکۆی جۆرج تاون (٢٠٢٠). دەستگەیشتن بە چارەسەرە هەمیشەییەکان لە نێوان ئاوارانی عێراق دا: پێنج ساڵ ئاوارەبوون: بڕوانە: https://iraq.iom.int/publications/access-durable-solutions-among-idps-iraq-five-years-displacement

٩٥ تێبینی ئەوە بکە کە هەموو ئەو داتایانەی کە لێرە دا خراونەتەڕوو پەیوەستن بەو گروپە بچووکەی ئەو خێزانانەی کە باسی ئەوەیانکرد کە خاوەن خانووی خۆیان لە شوێنی زێدی خۆیان.

توێژینەوەی ڕێکخراوی IOM بۆ جۆری ئاوارەبوونی شاری هەروەها ئامانجی تێگەیشتن لەوە بوو کە ئایا خێزانە ئاوارەکان لە شارەکان داواکاری قەرەبوو کردنەوەیان لەلایەن حکومەتەوە پێشەکەشکردووە.[٩١] لە ١٠ شاردا، ٤٤٪ی خێزانە ئاوارەکان باسیان لەوە کردووە کەوا پێشکەشی قەرەبووی کومەتیان کردووە. ژمارەیەکی زۆری خێزانەکان کە نیشتەجێی بەغداد\ئەبوغرێبن پێشکەشیان کردووە (٦٦٪)، هەروەها لە شاری هەولێر (٥١٪) و کەرکوك (٤٩٪). وەك لە خشتەی ٧ لە خوارەوە هاتووە، ئەو خێزانانەی کە زیاتر لە یەك یان ٢ خانوویان هەیە، ئەگەری زیاتری هەیە کە پێشکەشیان کردبێت.

الجدول خشتەی ٧: ڕێژەی سەدی ئەو خێزانانەی لە شارەکان باس لەوە دەکەن کە پێشکەشیان کردووە بۆ قەرەبووکردنەوە\دووبارە نیشتەجێبوونەوە لە زێدی خۆیان، بەپێی جۆری ڕێکخستنی خانوو

| | تاك خانووی کرێ | خانووی چەندی کرێ | خانووی موڵکی خێزان - تاك | خانووی موڵکی خێزان – چەندی | نیشتەجێبوون لەگەڵ ئەندامانی تری خێزان – کرێ نادات و خاوەنی خانوو نییە | هەموو ڕێکخستنەکانی خانوو (گشت ئاواران) |
|---|---|---|---|---|---|---|
| بەغداد\ئەبوغرێب | ٪٤٣ | ٪٠ | ٪٦٥ | ٪٩٠ | ٪٩٧ | ٪٦٦ |
| بەعقوبە | ٪٤١ | ٪١٧ | ٪٤٠ | ٪٣٠ | ٪٢٣ | ٪٣٧ |
| دهۆك | ٪٣٣ | ٪٥٧ | ٪٣٦ | ٪٥٦ | ٪٦٣ | ٪٤٢ |
| شاری هەولێر | ٪٣٢ | ٪٩ | ٪٦٥ | ٪٤٠ | ٪٠ | ٪٥١ |
| کەرکوك | ٪٦٩ | ٪٠ | ٪٤٢ | ٪٦١ | ٪٥٠ | ٪٤٩ |
| موسڵ | ٪٤١ | ٪٣٨ | ٪٤٠ | ٪٣٩ | ٪٣٩ | ٪٤٠ |
| سلێمانی | ٪٣٧ | ٪٠ | ٪٣١ | ٪٤٣ | ٪١١ | ٪٣٠ |
| تکریت | ٪٢٦ | ٪٠ | ٪٣٧ | ٪٥٤ | ٪٢٥ | ٪٣٦ |
| تووزخورماتوو | ٪٣٤ | ٪٠ | ٪٣٢ | ٪١٤ | ٪٣٣ | ٪١٨ |
| زاخۆ | ٪٢٥ | ٪٠ | ٪٤٤ | ٪٦٠ | ٪١٣ | ٪٤١ |
| **گشتی** | **٪٣٨** | **٪١٦** | **٪٤٨** | **٪٤٧** | **٪٣٥** | **٪٤٤** |

٩١ کۆمەڵەی لاوەکی خانوو، زەوی و موڵکداری (HLP) کە لەلایەن ڕێکخراوی هابیتاتی ئەنجوومەنی نەرویجی بۆ پەنابەران سەر بەنەتەوەیەکگرتووەکان سەرۆکایەتی دەکرێت ڕاپۆرتێکی تێروتەسەلی لەسەر پرۆسەی پەیوەست بە پڕکردنەوەی داواکاری قەرەبووکردنەوە ئامادەکرد و بڵاوکردەوە. ئاماژە دان بە: گروپی لاوەکی خانوو، زەوی و موڵکداری (HLP) (٢٠٢٠). ڕێنماییەکانی قەرەبووکردنەوەی موڵک. لەسەر بنەمای یاسای عێراقی ژمارە ٢٠ی ساڵی ٢٠٠٩ و یاسای ٥٧ی ساڵی ٢٠١٥ ( هەمواری یەکەم). https://reliefweb.int/sites/reliefweb.int/files/resources/property_compensation_guidelines_amended.pdf ئەو ئاڵنگاریانەی کە هاتنەپێش بە تێروتەسەلی خراونەتەڕوو لە بەشی تێبینی داکۆکیکردن لە پلان و نەخشەی قەرەبووکردنەوەی موڵک لە عێراق دا. ئاڵنگارییەکان و ڕاسپاردەکان

# کۆتایی

ئەم ڕاپۆرتە ئەوەی تاوتوێ کردووە کە تا چ ڕادەیەك و کام لەهەشت پرەنسیپی ماف – کە لەناویاندا هەشت پرەنسیپی چوارچێوەی پینهێرۆ و دووی زیادە - لەنێوان کۆمەڵگەی ئاواران و گەڕاوەکان پەیڕەو دەکرێن. پوختەیەك لە ئەنجامەکان لەژێر هەر پرەنسیپێك لە خوارەوە ئاماژەی پێ کراوە.

### پوختە: تا چ ڕادەیەك مافەکانی HLP خانوو، زەوی و موڵکداری ئاواران و گەڕاوەکان لە عێراق دەستەبەر کراوە؟

لەبەر ئەوەی ئەو داتایەی لەم ڕاپۆرتەدا پێشکەش کراوە لە چەند هەڵسەنگاندنێکی جیاواز کە لەلایەن چەند دەزگایەکی جیاوازەوە کۆکراوەتەوە کە تیایدا ڕاپرسی و مێتۆدۆلۆژی جیاوازیان بەکارهێناوە، بۆیە مومکین نییە کە پرەنسیپەکان بەپێی ڕادەی دەستەبەرکردنیان پۆلێن بکەن. بەڵام پوختە کردنی ئەنجامەکان لەژێر هەر پرەنسیپێك دەتوانێت وەسفێکی گشتی بکات هەلەوەی کام لە مافەکان زیاتر لەوانی تر دەستەبەر کراون.

**پرەنسیپی پینهێرۆ ١**: مافی جیاکاری نەکردن. لەکاتێکدا ناکرێت ئەوە دیاری بکرێت کە تا چ ڕادەیەك ئەم مافە بۆ گەڕاوەکان دەستەبەر دەکرێت، بەڵام داتای ILA ٢٠٢٠ دەڵێت کە ئەمە کێشەیەکی زۆر گەورە نییە بۆ ئەو ئاوارانەی هێشتا لە وڵات هەن. تەنگا ڕێژەیەکی بچووکی ئاواران – کە دەکاتە ٢٢٪ی کەیسی نیشتیمانی – لەو شوێنانە دەژین کەوا دەستەبەری نایەکسان بۆ بەکرێگرتنی خانوو هەیە. بەشێوەیەکی زۆریش، تەواوی ئەو کۆمەڵەیە لە قەزاکانی نەینەوا دەژین، حەمدانییە ٤٦٪ و سنجار ١٩٪.

**پرەنسیپی پینهێرۆ ٢**: مافی یەکسانی نێوان پیاو و ئافرەتان. دەتوانرێت کێشەی یەکسانی لەنێوان پیاوان و ئافرەتان تێبینی بکرێت بە چاودێریکردنی ئەو ڕادەیەی کە خێزانەکان تووشی ئاستەنگی گەڕانەوە دەبن کە پەیوەندییان بە کێشەی HLP لە ناوچەکانیان هەیە. لەناو کەمپ ٦١٪ ئافرەتان ڕووبەڕووی ئەم کێشەیە دەبنەوە بە بەراوورد بە ٤٦٪ی پیاوان. بەهەمانشێوە، لە دەرەوەی کەمپەکان، خێزانی سەرۆك خێزان ئافرەت زیاتر ڕووبەڕووی ئەم کێشانە دەبنەوە بە ڕێژەی ٥٠٪ بۆ ٤٠٪.

**پرەنسیپی پینهێرۆ ٣**:مافی پارێزگاریلێکردن لە ئاوارەبوون (بە ئاوارەبوونی ناراستەوخۆشەوە). ڕێژەی دەستەبەرکردنی ئەم مافە دەتوانرێت بە درێژایی چەند ڕەهەندێکی ئاوارەبوون ببینرێت. یەکێك لە ڕەهەندەکان بریتییە لە ڕێژەی ئەو خێزانانەی کە ڕووبەڕووی کێشەی داگیرکردنی ماڵی تایبەتییان دەبن: تەنها ٢٪ی خێزانە ڕاگوێزراوەکانی وڵات و ٥٪ی خێزانە گەڕاوەکان لەو ناوچانە دەژین کە ئەم کێشەیە تێیدا ڕوودەدات. ڕەهەندێکی تری ئەم مافە پەیوەندی بە دەرکردن لە ماڵەکان هەیە، کە تەنها کریگەری لەسەر ١٪ی ئاواران و گەڕاوەکان لەسەر ئاستی وڵات هەبووە. هەروەها داخستنی کەمپەکان – کە بێ ئاگادارکردنەوە درێژ ماوە لەکایەن حکومەت دەرچووە - کاریگەری هەبووە لەسەر گەڕانەوەی ناچاری نزیکەی ٢٢،٣٨٩ خێزان لەماوەی نێوان تشرینی یەکەمی ٢٠١٩ بۆ نیسانی ٢٠٢١.

**پرەنسیپی پینهێرۆ ٤**: مافی تایبەتمەندی و ڕێزگرتن لە ماڵ. ڕادەی دەستەبەرکردنی ئەم مافە لەوەوە دەردەکەوێت کە چەند لە زیانلێکەوتووان ئەوە باس دەکەن کە پێویستییان بە تایبەتمەندی باشتر و باشتر کردنی ڕێز بۆ کەرامەتی خەڵکە. هەرسێ گروپەکە ئەم پێویستییانە وەك پێویستی سەرەکی دادەنێن بە ڕێژەی نزیك لە یەکتر: ئاوارانی ناو کەمپ (١٢٪)، دەرەوەی کەمپ (١٠٪) وە گەڕاوەکان (٩٪).

**پرەنسیپی پینهێرۆ ٥**: مافی چێژ بینین لە موڵکی کەسی. بەپێی داتای بەردەست، ئەم مافە دەتوانرێت لێکبدرێتەوە بە چاودێریکردنی ڕێژەی ئاواران و خێزانە گەڕاوەکان کە داهاتی سەرەکییان لە فرۆشتنی کەلوپەلەکانیان دەست دەکەوێت. تەنها ڕێژەیەکی کەمی ئەم گروپە دەڵێن کە بارودۆخەکە بەو شێوەیەیە (٢٪ی ڕاگوێزراوان و ١٪ی خێزانە گەڕاوەکان). هەروەها، لەناو خێزانە ڕاگوێزراوەکانی دەرەوەی کەمپەکان کە خاوەن خانوون لە ناوچەکانیان، ٥١٪یان باس لەوە دەکەن کە کەسێکی تر لەناویدا دەژیت. گرنگە تێبینی بکرێت کە لەگەڵ ئەوەی هەندێك داگیرکاری نایاسایی ئەو خانووانە هەیە، لە هەندێك حاڵەتدا ڕێککەوتن لەنێوان خاوەن ماڵ و کرێچییەکانیان هەیە.

**پرەنسیپی پینهێرۆ ٦**: مافی بوونی خانووی گونجاو. دەرخەری سەرەکی بۆ پێوانە کردنی مافی هەبوونی ماڵی گونجاو پەیوەندداره بە ڕێژەی ئاواران و خێزانە گەڕاوەکان کە لەو شوێنە حەوانەوانەی دەژین کە بارودۆخیان زۆر نالەبارە. بەشێوەیەکی گشتی، ٩٪ی گشت خێزانە ئاوارەکان لەم جۆرە شوێنانەی حەوانەوە دەژین، کە کەمێك زیاترە لەو ٤٪ی خێزانە گەڕاوەکان. هەروەها، ژمارەی گشتی ٣٦،٦٢٠ ئاوارە – کە دەکاتە ١٪ی کەیسی حەڵەتەکانی وڵات هێشتا لە کەمپەکانن، وە گونجاو نین بەهۆی سروشتی کاتییان و کوالێتی نزمتر لە ستاندارد. سەبارەت بەو ئاوارانەی دەیانەوێت بگەڕێنەوە، کێشەی خانووە کۆنەکانیان کە خاپووورکراوە لە شەڕی داعشدا یەکێکە لە ئاستەنگە هەرە گەورەکان لەبەردەم خێزانە ئاوارەکان لەساڵی ٢٠١٦وە، کە ٧١٪ باسی ئەم کێشەیە دەکەن لە ٢٠٢٠.

**پرەنسیپی پینهێرۆ ٧**: مافی ئازادی هاتووچۆ. لە سەرانسەری وڵات دا، قەدەغەی هاتووچۆ لە ١٤٪ی ئەو شوێنانەی کە ئاوارەکان تێیدا نیشتەجێن پەیڕەو دەکرێت. وە لە ١٧٪ی هەموو ئەو ناوچانە لەم قەزایانەی خوارەوەن: ئەلدەور، شرقات، ئەنا، باجی، حەدیسە، هیت، مەخمووە، مێرگەسۆر، شەقلاوە، سۆران و تووز خورماتوو. هەروەها قەدەغەی هاتووچۆ لەگشت ناوچەکانی ئەم ٣ قەزایە جێبەجێ دەکرێت: ئەنا، ڕەعوە و ئەلدەور. لەگەڵ ئەوەشدا ١٪ی ئەو ناوچانە باس لەوە دەکەن کە ترسی گواستنەوەی زۆرەملێ یان دەرکردنیان هەیە. شایەنی باسە کە گشت ئەم ناوچانە لە قەزای سنجارن. لە کۆتاییدا، ٧٪ی ئاوارەکان لەو ناوچانە دەژین کە گەڕانەوە بۆی بلۆك کراوە - وە ئەم کێشەیە زیاتر لە پارێزگاکانی

بابل، سلێمانی و نەینەوا باوە. بە هەمان شێوە، ڕێژەیەکی زۆری بلۆک کردنی گەڕانەوە لە تەنها لە ١٪ی ناوچەکانی گەڕانەوە لە وڵاتدا ڕوودەدات – بەتایبەتی ژمارەی بەرز لە پارێزگای نەینەوا، بەعاج ٥، حەمدانییە ٣، هەروەها باجی ٣، و فارس ٢ لە پارێزگای سەلاحەددین.

**پرەنسیپی پینهێرۆ ٨**: مافی گەڕانەوەی بە کەرامەت و خۆبەخشانە. کێشەیەکی سەرەکی پەیوەندیدار بە مافی خۆبەخشانەی گەڕانەوە کە بەشێوەیەك سەلامەت و بە کەرامەت بێت پەیوەندی هەیە بەو زانیارییانەی کەوا گروپەی ئاوارەکان هەیانە بۆ ئەوەی بڕیارێکی باش بدەن. جیاوازییەکی زۆر هەیە لە ناوچە شارییەکان، کە بەرزترین ڕێژەی ئاوارەکان کە ڕووبەڕووی کێشەی بەدەستکەوتنی زانیاری دەبنەوە لە بەغداد، ئەبو غرەب هەیە (٦٠٪)، هەروەها بەعقوبە (٤٧٪) و زاخۆ (٤٣٪). لە سەنتەرەکانی شار، هۆکارەکانی نەبوونی زانیاری پەیوەندی هەیە بە ئاستەنگە گشتییەکان بۆ دەستکەوتنییان، بەتایبەتی لە کەرکوک (٧٤٪)، و ڕێژەیەکی زۆر کە متمانەیان بە زانیارییەکان نییە لە تکریت (٦١٪) و موسڵ (٥٦٪).

**پرەنسیپی زیادکراو ١**: مافی دەستکەوتنی تۆمار و بەڵگەکانی HLP. لەساڵی ٢٠٢٠، نیوەی خێزانە ئاوارەکان (٥٤٪) باسیان لەوە کرد کەوا بەڵگەنامەی HLP –ئەمەش وای لێکردن ڕووبەڕووی کێشە ببنەوە لە سەلماندنی خاوەندارێتی بۆ خانووە کۆنەکانیان. ئەمە ئەو کەیسانەش دەگرێتەوە بۆ ئەو ماڵانەی کە نایاسایی داگیرکراون. ئەو قەزایانەی کە زۆرترین ژمارەی ئەو کەسانەیان هەیە کە بەڵگەنامەیان نییە بریتین لە شێخان لە پارێزگای نەینەوا (٩٤٪)، دهۆك و خزاخۆ لە پارێزگای دهۆك (٩٢٪) و (٩٠٪)، هەروەها دوکان لە پارێزگای سلێمانی (٩٢٪). لە سەنتەرەکانی شار، کەمترین ڕێژەی خاوەندارێتی بەڵگەنامەکان لە تکریت (٢٤٪) و شاری دهۆك (٥٠٪) و شاری هەولێر (٢٩٪).

**پرەنسیپی زیادکراو ٢**: مافی دەستەبەری قەرەبووکردنەوە. لەساڵی ٢٠١٦ەوە، قەرەبووکردنەوەی دارایی بەرامبەر لەدەستدانی خانوبەرە لەلایەن حکومەت نزم بووە. ئەمەش بەهۆی ئەوە بووە کا هۆشیاری نەبووە لەسەر سیستەمەکە یاخود دواکەوتن ڕوویداوە. بەڵام لەساڵی ٢٠١٦ەوە ، نزیکەی ١٠٪ی هەر ئاوارەیەک یان گەڕاوەیەك ووتیان لە سکیمەکە ئاگادارن، لەکاتێکدا ٢٠٪و هەر گروپێك باسیان لەوە کرد کە پێشکەشیان کردووە. لەساڵی ٢٠٢٠، بەلایەنی کەمەوە ٧٠٪ی ئاوارەکان و گەڕاوەکان باسیان لەوە کرد کە ئاگادارن و نزیکەی ٦٠٪یان ووتیان پێشکەشیان کردووە.

## کۆتا وتە

ئەم ڕاپۆرتە خستنەڕوویەکی تێروتەسەلی لەسەر بارودۆخی خانوو، زەوی و موڵکداری- HLP لە عێراق پێشکەش کرد. بەمەش گرنگی دەستنیشانکردنی ڕەهەندی جیاوازی HLP دیاردەکات لە کاتەکدا کە وڵات لە چوارەم ساڵی سەرکەوتن بەسەر داعش نزیك دەبێتەوە. ڕاپۆرتەکە بەرەوپێشچوون و کەموکورتییەکانی پەیوەندیدار بە HLP لە وڵات نیشانداوە، ئەمەش لە ڕێگای خستنەڕووی داتا لەژێر هەر یەکێك لە ڕێساکانی پینهێرۆ– کە ئامرازی جیهانییە بۆ چاودێریکردنی HLP وەك ستوونێکی چارەسەری هەمیشەیی – لەگەڵ ٢ پرەنسیپی زیادەی دیکە.

ئەنجامەکان وا دەردەخەن کەوا هەندێك لە مافەکان دەستبەرکراون بۆ زۆربەی ئاوارەکان و خێزانە گەڕاوەکان وەك مافەکانی تایبەتمەندی و ڕێزگرتن لە ماڵ، ئازادی هاتووچۆکردن و بوونی ماڵی گونجاو. بە پێچەوانەوە هەندێك لە مافەکان بەپێی ئەو پرەنسیپانە دەستەبەر نەکراون وەك مافی یەکسانی نێوان ئافرەت و پیاو، چێژبینینی ئاشتییانەی کەلوپەلی کەسی، وە دەستەبەری تۆمار و بەڵگەکانی HLP بۆ قەرەبووکردنەوەی خانووی لەدەستچوو. بەشێوەیەکی گرنگ، ڕاپۆرتەکە چەند جیاوازییەکی جیۆگرافیشی لە ژێر دەرخەرەکان دەستنیشان کردووە. وەك جیاوازی گەورە لەنێوان قەزاکان لە ڕێژەی خێزانە ئاوارەکان کە لەو شوێنە حەوانەوە زۆر خراپانە دا دەژین کە بارودۆخیان نالەبارە، بە خراپترین ناوچەی دەستنیشانکراو لە قەزای سێمێل لە دهۆك (٣٥٠٨ خێزان) و قەزای فەللوجە لە ئەنبار (٢٥٥٠ خێزان). هەروەها بڵاوبوونەوەیەکی بەرچاوی گەڕاوەکان لەو ناوچانە هەیە کاولکاری تێدا ڕوویداوە، وە ئەمانە وەك نالەبارترین شوێنن وەك موسڵ لە پارێزگای نەینەوا (١٥١،٦٤٢)، ڕەمادی (١٠٠،٠٠٠) کەس و فەللوجە (٨٧،٩٠٨) کەس لە پارێزگای ئەنبار.

بۆ دڵنیایی لەوەی کە بەرنامەکانی HLP مافەکانی گشت کۆمەڵگە زیانلێکەوتووەکانی ئاواران دەستەبەر دەکات، وەها پێشنیاز دەکرێت کە زانیاری بە شێوازێی بەردەوام و لەکاتی خۆیدا کۆبکرێتەوە لە ناوچەکانی ئاواران و گەڕانەوە. بۆ دڵنیایی بوون لە بەسوودی و کاریگەری ئەم زانیاریانە ، پێویستە بەنزیکی لەگەڵ هەماهەنگی چالاکییەکانی HLP یەکبگرێتەوە لەژێر چالاکییەکانی پۆلی لاوەکی عێراق کە لە تەواوی وڵات جێبەجێ دەکرێن، کە ئەمەش کارکردن لە ژێر هەماهەنگی گروپی کاری گەرانەوە دەگرەتەوە. ئەم ڕاپۆرتە وەك بەڵگەیەکە کە پەیوەندیدارە بە کارەکانی HLP و چارەسەری هەمیشەیی لە عێراق لەگەڵ پاراوی زانیاری کە لە خوارەوە پێشکەش کراوە کە ووردەکاری تێدایە بۆ هاریکاری زاڵبوون بەسەرە کێشەکانی HLP لە ١٥ قەزاکەی گەڕانەوە لە عێراق.

# پاشکۆی ١: ماتریکسی دەرخەری پرەنسیپەکانی پینهێرۆی تایبەت بە مافەکانی خانوو، زەوی و موڵکداری

| ڕێساکانی پینهێرۆ | جۆری شوێن | دەرخەر | سەرچاوەی داتا |
|---|---|---|---|
| **١.مافی جیاکاری نەکردن** | ئاوارەبوون | ڕێژەی سەدی ئەو خێزانە ئاوارانەی کە لەو شوێنانەدا دەژین کە بەشێوەیەکی یەکسان دەستیان بە بەکرێگرتنی خانوو ناگات | هەڵسەنگاندنی شوێنی یەکخراوی ٥ی تۆماری بەدواداچوونی ئاوارەبوون (DTM)ی ڕێکخراوی (IOM) |
| **٢.مافی یەکسانی لە نێوان پیاو و ئافرەت دا** | ئاوارەبوون | ڕێژەی سەدی ئەو خێزانە ئاوارانەی کە ڕووبەڕووی بەربەست دەبنەوە لەگەڕانەوە بۆ سەر ماڵ و حاڵیان (جیاکراوەتەوە بۆ ئەو خێزانانەی کە سەر خێزانیان پیاوە ئەوانەی کە سەرخێزانیان ئافرەتە، هەروەها ئەو خێزانانەی کە لە ناو کامپن و ئەوانەشی کە لەدەرەوەی کامپن. | هەڵسەنگاندنی ٨ پێویستی گروپە جۆراوجۆرەکان لە لایەن دەمەزراوەی REACH |
| **٣.مافی پارێزگاریلێکردن لە ئاوارەبوون (بە ئاوارەبوونی لاوەکیشەوە)** | ئاوارەبوون | ڕێژەی سەدی ئەو خێزانە ئاوارانەی کە لەو شوێنانەدا دەژین کە تیایاند شوێنی نیشتەجێبوونیان بە بەی مۆڵەت لێ داگیرکراوە (شوێن داگیرکرنی لاوەکی) | هەڵسەنگاندنی شوێنی یەکخراوی ٥ی تۆماری بەدواداچوونی ئاوارەبوون (DTM)ی ڕێکخراوی (IOM) |
| | گەڕانەوە | ڕێژەی سەدی ئەو خێزانە گەڕاوانەی کە لەو شوێنانەدا دەژین کە تیایاندا ڕووداوی داگیرکردنی شوێنی نیشتەجێبوونی بەشێوەیەکی نایاسایی ڕوویداوە (شوێن داگیرکرنی لاوەکی) | هەڵسەنگاندنی شوێنی یەکخراوی ٥ی تۆماری بەدواداچوونی ئاوارەبوون (DTM)ی ڕێکخراوی (IOM) |
| | ئاوارەبوون | ڕێژەی سەدی ئەو خێزانە ئاوارانەی کە لەو شوێنانەدا دەژین کە تیایاندا هەڕەشەی بەزۆر پێچۆڵکردن و دەرکردن هەیە. | هەڵسەنگاندنی شوێنی یەکخراوی ٥ی تۆماری بەدواداچوونی ئاوارەبوون (DTM)ی ڕێکخراوی (IOM) |
| | گەڕانەوە | ڕێژەی سەدی ئەو خێزانە ئاوارانەی کە لەو شوێنانەدا دەژین کە تیایاندا خێزانەکان بۆ سەر ماڵ و حاڵی خۆیان گەڕاونەتەوە دوای ئەوەی بە زۆر شوێنی ئاوارەبوونیان پێچۆڵکردن. | هەڵسەنگاندنی شوێنی یەکخراوی ٥ی تۆماری بەدواداچوونی ئاوارەبوون (DTM)ی ڕێکخراوی (IOM) |
| | گەڕانەوە | # ئەو خێزانە گەڕاوانەی کە لە کامپەوە بۆ ناوچەی زێدی خۆیان گەڕاونەتەوە، تشرینی یەکەمی ٢٠١٩ بۆ نیسانی ٢٠٢١. | لیستی سەرەکی ١٢١ی تۆماری بەدواداچوونی ئاوارەبوون (DTM)ی ڕێکخراوی (IOM) |

| | | | |
|---|---|---|---|
| ٤. مافی ڕێزگرتن و تایبەتیەتی لەسەر ماڵ و حاڵیان | ئاوارەبوون | ڕێژەی سەدی ئەو خێزانە ئاوارانەی کە باسی ئەوەیانکرد کە ڕێزگرتن و شکۆیان پارێزراوە وەکو پێویستییەکی سەرەکی لە شوێنی حەوانەوە | هەڵسەنگاندنی ٨ پێویستی گرووپە جۆراوجۆرەکان لە لایەن دەمەزراوەی REACH |
| | گەڕانەوە | ڕێژەی سەدی ئەو خێزانە ئاوارانەی کە باسی ئەوەیانکرد کە ڕێزگرتن و شکۆیان پارێزراوە وەکو پێویستییەکی سەرەکی لە شوێنی حەوانەوە | هەڵسەنگاندنی ٨ پێویستی گرووپە جۆراوجۆرەکان لە لایەن دەمەزراوەی REACH |
| ٥. مافی بە ئارامی چێژ و خۆشی وەرگرتن لەو کەلوپەل و شتانەی کە هەتە | ئاوارەبوون | ڕێژەی سەدی ئەو خێزانە ئاوارانەی کە سەرچاوەی سەرەکی داهاتیان بریتیە لە فرۆشتنی کەلوپەلەکانیان | هەڵسەنگاندنی ٨ پێویستی گرووپە جۆراوجۆرەکان لە لایەن دەمەزراوەی REACH |
| | گەڕانەوە | ڕێژەی سەدی ئەو خێزانە گەڕاوانەی کە سەرچاوەی سەرەکی داهاتیان بریتیە لە فرۆشتنی کەلوپەلەکانیان | هەڵسەنگاندنی ٨ پێویستی گرووپە جۆراوجۆرەکان لە لایەن دەمەزراوەی REACH |
| | ئاوارەبوون | ڕێژەی سەدی ئەو خێزانە ئاوارانەی کە باسی ئەوەیانکرد کە کەسێکی دیکە لە خانووەکەیان دا دەژی لە شوێنی پێشووی خۆیان | توێژینەوەی ئاوارەبوونی شاریی تۆماری بەدواداچوونی ئاوارەبوون (DTM)ی ڕێکخراوی (IOM) |
| | ئاوارەبوون | ڕێژەی سەدی ئەو خێزانانە ئاوارانەی کە لەشوێنی حەوانەوەی زۆر خراپ دان (لەگەڵ جۆری شوێنی حەوانەوەی خراپ) | لیستی سەرەکی ١٢١ی تۆماری بەدواداچوونی ئاوارەبوون (DTM)ی ڕێکخراوی (IOM) |
| | ئاوارەبوون | ڕێژەی سەدی ئەو خێزانە ئاوارانەی کە لە کامپ دا دەژین | لیستی سەرەکی ١٢١ی تۆماری بەدواداچوونی ئاوارەبوون (DTM)ی ڕێکخراوی (IOM) |
| | ئاوارەبوون | ڕێژەی سەدی ئەو خێزانە ئاوارانەی کە ناتوانن بگەڕێنەوە سەر ماڵ و حاڵی خۆیان لەبەرئەوەی خانووەکەیان زیانی بەرگەتووە یان داڕووخاوە لە ناوچەی زێدی خۆیان دا، ٢٠١٦-٢٠٢٠. | هەڵسەنگاندنی شوێنی یەکخراوی ١- ٥ی تۆماری بەدواداچوونی ئاوارەبوون (DTM)ی ڕێکخراوی (IOM) (٢٠١٦-٢٠٢٠) |
| ٦. مافی هەبوونی نیشتەجێبوونی پێویست | گەڕانەوە | ڕێژەی سەدی ئەو خێزانە گەڕاوانەی کە لەو شوێنانەدا دەژین کە چەندان حاڵەتی ڕووخان و خاپووربوونی شوێن نیشتەجێبوون هەیە | پێرستی گەڕانەوەی ١٢ی تۆماری بەدواداچوونی ئاوارەبوون (DTM)ی ڕێکخراوی (IOM) (٢٠١٦-٢٠٢٠) |
| | ئاوارەبوون | ڕێژەی سەدی ئەو خێزانە ئاوارانەی کەباسی ئەوەیانکرد کە کەسێکی دیکە لە خانووەکەیان دایە لە شوێنی پێشووی خۆیان دا (کەمێکیشیان باسی ئەوەیانکرد کە خاوەن خانووی خۆیان لە شوێنی زێدیان و خانووەکەش بۆ ژیان دەشێت. | توێژینەوەی ئاوارەبوونی شاریی تۆماری بەدواداچوونی ئاوارەبوون (DTM)ی ڕێکخراوی (IOM) |

| | | | |
|---|---|---|---|
| | گەڕانەوە | ڕێژەی سەدی ئەو خێزانە گەڕاوانەی کە لەو شوێنانەدا دەژین کە هیچ کام لە خانووەکان تیایاندا بنیات نەنراوەتەوە | پێرستی گەڕانەوەی ١٢ی تۆماری بەدواداچوونی ئاوارەبوون (DTM)ی ڕێکخراوی (IOM) (٢٠١٦-٢٠٢٠) |
| | گەڕانەوە | ڕێژەی سەدی ئەو خێزانە گەڕاوانەی کە لەو شوێنانەدا دەژین کە تیایاندا باشترکردنی شوێنەکانی حەوانەوەیان یەکێکە لە پێویسترین پێداویستییەکانیان | هەڵسەنگاندنی شوێنی یەکخراوی ٥ی تۆماری بەدواداچوونی ئاوارەبوون (DTM)ی ڕێکخراوی (IOM) |
| ٧. مافی ئازادی لە جوڵە و هاتووچۆ | ئاوارەبوون | ڕێژەی سەدی ئەو خێزانە ئاوارانەی کە لەو شوێنانەدا دەژین کە تیایادا جوڵە و هاتووچۆکردن سنووردارە | هەڵسەنگاندنی شوێنی یەکخراوی ٥ی تۆماری بەدواداچوونی ئاوارەبوون (DTM)ی ڕێکخراوی (IOM) |
| | گەڕانەوە | ڕێژەی سەدی ئەو خێزانە گەڕاوانەی کە لەو شوێنانەدا دەژین کە تیایادا جوڵە و هاتووچۆکردن سنووردارە | هەڵسەنگاندنی شوێنی یەکخراوی ٥ی تۆماری بەدواداچوونی ئاوارەبوون (DTM)ی ڕێکخراوی (IOM) |
| | گەڕانەوە | ڕێژەی سەدی ئەو خێزانە گەڕاوانەی کە لە شوێنانەدا دەژین کە ڕووداوی ڕێگریکردن لەگەڕانەوە ڕوویداوە | هەڵسەنگاندنی شوێنی یەکخراوی ٥ی تۆماری بەدواداچوونی ئاوارەبوون (DTM)ی ڕێکخراوی (IOM) |
| | ئاوارەبوون | ڕێژەی سەدی ئەو خێزانانە ئاوارانەی کە ویستی گەڕانەوەیان هەیە بۆ سەر ماڵ و حاڵی خۆیان لە ماوەی ١٢ مانگی داهاتوودا چونکە دۆخی ئەمنی ناوچەی زێدیان جێگیرە | هەڵسەنگاندنی ٨ پێویستی گروپە جۆراوجۆرەکان لە لایەن دەمەزراوەی REACH |
| | ئاوارەبوون | ڕێژەی سەدی ئەو خێزانە ئاوارانەی کە پێویستیان بە زانیاری ڕاست و دروست و ووردترە دەربارەی ناوچەی زێدیان تا بگەڕێنەوە | توێژینەوەی ئاوارەبوونی شاریی تۆماری بەدواداچوونی ئاوارەبوون (DTM)ی ڕێکخراوی (IOM) |
| | ئاوارەبوون | ڕێژەی سەدی ئەو خێزانە ئاوارانەی کە باسی هۆکاری جیاجیانکرد لەسەر نەبوونی زانیاری پێویست دەربارەی ناوچەی زێدیان | توێژینەوەی ئاوارەبوونی شاریی تۆماری بەدواداچوونی ئاوارەبوون (DTM)ی ڕێکخراوی (IOM) |
| ٨. مافی گەڕانەوەی ئارەزوومەندانە و سەلامەت و شکۆدار | ئاوارەبوون | ڕێژەی سەدی ئەو خێزانە ئاوارانەی کە لە بنەڕەتدا هی قەزا جیاوازەکانن | توێژینەوەی ئاوارەبوونی شاریی تۆماری بەدواداچوونی ئاوارەبوون (DTM)ی ڕێکخراوی (IOM) |
| | ئاوارەبوون | ڕێژەی سەدی ئەو ئاوارانەی داواکاریان بۆ قەرەبووکردنەوە پێشکەشکردووە | دەستگەیشتنی ئاوارەناوخۆییەکانی عێراق بە چارەسەرە هەمیشەییەکانی ڕێکخراوی (IOM): گەشەپێدان و بەرەودان بە شێواز و سیاسەتی کار بۆ باشتر چارەسەرکردنی کێشە و گرفتەکان |

| | | | |
|---|---|---|---|
| | ئاوارەبوون | ڕێژەی سەدی ئەو ئاوارانەی کە داواکاریان بۆ شوێنی نیشتەجێبوون پێشکەشکردووە لەڕێگەی سکاڵاوە (لەچاوەڕوانی دایە، پەسندکراوە، ڕەتکراوەتەوە) | دەستگەیشتنی ئاوارەناوخۆییەکانی عێراق بە چارەسەرە هەمیشەییەکانی ڕێکخراوی (IOM): گەشەپێدان و بەرەودان بە شێواز و سیاسەتی کار بۆ باشتر چارەسەرکردنی کێشە و گرفتەکان |
| | ئاوارەبوون | ڕێژەی سەدی ئەو خێزانانەی کە ئاگاداری لیژنەی قەرەبووکردنەوەن لەلایەن حکومەتەوە کە بۆ مەبەستی کارئاسانیکردنی قەرەبووکردنەوەی بۆ ڕووخان و لەناوچوونی موڵکیان پێکهێنراوە. | توێژینەوەی ئاوارەبوونی شاریی تۆماری بەدواداچوونی ئاوارەبوون (DTM)ی ڕێکخراوی (IOM) |
| | ئاوارەبوون | ڕێژەی سەدی ئەو خێزانە ئاوارانەی کە داواکاریان پێشکەشکردووە یان دەستیان بە میکانیزمەکانی گێڕانەوە یان قەرەبووکردنەوە دەگات کە لەلایەن لیژنەی ناوەندی قەرەبووکردنەوەی زیان لێکەوتووان و زیان بەرکەوتووان سەرپەرشتیدەکرێت (CCCA) (ئاماژە بە یاساکە کراوە لە ڕاپۆرتەکەدا) | توێژینەوەی ئاوارەبوونی شاریی تۆماری بەدواداچوونی ئاوارەبوون (DTM)ی ڕێکخراوی (IOM) |
| **١- مافی تۆمارکردنی خانوو، زەوی و موڵک و بە دۆکیومێنتکردنی** | ئاوارەبوون | ڕێژەی سەدی ئەو خێزانانەی کە باسی هەبوونی بەڵگەنامەی خانوو، زەوی موڵکیان کرد. | دامەزراوەی ڕیچ (REACH) هەڵسەنگاندنی پێویستییەکانی گروپە جۆراوجۆرەکان ٨. |
| | ئاوارەبوون | ڕێژەی سەدی ئەو خێزانانەی کە باسی هەبوونی خانوویانکرد لە شوێنی زێدی خۆیان. | توێژینەوەی ئاوارەبوونی شاری تۆماری بەدواداچوونی ئاوارەبوونی ڕێکخراوی (IOM). |
| | ئاوارەبوون | ڕێژەی سەدی ئەو خێزانانەی کە باسی باری جیاوازی هەبوونی بەڵگەنامەی خاوەندارییەتیکردنی خانوو، زەوی موڵکیان کرد. | توێژینەوەی ئاوارەبوونی شاری تۆماری بەدواداچوونی ئاوارەبوونی ڕێکخراوی (IOM). |
| **٢- مافی دەستگەیشتن بە قەرەبووکردنەوە و گێڕانەوە** | ئاوارەبوون | ڕێژەی سەدی ئەو خێزانانەی کە باسی هەبوونی هۆشیاریانکرد لەسەر قەرەبووکردنەوەی خانوو، زەوی موڵکی لە دەستچوو و تێکچوویانکرد. | ڕێکخراوی (IOM) دەستگەیشتن بە چارەسەرە هەمیشەییەکان لە عێراق دا: پێنج ساڵ لە ئاوارەبوون. |
| | ئاوارەبوون | ڕێژەی سەدی ئەو خێزانانەی کە داواکاریان بۆ قەرەبووکردنەوەی خانوو، زەوی و موڵکی لە دەستچوو و تێکچوو پێشکەشکردووە. | ڕێکخراوی (IOM) دەستگەیشتن بە چارەسەرە هەمیشەییەکان لە عێراق دا: پێنج ساڵ لە ئاوارەبوون. |
| | ئاوارەبوون | ڕێژەی سەدی ئەو خێزانە ئاوارە و گەڕاوانەی کە باسی باری داواکارییەکانیان بۆ قەرەبووکردنەوەی خانوو، زەوی و موڵک کرد. | ڕێکخراوی (IOM) دەستگەیشتن بە چارەسەرە هەمیشەییەکان لە عێراق دا: پێنج ساڵ لە ئاوارەبوون. |

## ئەستۆپاکی

ئەو دیدوبۆچوونانەی لەم ڕاپۆرتەدا دەربڕدراوە لەبنەڕەتدا ڕەنگدانەوەی ڕێکخراوی نێودەوڵەتی کۆچ (IOM) نین. دەستنیشانکردن و خستنەڕووی کەرستەکانی ناو ئەم ڕاپۆرتە نە بەمانای واگەیاندن و دەربڕینی هیچ دیدوبۆچوونێکی ڕێکخراوی نێودەوڵەتی کۆچ لەسەر لایەنی یاسایی وڵات، هەرێم، شار و ناوچە یان هی لایەنی یاسایی دەسەڵاتداران و کاربەدەستانی ئەو شوێنانە دێت، نە بەهی لایەنی جوگرافی و سنووری دێت.


کۆمەڵگەی یۆنامی (دیوان٢)،

ناوچەی نێودەوڵەتی،

بەغداد/عێراق

iraq.iom.int

iomiraq@iom.int

IOMIraq@


COMPASS

Guiding safe migration

IOM

UN MIGRATION


ڕێکخراوی نێودەوڵەتی کۆچ (IOM) ٢٠٢٢



ئەم ڕاپۆرتە لەلایەن پرۆژەی (COMPASS) حکومەتی هۆڵەنداوە پاڵپشتی ماددی و دارایی کراوە. داتاکانی ناو ئەم ڕاپۆرتە لەڕێگەی پرۆژەیەکەوە کۆکراوەتەوە کە لەلایەن نووسینگەی دانیشتوان، پەنابەران و کۆچ (PRM) و ئاژانسی کۆمەک و هاوکاری نێودەوڵەتی ویلایەتە یەکگرتووەکانی ئەمریکا (USAID) پاڵپشتی ماددی کراوە.



نابێت هیچ بەشێکی ئەم بڵاوکراوەیە دووبارە بەرهەمبهێنرێتەوە، لە نێو سیستەمێکی گەڕاندنەوەدا هەڵبگیرێت، یان بگوازرێتەوە بەهەرجۆرێک یان ڕێگە و هۆکارێکی ئەلیکترۆنی، میکانیکی، چاپکردن و تۆمارکردن، بەبێ مۆڵەتپێدانی بەنووسراوی پێشوەختەی لایەنی بڵاوکەرەوە.